شانۆی منداڵان

# زمانی دایك



## شوانە ئەحمەد

شوانە ئەحمەد
زمانی دایك
شانۆی منداڵان

چاپی 2

شانۆی مندڵان

# زمانی دایك

## شوانە ئەحمەد

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | زمانی دایك |
| نووسەر: | شوانە ئەحمەد |
| ناوەڕۆک: | ماهر حەسەن |
| بەرگ: | سامی سەباح |
| چاپ: | چاپی یەکەم - 2013/ چاپی دووەم – 2023 |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (2467)ی
ساڵی (2013)ی پێ سپێردراوە.

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە ©
بەبێ ڕەزامەندی نووسەر، هیچ کەس و لایەنێک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات،
مافی کۆپیکردن و لە چاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە.

SHWANA AHMED
Mother Tongue

Text designer: Maher Hassan
Cover designer: Sami Sabah
1st Edition 2013. 2nd Edition 2023

Full name: Abdulwahhab Hamad Ahmed (Shwana Ahmed)
living in Erbil, Kurdistan
Facebook: shwanaahmed.official
Instagram: @shwana.ahmed.official

## شانۆی منداڵان

بڕوام وایە کە شانۆی منداڵان، یەکێکە لە گەورەترین داهێنراوەکانی سەدەی بیستەم" ئەمە وتەی "مارك تووەین"ە لەبارەی شانۆی منداڵانەوە. شانۆی منداڵان وەك بەشێك لە ئەدەبی منداڵان بە باشترین و گرنگترین ڕێگەی ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردن و گەشەکردنی کەسایەتی منداڵان دادەنرێت هەر لە ساڵانی یەکەمی تەمەنییەوە. هەر ئەم گرنگییە وای لە شکسپیر کردووە بڵێت: (شانۆم بدەرێ گەلێکی مەزنت دەدەمێ یان نان و شانۆم بدەرێ من گەلێکی ڕۆشنبیرت دەدەمێ)

پەرتووکی (زمانی دایك) سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردە و فێرکردنی منداڵانە، هەنگاوێکە بۆ ڕۆشنبیرکردن و ئاشناکردنییان بە ڕەوشتە جوانەکان و ڕەفتارە باشەکان و کەلتووره ڕەسەن و زمانە شیرینەکەی دایك، ڕێگایەکە بۆ مامۆستایان و دەرهێنەرانی شانۆی منداڵان تا بتوانن بە ئاسانترین و سادەترین شێوە پەیامە گرنگەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و هۆشیاری بگوازنەوەی بۆ منداڵان.

# پێڕست

شانۆگەری یەکەم: چاوپشیلە و دەنگ قەڵەڕەش.
شانۆگەری دووەم: سێ هاوڕێ گەشتیارەکە.
شانۆگەری سێیەم: وانەی یەکەم.
شانۆگەری چوارەم: زمـــانی دایـــک.
شانۆگەری پێنجەم: پاشای دارستان.
شانۆگەری شەشەم: جەژنی منداڵان (1\6).
شانۆگەری حەفتەم: نێرگزەکانی مام نەورۆز.
شانۆگەری هەشتەم: شێر و مشك.
شانۆگەری نۆیەم: سەگە گوێکورت و کەرەبۆر.
شانۆگەری دەیەم: قاز و مریشکەسوور.
شانۆگەری یازدەیەم: سەگ و گورگەشین.
شانۆگەری دوازدەیەم: حەوت برا.
شانۆگەری سێزدەیەم: مانگ و ئەستێرە.
شانۆگەری چواردەیەم: چوار پێنووسەکە.
شانۆگەری پازدەیەم: بولوبولی دەنگخۆش و چۆلەکەی ئازاد.

شانۆگەری شازدەیەم: پیرەدار و خونچەگوڵ.
شانۆگەری حەڤدەیەم: کورسییە دارەکە.
شانۆگەری هەژدەیەم: منداڵانی دراوسێ.
شانۆگەری نۆزدەیەم: ئامۆژگارییەکانی داپیرە.
شانۆگەری بیستەم: بولبولی قسەخۆش و تووتی زۆربڵڵێ.
شانۆگەری بیست و یەکەم: ئەستێرەی کڵاوسپی.
شانۆگەری بیست و دووەم: کاکۆی چیرۆکخوان.
شانۆگەری بیست و سێیەم: میوەکان.
شانۆگەری بیست و چوارەم:  چەقۆی دەم درێژ.
شانۆگەری بیست و پێنجەم: مام ماری کەلۆس.
شانۆگەری بیست و شەشەم: ڕێوی فێڵباز.
شانۆگەری بیست و حەفتەم: مام ورچی دانا.
شانۆگەری بیست و هەشتەم: خاکی دایك.
شانۆگەری بیست و نۆیەم: کینۆی ئاژەڵدۆست.
شانۆگەری سییەم: داوای لێبوردن دەکەم.

شانۆگەری سی و یەکەم: سوپاس دایە یانینە.
شانۆگەری سی و دووەم: مڵچەمڵچ.
شانۆگەری سی و سێیەم: بروسکی دەنگ گەورە.
شانۆگەری سی و چوارەم: ئۆلانی کڵاوشین.
شانۆگەری سی و پێینجەم: مرۆڤ.
شانۆگەری سی و شەشەم: کیسەڵی دنیادیتە.
شانۆگەری سی و حەفتەم: منداڵانی باکوور.
شانۆگەری سی و هەشتەم: مامۆستا زارا.
شانۆگەری سی و نۆیەم: مافەکانی منداڵان.
شانۆگەری چلەم: چرۆی نوقڵ.
شانۆگەری چل و یەکەم: چیرۆکی ئەمشەو.
شانۆگەری چل و دووەم: سێ هاوڕێ کچەکە.
شانۆگەری چل و سێیەم: پشیلەی میوان.
شانۆگەری چل و چوارەم: ڕۆژی ئاڵا.

شانۆی یەکەم

# چاو پشیلە و دەنگ قەڵەڕەش

**بابەت**

**( ڕەوشتبەرزی و سوپاسگوزاری )**

# کەسایەتییەکان:

**یەکەم:چاوپشیلە"**

(چاوەکانی ماکیاژ کراوە لە شێوەی چاوی پشیلە و ڕەنگی جلەکانیشی لە ڕەنگی پشیلە" لەگەڵ ئەوە کلکێکی درێژی پێوەیە).

**دووەم: دەنگ قەڵەڕەش"**

(بە جلێکی سەرتاپا ڕەشی هاوشێوەی قەڵەڕەش دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەمەش قژی هاوشێوەی پۆپیتەی کەڵەشێر بەرزکردۆتەوە).

**سێیەم: کۆمەڵێک منداڵ"**

(کۆمەڵێك منداڵ هەموویان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە بە دڵخۆشی دەردەکەون).

(چاو پشیلە لە دەورووپشتی دەنگ قەڵەڕەش دەخولێتەوە و جارێک خۆی نەوەی دەکات و جارێکی دیکە خۆی بەرز دەکاتەوە، دواتر دەچێتە شوێنێکی بەرز)

**چاوپشیلە:** (بە دەنگێکی نزم) میاو"میاو"میاو، (دەنگ قەڵەڕەش دەشێوێت).

**چاوپشیلە:** (ئەمجارە چاوپشیلەش بە تورەییەوە) میاو.

**دەنگ قەلەڕەش:** (دەشڵەژێ و بەتووڕەییەوە) قواغ قواغ قواغ، چاو پشیلە ئەوە چی دەکەیت لێرە.

**چاوپشیلە:** میاو میاو، دەنگ قەڵەڕەشی پیاو، من چاو پشیلەم، زۆر بە فێڵ و حیلەم، من پێشتر منداڵێکی زۆر جوان بووم، بەڵام زۆر هاوڕێیەتی پشیلە خراپەکان و سەگە خراپەکانی دراوسییەکانم کرد، ئاوام لێهات، ئەی تۆ بۆ دەنگت گۆڕاوە؟

**دەنگ قەڵەڕەش:** من پێشتر دەنگم ناسك و خۆش بوو، بەڵام بە دەنگی خۆم ڕازی نەبووم و لاسایی دەنگی تووتی و هەڵۆم دەکردەوە و بەوان سەرسام بووم و دەنگی خۆم فەرامۆش کرد تا بەیانییەك هەڵسام دەنگم بەم شێوە ناخۆشەی لێهاتبوو و دەنگی خۆشم بیرچووبووە و چەند هەوڵمدا نەمتوانی وەك جاران دەنگم دەرکەم.

**چاو پشیلە:** ئەی بۆ وادەڕۆیت و ڕۆیشتنت گۆڕاوە.

**دەنگ قەڵەڕەش:** قواغ قواغ قواغ... من پێشتر وەکو چۆلەکە دەڕۆیشتم زۆر خێراو جوان، هەمیشە شایی و هەڵپەرکێی کوردیم دەکرد لەگەڵ هاوڕێیەکانم، کەس نەیدەتوانی بمگرێت و لە قەفەسم بکات، بەڵام سوپاسگوزار نەبووم، ویستم وەکو کۆتر بڕۆم، کە چاوم لە کۆتر کردو وازیشم لە ڕۆیشتنی خۆم هێناو هەمیشە خەریکی لاسایی کردنەوەی ڕۆیشتنی ئەم و ئەوبووم، لەو کاتەوە ڕۆیشتنی خۆشم بیر چۆوە ئاوام لێهات.

**چاو پشیلە:** ئەی ئێستا دەتوانی گۆرانی بڵێی؟

**دەنگ قەڵەڕەش:** (نا ناتوانم، دەنگم تێک چوواغ چواغ).

چاو پشیلە لە پڕ دەست دەکات بە گۆرانی گوتن، لە دەوروبەری چاوپشیلە دەخولێتەوە بە سەماو هەڵپەڕکێوە)

**چاوپشیلە:**
**پشیلەم جوان و خاڵ خاڵ**
**تووک نەرم و نۆڵی چاوکاڵ**
**گوێ کورت و سمێڵ قیتم**
**وریا و بە هۆش و زیتم**
**خۆشە میاوە میاوم**
**جوانە بریقەی چاوم**

**چاوپشیلە:** (دواتر چاو پشیلە دوو سێ جار بە ئاوازەوە)
میاو ... میاو میاو میاو.

**قەڵەڕەش:** (بە ئاوازەوە)
**قواغ قواغ قواغ من قەڵە ڕەشم**
**من قەڵەڕەشی ڕوو ڕەشم**
**زمانی خۆم فەرامۆشکرد**
**فێڵم لە خۆم و تۆشکرد**
**لاسایی کەرەوەبووم**
**هەردەم لە دەرەوەبووم**
**ئێستاکەش من پەشیمانم**
**خۆشم ئەوێ ژیانم**
**ئەمەوێ وەکو خۆم بم**
**خەریکی هاتوچۆبم**

(چاوپشیلە بە چاوێکی وەکو هی پشیلە دەمێک چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەمێک چاوەکانی تیژ دەکات و برۆکانی وێک دێنێت و جارێک سەری لە دەنگ قەڵەڕەش دێنێتە پێشەوە و لە پەڕەکانی سەریەوە تا بنی پێی بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانێت، جارێکی دیکە هەر لە جێگەی خۆی سەری دەباتە پشتەوە و بە سەر سامییەوە چاوەکانی زەق دەکاتەوە لە دەنگ قەڵەڕەش).

(قەڵەڕەشیش بە چاوێکی خەمگینانە لە چاوپشیلە دەڕوانێت).

**چاوپشیلە:** تۆ پەشیمانی !

(دەنگ قەڵەڕەش بە دەنگێکی خەمناک و بە هەنسک و گریانەوە)

**دەنگ قەڵەڕەش:** قواغ قواغ بەڵێ زۆر پەشیمانم.

(چاوپشیلە پشتی خۆی کۆم دەکاتەوە بە ڕۆیشتنێکی فێڵ بازانەوە بە دەوری دەنگ قەڵەڕەش دەخولێتەوە)

**چاوپشیلە:** ئەگەر ڕاستەکەی دەی پەیمانێک ببەستە، جارێکی دیکە ئەم کارانە نەکەیتەوە.

(دەنگ قەڵەڕەش ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و بە هێواشی یەک دوو جار خۆی دەسوڕێنێت بەم لاو بەولا دەسوڕێنێت و دواتر سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و بە ڕووخسارێکی خەمگینانە)

**دەنگ قەڵەڕەش:** بە خودا پەشیمانم، زۆر زۆر پەشیمانم چاوپشیلە گیان.

( دەنگ قەڵەڕەش لە گریان و هەنسک بەردەوام دەبێت و ناوەستێ)،

**چاوپشیلە:** (چاوپشیلە بە خێرایی لە دەوروبەری دەنگ قەڵەڕەش دەخولێتەوە و دوور دەڕوات دواتر دەگەڕێتەوە، لاسایی دەنگ قەڵەڕەش دەکاتەوە) هههههه مممممم.

**چاوپشیلە:** (چاوپشیلە وەک دەنگی قەڵەڕەش هەنسک و گریان دەکات بەڵام بە گاڵتەکردنەوە) میاو میاو میاو، دەنگ قەڵەڕەش تۆ هێشتا نەبوویتە پیاو.

**دەنگ قەڵەڕەش:** (بە هاوارکردنەوە) قواغ قواغ قواغ. من پەشیمانم پەشیمان، چاوپشیلە گیان دەستت بێنە با بەڵێن بدەم جارێکی تر نەگەڕێمەوە سەر ئەم کارانە.
**دەنگ قەڵەڕەش:** لە سەر دەستی چاو پشیلە و (دەستی بۆ هەموو لایەک درێژ دەکات بەرەو ئاسمان) لە سەر دەستی هەموو منداڵان (بە دەنگێکی بەرز) من دەنگ قەڵەڕەش پەیمان دەدەم چیتر لاسایی دەنگی هاوڕێ باڵندەکانم نەکەمەوە، هەروەها لاسایی ڕۆیشتنی هاوڕێ باڵندەکانم نەکەمەوە و هەمیشە شانازی بە دەنگ خۆم و ڕۆیشتنی خۆم بکەم.
(لەگەڵ چاوپشیلە دەست لە ملی یەکتر دەکەن و یەکتر ماچ دەکەن)
(دەنگ قەڵەڕەش دەستەکانی لەناو دەستی چاو پشیلە دەردێنێت و بەرەو لایەکی دیکە دوور دەکەوێتەوە )
**دەنگ قەڵەڕەش:** هاوڕێیان من کۆترم، کۆتر، ئیتر نامەوێ ببمەوە بە قەڵەڕەش (ماسکەکەی سەری کە هی قەڵەڕەشە لەسەری دادەکەنێت و بۆ دوور هەڵیدەدات) ژیانی قەڵەڕەشی زۆر ناخۆشە، ژیانی قەڵەڕەش هەموو هەر ڕەنگی ڕەشە، خۆشی تیا نییە، یاری تیا نیە، گەشتی تیا نییە، پێکەنینی تیانییە، هاوڕێیەتی تیانییە، کەس هاوڕێیەتی قەڵەڕەش ناکات، ئیتر نامەوێت ببمەوە بە قەڵەڕەش نا هەرگیز.
(لەگەڵ ئەم بینراوانەدا پارچە موزیکێکی زۆر خەمناک دەڕوات، کە هەمیشە دەنگ قەڵەڕەش گریان بە دەنگییەوە دەبیسترێت)
(دەنگ قەڵەڕەش کراسەکەی بەری دادەکەنێت کە لە ژێرەوە بلوزێکی سپی لەبەرە دواتر کراسە ڕەشەکە فرێدەدات)
**دەنگ قەڵەڕەش:** مامۆستای دەرهێنەر، (ناوی دەرهێنەری شانۆ دەهێنێت) من نامەوێت ببمە قەڵەڕەش، چیتر ئەم ڕۆڵە نابینم، من کۆتر دەمەوێت هەر ڕۆڵی کۆتر ببینم، ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆم" (ڕوو لە بینەرەکان دەکات) ئێوەش وەکو من دەست بەرزکەنەوە پەیمان بەستن کە

وەک من نەکەونە هەڵەوە، ئێوەش خۆتان بن، نەکەن ببنە باڵندەی گۆشت خۆر و ببنە قەڵەڕەشی دەنگ ناخۆش .

(دەنگ قەڵەڕەش ڕووی بەهەموو لایەک دەسوڕێنێت و ڕوو لە هەموو منداڵانی دانیشتووی نێو شانۆگەرییەکە دەکات)

**دەنگ قەڵەڕەش:** ئەگەر چوونە دارستان گوێ لە باڵندەکان بگرن بەڵام لاساییان مەکەنەوە" تەماشایی فڕینیان بکەن" بەڵام وەکو ئەوان مەفڕن" سەیری ڕۆیشتنی ئەوان بکەن بەڵام وەکو ئەوان مەڕۆن" چونکە هەر گیاندارێك جۆرێك ڕۆیشتن خۆی هەیە دەبێت شانازی پێوە بکات" هەر باڵندەیەك جۆرە فڕینێکی تایبەت بەخۆی هەیە دەبێت شانازی بە فڕینی خۆیەوە بکات و لاسایی فڕینی ئەوانی دیکە نەکاتەوە" هەر باڵندەیەك بەجۆرێك دەخوێنێت دەبێت شانازی بە دەنگی خۆیەوە بکات و لاسایی دەنگی ئەوانی دیکە نەکاتەوە.

(چاوپشیلە بە دەوری قەڵە ڕەش دەخولێتەوە)

**چاوپشیلە:** وەرە دەنگ قەڵەڕەش با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، پێشتر باوکم بۆی گێڕاومەتەوە و ئەویش باپیرەی بۆی گێڕابووەوە.

**چاوپشیلە:**

(لە پڕ نزیکەی (10) منداڵ بە جلوبەرگی ڕەنگاورەنگەوە و بە دەنگی پێکەنین و گاڵتەوگەپەوە دێنە سەر تەختەی شانۆ).

( چاوپشیلە و دەنگ قەڵەڕەش بە سەرسورمانەوە لەم کۆمەڵە منداڵە دەڕوانن و کە هەموویان لە چواردەورەی چاوپشیلە و دەنگ قەڵەڕەش بازنە دەبەستن و چاو پشیلە و دەنگ قەڵەڕەشیش سەیری یەکتر دەکەن، منداڵەکان سەیری یەکتر دەکەن و زەردەخەنە بە ڕووی یەکتر دەنوێنن و دواتر سەیری دەنگ قەڵەڕەش و چاوپشیلە دەکەن)

**چاوپشیلە:** ئێوە کێن ؟ بۆ هاتوونە ئێرە؟ کێ بە ئێوە گووت وەرنە ئێرە؟

(بە زمانی پرسیارکردنەوە ڕوو لە دەنگ قەڵەڕەش دەکات)

دەنگ قەڵەڕەش ئەمانە هاوڕێی تۆن؟

(دەنگ قەڵە ڕەش بە سەرسوڕمانەوە ڕوو لە چاوپشیلە دەکات)

**دەنگ قەڵەڕەش:** نەخێر ئەمانە هاوڕێی من نین چاوپشیلە، یەکەم جارە بیانبینم.
(چاو پشیلە دیسان ڕوو لە منداڵەکان دەکاتەوە)
**چاو پشیلە :** دەی پێم بڵێن: ئێوە کێن ؟
(یەکێک لە منداڵەکان بە نوێنەرایەتی هەموو منداڵەکان دێتە نزیک چاوپشیلە و دەنگ قەڵەڕەش و دەست بۆ دەنگ قەڵەڕەش هەڵدەبڕێت)
**منداڵێک:** ئەی قەڵەڕش نەیگوت: ئەی منداڵان گوێڕایەڵی من بن، سەردەکەون، ئێمەش منداڵانیش هاتووین لەگەڵ قەڵەڕەش پەیمان ببەستین.
**منداڵی یەکەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
من لەمەودوا وەک قەڵەڕەش واز لە لاسایی کردنەوەی ئەوانی دیکە دێنم.
**منداڵی دووەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
منیش چیتر لاسایی دەنگی کەسانی دیکە ناکەمەوە.
**منداڵی سێیەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
منیش هەرگیز لاسایی ڕۆیشتنی ئەوانی دیکە ناکەمەوە.
**منداڵی چوارەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
منیش هەرگیز گاڵتە بە دەنگی کەس ناکەم
**منداڵی پێنجەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
منیش هەرگیز دەنگی خۆم فەرامۆش ناکەم.
**منداڵی شەشەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
منیش هەرگیز ڕێگە و ڕۆیشتنی تایبەتی خۆم فەرامۆش ناکەم.
**منداڵی حەفتەم:** (دێتە پێشەوە و دەست هەڵدەبڕێتە ئاسمان)
بەڵێن بێت بە دەنگی تایبەتی خۆم و بە شێوازی ڕۆیشتنی خۆم بژیم.
(هەموو منداڵەکان بەیەکەوە ئەم ڕستەی منداڵی حەفتەم دەڵێنەوە و چاوپشیلە و دەنگ قەڵەڕەشیش بە سەرسامیەوە سەیریان دەکەن)، (دەنگ

قەڵەڕەشیش لەنێو هەموویان دەستی بەرز دەکاتەوە و بە زەردەخەنەوە هاوار دەکات)

**دەنگ قەڵەڕەش:** منیش چیتر دەنگ قەڵەڕەش نیم، ئێستا من کۆترم، کۆتری ئاشتی و پاکی ئەی منداڵەکان.

(لەم نێوانەدا چاوپشیلە و دەنگ قەڵە ڕەشیش زۆر خۆشحاڵ دەبن)

**منداڵەکان:** پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە.

(دەنگ قەڵەڕەش و چاوپشیلەش دەستی منداڵەکانی دیکە دەگرن و هەموو بەیەکەوە دەست بە گۆرانی گوتن دەکەن):

**ئێمە هەموومان پاکین**
**خاوەن ڕەفتاری چاکین**
**دەست لەنێو دەستی یەکین**
**لەگەڵ یەکتری ڕێکین**
**جوان و رەوشت بەرزینە**
**گوڵێ هەر چوار وەرزینە**
**پشت لەیەکتری ناکەین**
**هەمیشە ڕوو لە چاکەین.**

شانۆی دووەم

# سێ هاوڕێ گەشتیارەکە

**بابەت**
**( ڕەوشتی ئاژەڵدۆستی و هاوڕێیەتی )**

## کەسایەتییەکان:

**یەکەم: شەپۆڵ"**
کوڕێکی تۆزێك قەڵەو بەڵام لاسار و هار و هاجە و خەریکی کاری خراپە و دەیەوێت هەموو شتێک بە دڵی خۆی بێت.

**دووەم: باران"**
کچێکی ئارامە و بەختەوەرە و حەزی بە گەشتکردنە.

**سێیەم: برووسک"**
کوڕێکی ژیر و هۆشمەندە و بیر ئەکاتەوە و هەموو شتێک بەڕاوێژ دەکات.

(شەپۆڵ، وەک ئەوەی بە دوای پەپولەیەک بکەوێت، بەپەلە و تۆزێک بە نیمچە ڕاکردنێکەوە لە دەستە ڕاستی شانۆوە دێتە سەر گۆڕەپانی شانۆ، بە دەستی ڕاستی جانتاکەی ڕادەکێشێت بە دوای خۆی و دەستی چەپیشی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و سەریشی لە ئاستی دەستەکەی دیکەی بەرزکردۆتەوە و ڕوو بەرەو ئاسمان بەلای چەپ و ڕاستی بە ئەستەم ئەملا و ئەولا دەکات)

**شەپۆڵ:** بۆ کوێ ئەفڕی، وەرە، من تۆم خۆش دەوێ، پەپولە جوانەکە، ئەی ئێمە هاوڕێ نەبووین.

(لە ناوەندی تەختەی شانۆ کە دەستی بۆ پەپولەکە درێژ دەکات، ڕادەوەستێت و هێواش هێواش دەستی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دەهێنێتە خوارەوە)

**شەپۆڵ:** (بە خەمبارییەوە) مەڕۆ، توخوا مەڕۆ، من هیچ هاوڕێیەکم نییە، پەپولەکەگیان، پەپۆ، پەپولەکەم، مەڕۆۆۆۆۆۆۆ تکایە.

(لەسەر تەختەی شانۆکە دەوەستێت و سەیرێکی دواوەی خۆی دەکات کە جانتاکە لە دەستە و لە پشتەوەیەتی ئینجا ئاوڕ لە جانتاکەی دەداتەوە)

**شەپۆڵ:** چییە تۆ بۆ بە دوام کەوتوویت.

(کڵاوەکەی سەری لە سەری دەکاتەوە و لە سەر پەنجەی شەهادەی دادەنێت سەیرێکی کڵاوەکەی دەکات و پێدەکەنێت)

**شەپۆڵ:** هاوڕێ تاقانەکەم با من و تۆ یاری بکەین.

(کڵاوەکەی بە سەری پەنجەی با دەدات و دەیسووڕێنێت، پاش دوو بۆ سێ جار سوڕانەوە ڕێك کڵاوەکە بە ئاسمان دەفڕێت کەمێک لەولاتر دەکەوێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی)

(بە دەمە کراوەکەی کە سەرسامی پێوەدیارە و وەك کەسێکی گاڵتەچی دەردەکەوێت و سەیری هەر چوار لای خۆی دەکات).

**شەپۆڵ:** چووی بۆ کوێ.

**شەپۆڵ:** (پشت سەری خۆی دەخورێنێت و بە دەنگێکی بەرز) کێ دەبێتە هاوڕێم، کێ یاریم لەگەڵ دەکات؟
(بۆلای جانتاکەی دەگەڕێتەوە و دەست بۆ جانتاکەی دەبات دەیخاتەوە پشتی خۆی دەکات و دەست بە گۆرانی دەکات).

**شەپۆڵ:** (بە ئاوازەوە)

**پەپولەکەم زوو هەڵفڕی**
**ئەم ئاسمانە و هەورەی بڕی**
**بەبێ ئەو من، لێرە تەنیام**
**گوتم: مەڕۆ، زۆریش گریام**
**ئیستا بەبێ هاوڕێ ماوم**
**لەگەڵ جانتام، لە گژ ڕاوم**
**ئەڕۆم بۆ ئەم دارستانە**
**جێی  ئاژەڵ و دڕندانە**

( جانتا کۆڵە پشتەکەی لە پشتی دەکات و سەیری ڕاست و چەپی خۆی دهەکات و بە خەمباری دەڕوات.
دوو هەنگاو دەنێت لەم دەمە کچێک کە ناوی بارانە بە دوای کوڕێک دەکەوێت کە ناوی  برووسکە و لە سەر تەختەی شانۆ توند جانتای پشتی برووسک دەگرێت)
**باران:** ئێستا گرتم، ڕانەکەیت.
**برووسک:** پێم بڵێ هاوڕێ بۆ کوێ دەچت؟
(برووسک دەستەکانی دەخاتە سەر هەر دوو چۆکی و بە هەناسە بڕکێو و ماندووبوونەوە هەناسەی قوڵ هەڵدەمژێت و هەناسەی قوڵ دەداتەوە)
**برووسک:** دەمەوێت بڕۆم بۆ ئەم دەشتە.

**باران:** (بەسەرساميیەوە) واو منيش دێم، دەزانيت چەند حەزەكەم گەشت بكەم.
**براووسک:** من دەچم هەندێک خۆڵ بۆ ژێر درەختی ماڵەكەمان دێنم.
(شەپۆڵ كە لەولاتر تۆزيک لەوان نزيک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بە جوڵەی گاڵتەجاڕانەوە وورد دەبێتەوە ئينجا پێ دەكەنێت)
**شەپۆڵ**: (بەدەنگێكی زڵ و تۆزێك خۆ بەزلزانییەوە) هاوڕێيان من ناوم شەپۆڵە، منيش حەزەكەم لەگەڵ ئێوە بێم.
**باران:** تۆ بۆ ئەتەوێت گەشت بكەيت.
**شەپۆڵ**: (زمانی تێك دەئاڵێت و بە شڵەژانەوە) من من.
(شەپۆڵ پەنجەكانی توند ئەكات و دواتر مستێک ئەداتە ناو لەپی و ئينجا قوڵەكانی ئەخورێنێت)
**شەپۆڵ**: (پشت سەری ئەخورێنێ) من من.
**شەپۆڵ**: (باران و براووسک سەيری يەكتر ئەكەن و زەردەخەنەيەک ئەكەن) ئەها من دەمەوێت لە وشكانی ڕاوی ئاژەڵان بكەم.
**براووسک:** (براووسک ڕوو لە شەپۆڵ) كوا دە بڵێ بزانين ئەم جانتايە چيت تيايە؟
**شەپۆڵ**: (شەپۆڵ جانتاكەی ئەكاتەوە و، دار لاستيكێک دەر ئەهێنێت) ئەمەم هێناوە تا چۆڵەكەی پێ بگرم و ئينجا لە شيشی بدەم و بيخۆم.
**باران**: (بەهاواركردنەوە) نا نا ئەمە خراپە، ئێمە نابێت گياندراران بكوژين.
**براووسک:** ( لەملاتر براووسک دوو هەنگاوی زڵ و گەورە ئەهاوێژێت و ڕوو لە شەپۆڵ ئەكات و جانتاكەی ئەكاتەوە و لە نێويدا هەندێ گەنم كە لەنێو عەلاگەيەكی ڕوونە پيشانی ئەدات) من ئەم گەنمەم هێناوە بۆ كۆترەكان ئەمەوێ كۆترێک بكەمە هاوڕێی خۆم.
**باران:** (ڕوو لە براووسک) تۆ چ كۆترێكت خۆش ئەوێت.

**برووسک**: ڕەنگی سپی چونکە ئەوکاتەی لە دایک بووم، دایکم گوتی: تۆ دەگریایت منیش بە قوماشێکی سپی دامپۆشیت، ئینجا ژێربوویتەوە، بۆیە منیش ڕەنگی سپیم خۆش ئەوێت.

**باران**: منیش حەز بە ڕەنگی سپی ئەکەم، چونکە کە منداڵ بووم دایکم چیرۆکی کچە وردیلەی بۆ دەگێرامەوە و دەیگوت: کچە وردیلە دایکی نەمابوو، هەموو شەو بۆ دایکی دەگریا، بۆیە هەموو شەوێك فریشتەیەک لەسەر شێوەی دایکی دەهاتە لای و لە باوەشی دەگرت، تا خەو دەیبردەوە، ئینجا فریشتەکە فرمێسکەکانی کچە وریلەی دەکردە مرواری و دواتر بۆی ڕیز دەکرد لە داوێک و دەیکردە ملوانکە و بۆی جێدەهێشت، کچە وریلە بەمجۆرە هەموو شەوێك دەبووە خاوەنی ملوانکەیەکی مرواری، تا وای لێ هات بووە دەوڵەمنترین کەس، دایکم دەیگوت ئەم فریشتەیە دوو باڵی سپی گەورەی هەبوو، هەر کەس دایکی نەبوبایە ئەو دەبوو بە دایکی. بۆیە منیش ڕەنگی سپیم خۆشدەوێت.

(شەپۆڵ لە جانتاکە چەقۆیەکی ڕەش دەردەهێنێت و باران و برووسك لە جێگەی خۆیان ڕادەچڵەکێن و تۆزێك دوور دەکەونەوە و بەسەرسامییەوە لێ دەڕوانن).

**برووسك** و **باران**: (بەوپەڕی سەرسامییەوە) وای خودایە ئەمە چییە؟

**شەپۆڵ**: (بەدەم پێکەنینەوە) هاوڕێیان ئەمە چەقۆیە، ئەم چەقۆیەم هێناوە بۆ ئەوەی درەختەکان ببڕینەوە و ئاگر بکەینەوە و لە دەورەیی هەڵپەڕکێ بکەین.

**برووسک**: (پەنجەی شەهادەی بەرز ئەکاتەوە و ڕوو لەشەپۆڵ) ئەی گوێت لە مامۆستا نەبووە، ئەڵێت: درختەکان وەک مرۆڤەکان هەناسە ئەدەن، ئێمە نابێت بیانبڕینەوە، ئەبێ ئاویان بدەین و پاک ڕایانگرین.

**شەپۆڵ**: (سەیری چەقۆکەی ئەکات کە لە دەستیەتی تۆزێک ئەکشێتەوە وەک ئەوەی لێ بترسێت، ئینجا چەقۆکە فڕێی ئەداتە بەر پێیی خۆی و دواتر بە لەقە ئەکەوێتە سەری) بەخوا سەری ئەبڕم مادەم وایە.

**باران**: (بە پێ ئەکەنینەوە) سەری چی ئەبڕیت؟.

**شەپۆڵ**: من من ...سەری ئەم چۆقیە ئەبڕم مادەم وا خراپە.
(برووسک وباران پێ ئەکەنن)
**باران**: (ڕوو لە برووسک) بابڕۆین، گەشتەکەمان بکەین.
**برووسک**: چۆن ئێمە ئەبێت گەورەیەکمان لەگەڵ بێت، نابێت بە تەنیا گەشت بکەین.
**شەپۆڵ**: (بە پێکەنینەوە) ئێوە ئەترسن لە ڕێگە؟
**برووسک**: (دەست ئەخاتە سەر شانی لە داوە) نا ناترسین، بەڵام ئەبێت گەورەیەکمان لەگەڵ بێت تا ڕێنماییمان بکات.
**باران**: ڕاستە گەورەکانمان، لە ئێمە زیاتر دنیایان دیوە، ئەی ئێمە چی بکەین؟
**شەپۆڵ**: باوکت تەمەنی چەندە؟
**باران**: پەنجا ساڵە.
**شەپۆڵ**: (لە نێو جانتاکەی ئەگەڕێت تا شتێک ئەدۆزێتەوە و دواتر پیشانی برووسکی ئەدات و بە پێکەنینەوە) ئەم پارەیە تەمەنی دوو سەد ساڵە، لە باوکت زۆر کۆنتر و گەورەترە، کەواتە پێویستمان بە گەورەکان نییە، ئەم پارەیەمان لایە.
**باران**: وای وای ئەمە هەڵەیە نابێت شتی گەورەکان ببەین، ئەبێت ئەم پارەیە بگەڕێنیەوە بۆ مۆزەخانە، ئەمە هی هەموومانە.
**شەپۆڵ**: (بە دەنگی بەرزەوە) ئەی ئێوە ناڵێن گەورەیەکمان لەگەڵ بێت، دەی ئەمە تەمەنی لەهەمووان گەورەترە.
**برووسک**: نەخێر مرۆڤ لە هەموو شتێک گەورەترە.
**باران**: واز لەم گفتوگۆیانە بێنن، ئەمڕۆ پشووە هاوڕێ، دەی با بڕۆین بۆ گەشتەکەمان.
**برووسک**: نەخێر نەخێر، ئەبێ گەورەیەکمان لەگەڵ بێت.
**باران**: کەواتە با بڕۆینەوە دەستی دایک و باوکمان بگرین و لە گەڵیان بچین بۆ گەشتکردن.

**شەپۆڵ**: بوەستن هاوڕێیان، ئەگەر ڕازین ببمە هاوڕێتان، منیش دێمەوە لەگەڵتان بۆماڵەوە، واز لە کارە خراپەکانم ئەهێنم.

**برووسک**: بە مەرجێک ئەم شتە خراپانەت جارێکی دیکە نەخەیتە ناو جانتاکەت.

(هەکاریش بە پەلە دەمی جانتاکەی ئەکاتەوە، کیسە هەڵماتێنە دەردەهێنێت و بە ئاستەم وەک ئەوەی لێ بێزار بێت فڕێی ئەدات، دواتر مەقەسێک دەرئەهێنێت، ئینجا دەمانچەیەکی پلاستیک دواتر چەرخێکی گەورە)

**باران**: پێویستە ئەم شتانە لێرە فڕێ نەدەی خراپە، تۆ ئیستا هاوڕێی ئێمەیت.

(شەپۆڵ دڵی خۆش ئەبێت و شتەکانی بە پەلە لە نێو جانتاکەی ئەنێتەوە سەمایەک دەکەن و دەستی یەک ئەگرن و گۆرانی دەڵێن):

**ئێمە سێ هاوڕێی پاکین**
**لەگەڵ یەکتری چاکین**
**کاری چاکمان خۆش ئەوێت**
**بۆیە چست و چالاکین**
**دەستی یەکتر بەر نادەین**
**بۆ هاوکاری ئامادەین**
**لە هەر جێگەیەکدا بین**
**لە قسەی گەوران لانادەین.**

شانۆی سێیەم

# وانەی یەکەم

**بابەت**

**( هاوڕێیەتی و فێربوون و ڕێزگرتن )**

## کەسایەتییەکان:

**یەکەم: سالار"**

منداڵێکی گاڵتەجار و هارو هاج و ژیر.

**دووەم: ئارام"**

مندڵێکی ئارام و کەم دووە.

**سێیەم: ستران"**

کچیکی ژیر و وریایە.

**چوارەم: کاردۆ"**

منداڵێکی لە تەمەنی ئەوانە و بەڵام بەشێوە و ڕووخسار لەوان گەورەتر دەردەکەوێت و هەستی بەرپرسیارەتی هەیە .

(لەنێو پولی قوتابخانەیەك دوو كوڕ بەناوەكانی سالار و ئارام و كچێكی قوتابی بە ناوی ستران كە هەر یەكێك جانتایەكی ڕەنگاوڕەنگی داوە بە كۆڵییەوە، بەپێكەنینەوە دێنە سەر تەختەی شانۆ، ئارام و ستران لە پشتەوە دادەنیشن ڕوو لە جەماوەر بەڵام سالار بە ڕووخساریكی گاڵتەجارانەوە هەر لە پشت ئەوانەوە دێت و لە پێشەوە بە پێچەوانەوە لەسەر كورسییەكە دادەنیشێت و ڕوو لە ستران و سالار و پشت لە جەماوەر ئەكات.

**ستران:** (بە سەرسامیەوە) بۆ وا دانیشتووی ئێستا مامۆستا دێت.

**سالار:** (بە قاقای پێكەنین و زمانێكی توندەوە) من چاودێری پۆلم، چۆنم بمەوێت ئاوا دادەنیشم، شازادە خانم.

(دیسان سالار لە قاقای پێكەنین دەدات تا دەیكاتە پێكەنینێكی گاڵتەجاڕانە).

**ئارام:** (هەڵدەستێتەوە) بوەستە ئەمە یەكەم ڕۆژی ساڵێكی نوێی خوێندنە، تۆ ساڵی پار چاودێری پۆل بوویت.

**ستران:** بەڵێ تۆ ئەمساڵ چاودێری پۆل نیت، ئێمە خۆمان قوتابییەكی زیرەک و ڕەوشت بەرز هەڵدەبژێرین.

**سالار:** ( ڕووی گرژ دەبێت و بە دەوری كورسییەكەی دەسوڕێتەوە و بەشێوەیەكی گاڵتەجارانە پەنجە بۆ سینگی دەبات ) من... من ئێستاش چاودێری پۆلم.

(لەپڕ كاردۆ دێتە ژوورەوە كە پێچەوانەی ئەوان جانتاكەی بە دەستەوە گرتووە).

**سالار:** (هەر بە تیلەچاوێک سەیری كاردۆ دەكات، ئینجا خێرا قاچەكانی بۆیەک دەهێنێتەوە و ڕوو لە منداڵەكان دەكات و گەرووی ساف دەكات (ئحم ئحمێک دەكات) هەڵسن...

(ئارام و ستران هەر دانیشتوون و هەڵناستن، پاشان لە قاقای پێكەنین دەدەن)

**کاردۆ:** (ڕوو لە سالار دەکات و بە زەردەخەنەوە) فەرموو دانیشە ئەی قوتابی خۆشەویست.
**ستران:** ئەمە ناوی سالارە، ساڵی پار چاودێری پۆلمان بوو.
(هەموو سەیری دەکەن و زەردەخەنەیەک دەکەن)
**کاردۆ:** من ناوم کاردۆیە، لە قوتابخانەی کوردستان بووم، خۆم گواستۆتەوە بۆ ئێرە.
**ستران:** (هەڵدەسێتەوە) منیش ناوم سترانە.
**ئارام:** (هەڵدەسێتەوە) منیش ناوم ئارامە.
**سالار:** (هەڵدەسێتەوە) منیش چاودێری پۆلم.
قوتابییەکان: (پێدەکەنن دواتر دەوقە لەگەڵ کاردۆ دەکەن) بەخێربێت بۆ قوتابخانەکەمان، (دواتر هەر کەسە و لە جێگەی خۆی دادەنیشێت)
**کاردۆ:** (ڕوویان تێدەکات) هاوڕێیان ئێوە چیتان کرد لە پشووی هاوین؟
**سالار:** (هەڵدەستێتەوە بە شێوازێکی گاڵتەجارانە، دەستی ڕاستی دەکاتە دەمانچە فووێک لە دەمی دەمانچەکە دەکات و ئینجا دەمانچە واتە دەستی ڕاستی لە ئاستی سەری ڕادەگرێت) من ئەم پشووی هاوینە چوومە خولی فیربوونی چونیەتی نواندن لە شانۆ.
(ئینجا دەستی ئاڕاستەی سینگی خۆی دەکاتەوە و بە دەنگێکی بەرز) تەق تەق تەق.
**سالار:** (ئینجا دەستی دەجوڵێنێت وەک ئەوەی دەمانچە بێت، لەگەڵ تەقەکە بە هەر دوو دەستی سینگی دەگرێت و بە دەنگێکی خەمناکەوە) ئاخ ئاخ .... هاوڕێیان بمبوررن.
(بە پێ خشاندن و پشت چەماندنەوە دەچێتەوە لای کورسییەکەی خۆی و ئینجا هەڵدەستێتەوە و دواتر پێدەکەنێت ئینجا منداڵەکانیش پێدەکەنن).
**کاردۆ:** پێمان بڵێ چی فێربوویت لەم خولە؟
**سالار:** (خولێک بە دەروی کاردۆ دەسوڕێتەوە) من لەم خولە فێربووم، چۆن زمانی هەموو شتێک بزانم، زمانی باڵندەکان، زمانی ئاژەڵەکان،
**ستران:** چۆن، خۆ باڵندە و ئاژەڵەکان قسە ناکەن؟!

**سالار:** (بەپێکەنینەوە) چۆن قسە ناکەن، ئەی بەیانیان گوێت لە کەڵەشێر نەبووە ؟
**سالار:** (وەک کەڵەشێر دەستەکانی لێک جیا دەکاتەوە سەری بەرز دەکاتەوە و دوو سێ شەپ لە سینگی دەدات) کوو کووو کوو.
(ئینجا بە دەنگێگی زل وەکو کەڵەشیر ) واتە لە خەو هەڵسن دەی.
**ئارام:** (بە پێکەنینەوە): هەی کەڵەشێر.
**سالار:** (جانتاکەی لە ملی دەکات و لە پێشەوەی شۆڕدەکاتەوە و وەک کەنغەر شەقاو دەهاوێت و دەستەکانیشی وەکو دەستی کەنغەر لە ئاستی سینگی بەرز دەکاتەوە و پەنجەکانی لە شێوەی دەستی کەنغەر لێ دەکات و ئینجا سەیری ئەملا و ئەملا دەکات و دەڕوات).
**سالار:** هاوڕێیان کێ دەزانێ ئەم ئاژەڵە ناوی چییە؟
**ستران:** ئەمە کەنغەرە.
(هەموو بەیەکەوە چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و سالاریش بە شێوەیەکی نمایشی شانۆیی دەستی دەنێت بە سینگییەوە سەری خۆی بۆیان نەوی دەکات)
**کاردۆ:** ئێی چی دیکە فێربوویت زۆر گرنگ بێت؟
**سالار:** فێربووم چۆن لاسایی مرۆڤە خراپەکان و مرۆڤە باشەکان بکەمەوە.
**ستران:** بەڵام باپیرەم دەیگوت: نەکەن لاسایی مرۆڤە خراپەکان بکەنەوە.
**سالار:** بەڵێ من مەبەستم شانۆیە، بۆ نموونە لاسایی تۆ بکەمەوە.
**سالار:** (لاسایی ستران دەکاتەوە و ئەم ڕستەیەی ئەو دەردەبڕێت)
بەڵام باپیرەم دەیگوت: نەکەن لاسایی مرۆڤە خراپەکان بکەنەوە.
( هەموو بە قاقاوە پێدەکەنن)
**ئارام:** ئەی ستران تۆ ئەم پشووی هاوینە چیت کرد؟
**ستران:** من ئەم پشووی هاوینە لە خولی مۆسیقا و گۆرانی و سەما بووم.
**سالار:** دە بڵێ بزانین چی فێربوویت؟
**ستران:** من فێری ژەنینی مۆسیقا و هەڵپەڕکێی بووم، لەگەڵ گۆرانی.
**کاردۆ:** دە بزانین چ گۆرانییەکیان فێرکردوویت؟

**ستران:** باشە بۆتان دەڵێم.

**پشە پشەم نەرمۆڵە**
**گوێ بچوک و خرپۆڵە**
**من هاوڕێی مناڵانم**
**لە بانم لە کۆڵانم**
**گەلێ وریا و چاپووکم**
**سمێڵ قیت و بە تووکم**
**خۆم لەگەڵ جامە شیرم**
**هاوڕێی مناڵی ژیرم**

**سالار:** (کە گۆرانییەکە تەواو دەبێت، بە دەوری دەخولێتەوە) میاو، میاو، میاو...
(هەموو پێدەکەنن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن و سترانیش وەک سەماکەرەکانی دەم دەریا لچکی کراسەکەی دەگرێت و قاچێکی بۆ دواوە دەبات و سەری نەوی دەکات).
**کاردۆ:** ئارام، بزانین تۆ ئەم پشووی هاوینە چیت کرد؟
**ئارام:** من ئەم هاوینە چوومە خولی بەهێزکردنی زمان.
**سالار:** (لە جێگەی خۆی پێدەکەنێت بە گاڵتەجاڕانە) من ساڵێکی دیکە دەچمە خولی بەهێزکردنی لووت.
**ئارام:** سۆری من مەبەستم خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزییە.
**کاردۆ:** یەس، یەس مای فریند پێمان بڵێ چی فێربوویت؟
**ئارام:** فێربووم چۆن خەڵکی بیانی فێری زمان و کلتووری کوردی بکەم.
(کاردۆ چەپڵەی بۆ لێ دەدات و ئەوانی دیکەش چەپڵەی بۆ لێ دەدەن).
**ستران:** هاوڕێیان دەبێت ئەمڕۆ وانە بخوێنین؟.
**کاردۆ:** ئێمە هەموو ساڵێک ڕۆژی یەکەمی کردنەوەی قوتابخانە، وانەمان نەخوێندووە.

**سالار:** ڕاستە من بیرمە ساڵی پار مامۆستایەکی تازەمان بۆ هات.
(ئینجا لە سەر کورسییەکەی دێتە خوارەوە و دەچێتە بەرامبەر قوتابییەکان و لە شوێنی مامۆستا دەوەستێت بەرەو لای ڕاست و بەرەو لای چەپ دێت و دەچێت و دەست دەخشێنێت بە سینگی وەک ئەوەی دەست بخشێنێت بە بۆینباغەکەی (ریبات)ەکەی، دواتر لەبەرامبەر قوتابییەکان ڕادەوەستێت و مڕومووچ دەبێتەوە لە منداڵەکان و ئینجا بەس چاوی بەلای چەپ و ڕاست و چەی دەخشێنێت و ئینجا دەڵێت) دانیشن کوڕی خۆم.
(دواتر سەیرێکی منداڵەکان دەکات و ئینجا لەپڕ پەنجەی ئاڕاستەی ستران دەکات) هێی تۆ ناوت چییە؟
**ستران:** من ستران مامۆستا.
**سالار: ستران** ئەی ناوت چییە؟
(ئینجا سالار و هەموو منداڵەکان پێدەکەنن).
**سالار:** بیرتانە هاوڕێیان ساڵی پار مامۆستای وانەی کوردی گوتی:
(ئینجا لاسایی مامۆستا دەکاتەوە، وەکو مامۆستا دەنگی تۆزێک زل دەکات و سەیری قوتابییەکان دەکات) ئا دەی ڕۆڵەکانم بزانم کێ گۆرانیەکی خۆشمان بۆ دەڵێت، هاوڕێیان منیش ئەم گۆرانییەم گوت:
(منداڵەکانیش هەموو لەگەڵی دەڵێنەوە).

**مامۆستا تۆ زۆر نەبەردی**
**پێمان بڵێ وانەی کوردی**
**ووشەی کوردستانمان هەشتە**
**ڕازاوەیە وەک بەهەشتە**
**ئاسمانی شین و بێگەردە**
**جێگەی پاڵەوانی مەردە**
**مامۆستامان زۆر خۆش دەوێ**
**چونکە چاکەی ئێمەی دەوێ**

**ئێمەش هەموو ڕێزی دەگرین**
**دائەنیشین، گوێی بۆ دەگرین**

**کاردۆ:** هاوڕێیان دانیشن گوێ بگرن، ئێمە نابێت لاسایی مامۆستامان بکەینەوە، ئەمە جوان نییە چونکە مامۆستا وەک دایک باوکمانە.
**سالار:** ڕاستە بەڵام باپیرەی ستران گوتبووی نابێت لاسایی مرۆڤە خراپەکان بکەنەوە، خۆ مامۆستا مرۆڤێکی باشە دەبێت لاسایی بکەینەوە.
**ستران:** بەڵام باپیرەم گوتی لاسایی مرۆڤە باشەکان بکەنەوە بۆ چاکە، نەوەک بۆ گاڵتەکردن!
**سالار:** (ئارامم دەبێتەوەو بە ڕووخسارێکی خەفەتبارانەوە) باشە من چی دیکە لاسای خەڵک ناکەمەوە، بەس لاسایی خۆم دەکەمەوە.
(دواتر خۆی لا سای خۆی دەکاتەوە و ئەم ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە بەڵام بە شێوەیەکی کۆمیدی و گاڵتەجاڕانەوە) باشە من چی دیکە لاسای خەڵک ناکەمەوە، بەس لاسایی خۆم دەکەمەوە.
(منداڵەکان هەموو قاقای پێدەکەنن)
**سالار:** (دوای ئەوان بە تەنیا پێدەکەنێت) کەس لاسی من نەکاتەوە چونکە من مرۆڤێکی خراپم ها هاوڕێیان.
**کاردۆ:** سالار ئەگەر هەر کەسێک بزانێت هەڵەی کردووە، ئەوە مرۆڤێکی باشە.
**ستران:** هاوڕێیان دەبێت ئەمڕۆ مامۆستا دوابکەوێت؟
**کاردۆ:** نەخێر مامۆستا دوا ناکەوێت، ئەگەر مامۆستا دواکەوێت، هەموومان دوادەکەوین.
**ئارام:** من حەزەکەم ببمە مامۆستا تا قەت دوا نەکەوم.
(کاردۆ و لەگەڵ هاوڕێیانی چەپڵەی بۆ لێ دەدەن).
**کاردۆ:** من دەمەوێت ببمە ئەندازیار تا هێلی پەڕینەوە دروست بکەم بۆ پەڕینەوەی منداڵەکان.
(منداڵەکان هەموو چەپڵە لێدەدەن).

**کاردۆ:** ئەی تۆ ستران دەتەوێت ببیت بەچی؟
**ستران:** دەمەوێت ببمە مافناس، تاکو مافی منداڵانی گشت دنیا بسێنم.
(منداڵەکان هەموو چەپڵە لێدەدەن).
**کاردۆ:** (بە زەردەخەنەوە) بڵێ سالار تۆ دەتەوێت ببیت بەچی؟
**سالار:** (بە دوو چاوی گاڵتەجاڕانە، ئینجا پەنجەی دەکاتە مایک و ئینجا بە دەستی چەپی دوو جار لەسەری پەنجەکەی دەدات) تەپ، تەپ.
(سەری تۆزێک بۆ پەنجەی نزیک دەکاتەوە) ئەلو ئەلو.
(کەمێک دەوەستێت) بەڵێ هاوڕێیان من دەمەوێت ببمە مامۆستای شانۆ، بۆ ئەوەی منداڵان فێربکەم، چۆن لاسایی مرۆڤە باشەکان بکەنەوە، تاکو مرۆڤە خراپەکان هۆشیار ببنەوە.
**قوتابییەکان:** (ئەم جارە زیاتر لە جارەکانی دیکە بەهێزتر لە جارەکانی دیکە منداڵەکان بە خەندەو پێکەنینەوە چەپڵە لێدەدەن) سالار، سالار، سالار.
(سالاریش لەجێگەی خۆی لەگەڵ چەپڵە لێدانەکان و لەسەر ڕیتمی چەپڵەکان هەڵدەپەڕێت و بە خەندەوە شایی دەکات).
(لەم دەمەدا لەنێو ئەم شایی و هەڵپەڕین و چەپڵەڕێزانەدا مامۆستا قات و ڕیباتێکی جوان و بە جانتایەکی ڕەشەوە بە ژوورەوە دەکەوێت و منداڵەکان لە جێگەی خۆیان وشك دەبنەوە، سالار قاچێکی بەرزکردۆتەوە و دەمی کراوەتەوە کە پێدەکەنێت. دەستێکی لە خوارەوە و ئەوی دیکەشی لەسەرەوە بۆ سەماو هەڵپەرکێ بەرزی کردبوون بەم شێوە سالار لەجێگەی خۆی وشك بۆتەوە، ئارامیش دەستەکانی کراوەتەوە و خەریکە بۆ چەپڵەلێدان بۆ یەکتریان بێنێت بەڵام لە نزیک یەک ڕاوەستاون، سترانیش دەستەکانی بەیەکەوە نووساندووە و لەکاتی چەپڵەلێدانەو بە زەردەخەنەوە ڕووی لە سالارە، کاردۆ ڕووی لە مامۆستایە و دەستەکانی لەسەر کەمەریەتی وەکو گۆزە ڕاوەستاوە، ئینجا مامۆستا کە ئەمە دەبینێتن سەرسام دەبێت و چاوەکانی ئەبڵەق دەبن و لە سالار نزیک دەبێت دەستێک بە پێش چاوی دەخشێنێت و سالار لە جێگەی خۆی ناجوڵێت، دواتر لە ستران نزیک

دەبێتەوە سەریری دەکات و سەری دەباتە ئەملا و ئەولا بەڵام ستران لە جێگەی خۆی نابزوێت...بۆیە دەچێتە جێگەی مامۆستایەتییەکەی و ڕادەوەستێت، یەکسەر منداڵەکان گشتیان بەیەک جوڵە دێنەوە سەر شێوەی جارانیان).

**قوتابییەکان:** بەخێربێیت مامۆستای بەڕێز و باش.

**مامۆستا:** (بە زەردەخەنە) فەرموون بزانم بۆ واتان لێهاتبوو؟

**کاردۆ:** (دەستی بەرز دەکاتەوە) مامۆستا کە تۆ هاتی ئێمە لەنێو شانۆ دابووین.

**مامۆستا:** (لە منداڵەکان دێتە پێشەوە) چۆن ئەی کێ فێری شانۆی کردوون؟

**سالار:** (دەست بەرز دەکاتەوە) مامۆستا من.

**مامۆستا:** هەر بژی بڵێ: بزانم دەزانی شانۆ چییە؟

**سالار:** مامۆستا، شانۆ ژیانە، ژیانیش شانۆیە، هەر یەکێک لە ئێمە ڕۆڵێکی هەیە.

**مامۆستا:** ئافەرین، ئەی ئێوە ڕۆڵی خۆتان دەست نیشان کردووە لە ژیان.

**کاردۆ:** (دەست هەڵدەبڕێت) مامۆستا بەرلەوەی تۆ بێت ئێمە ڕۆڵەکانمان دابەش کرد.

**ئارام:** (دەست هەڵدەبڕێت) من ڕۆڵی مامۆستام وەرگرتووە، بۆ ئەوەی منداڵان فێربکەم و فێریشیان بکەم لە ژیان دوا نەکەون.

**ستران:** (دەست هەڵدەبڕێت) من ڕۆڵی مافناسم وەرگرتووە، تا مافی هەموو منداڵە بێکەس و هەژارەکان وەرگرم لە ژیان.

**سالار:** (دەست هەڵدەبڕێت) من دەوری مامۆستای شانۆم وەرگتووە کە چۆن لاسایی ڕەوشتە باشەکان بکەینەوە.

**کاردۆ:** (ڕوو لە مامۆستا) کەواتە مامۆستا چی بکەین؟

**مامۆستا:** (بە زەردەخەنەوە) ئەی ئافەرین بۆ ڕۆڵەکانتان ئێستا دەبێت بچین بۆ نێو کۆمەڵگە و دەستی ژیان بگرین، تا ڕۆڵەکانمان جێبەجێبکەین. (ئینجا منداڵەکان هەموو لە شوێنی خۆیان دێنە دەرەوە و لە تەنیشت یەکەوە و لە دوای مامۆستا دەڕۆن و سالار و ستران لە دەستە ڕاستی

ماموٚستا دەستی یەکتریان گرتووە دواتر دەستی ماموٚستا لە دەستە چەپیش ئارام و کاردوٚ دەستی یەکتریان گرتووە دواتر دەستە چەپی ماموٚستا، ئینجا ماموٚستا لەگەڵ منداڵەکان سەری ڕێز بوٚ جەماوەری ئامادەبووی شانوٚکە نەوەی دەکەن.

## شانۆی چوارەم

# زمانی دایك

**بابەت**

**( گرنگی زمانی دایك )**

## کەسایەتییەکان:

**قوتابی یەکەم"**
ناوی (پەند)ە ...کۆمیدی.

**قوتابی دووەم"**
ناوی (قەسید)ە...کوڕە شاعیرە.

**قوتابی سێیەم"**
ناوی (براون)... لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە.

(سێ قوتابی کە دەبێتە گفتوگۆیان لەسەر زمان کە یەکێکیان لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە و کوردییەکەی باش نیە و یەکێکیشیان باوکی شاعیرە وشەی زۆر پەتی و کوردی ڕەسەن بەکار دەهێنێت، قوتابی سێیەمیش کە قوتابییەکەی گاڵتەچییە و هەمیشە لە ڕووداوەکان دیوە کۆمیدی و گاڵتە چییەکەی دەدۆزێتەوە).

قوتابی یەکەم کە کڵاوێکی خڕی لەسەرە لەگەڵ چاکەتێکی ڕەش لەسەر فانیلەیەکی سپی و بانتۆڵێکی خۆڵەمێشی قوماش و پوتێکی خاکی لەپێیە)، بە پێکەنینێکی زۆر گاڵتە جارانەوە دێتە سەر تەختەی شانۆ و پاش کەمێک پێکەنینی زۆر و ڕووخسار و جولەی گاڵتەجاڕانە ڕوو لە خەڵک دەکات)

**پەندە:** (وەك ئەوەی لاسایی کەسێك بکاتەوە)

ئەمن دەچم قوتابخانە لە تۆ ...

(دیسان دەست دەکاتەوە بە قاقای پێکەنین و ئەم ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە بەڵام بە دەست جووڵەی لەگەڵ دەکات و دانە دانە وشەکان دەڵێت و بە سەرسامیەوە (ئەمن) هەناسەیەک واتە نێوانیک ئەدات و (دەچم) هەناسەیک و بە دەستیش جوڵە دەکات و لە ڕووخساریش سەرسامی دایگرتووە و ئینجا ( قوتابخانە لە تۆ) و ڕێك کە ڕستەکە تەواو دەکات دیسان دەست بە پێکەنین دەکاتەوە هەر بەخۆشی پاش پێکەنین ئاوڕی تەنیشتی دەداتەوە).

(لەم دەمەدا قوتابی دووەم دێت کە لەوان تۆزێک گەورەترە ناوی (قەسیدە) قەمیسێکی ئاسایی ڕەنگ شینی کاڵ و پانتۆڵێکی ڕەش و پێڵاوێکی پوتی لەپێ یە).

**پەند**کە **قەسیدە** دەبینێت بە دەرفەتی دەزانێت و خۆی لێ نزیك دەکاتەوە و ڕووی دەمی لەو دەکات.

**پەندە:** کاکە ئەمن ناگەم لە تۆ تێ دەگەیشتی.

(ئینجا لەگەڵ دەبڕینی ئەم ڕستەیە نەرمە پێکەنینێکی گاڵتەجارانە لە ڕووخساری دەبینرێت).

**قەسیدە:** ها بزانم لە چی تێ ناگەم..

**پەندە:** (ئەمجارە بە کوردییەکی ڕەوان دەنگ و ئاوازێکی ئاسایی قسەکردنەوە) بۆ تۆ لە من تێگەیشتی؟

**قەسیدە:** بۆ ئەی تۆ بە کوردی قسە ناکەیت.

**پەند:** بەڵام قسەکەم هەمووی هەڵەبوو.

**قەسیدە:** بەڵێ دەزانم بەڵام گرنگ من لە تۆ تێدەگەم.

(بڕاون تیشتێکی نێو قۆڵی لەبەرە هەمووی ژمارە و نووسینە لەسەر پانتۆڵێکی سپی و پێڵاوێکی سووری فلات، ملوانکەیەکیش بە ملیەوەیە و لەگەڵ هەندێ شت بە دەستییەوەیە و ئیدفۆنێک لە سەر سینگی هاتۆتە خوارەوە و پرچیشی جۆرێک داهێناوە سەردەمیانە).
**بڕوان:** هێڵەو.
**پەند** و **قەسیدە:** هێڵەو سەرچاو.
(قەسیدە و پەند کەمێک لەیەکتر ڕادەمێن و قەسیدە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارانە دەکات)
**پەند:** ئەمرۆ یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیە.
**بڕاون:** یااا ...( کەمێک دەوەستێت)..
دەزانم ئەمن، هاتم قوتابخانە، منیش بچین لەگەڵ ئێوە؟
**پەند:** ( بەپێکەنیەوە) تۆ دەزانیت چی دەڵێت:
**بڕاون:** (وەک ئەوەی زمانی بگرێت لەنێوانی بە و لێ نێوانێکی بچوک دەدات) بە....لێ.
**قەسیدە:** هاوڕێ ئەی ئەوەنییە، دەڵێت بچین بۆ قوتابخانە.
**پەند:** (بەخەندەوە) هاوپۆلی ئازیز ڕستەکەی ئەو پاراو نییە، چونکە کردار پێش و پاش کەوتووە.
**قەسیدە:** هاوڕێ ئەی چی بەوانە دەڵێت: کەڕولاڵن، خۆ هیچ زمانێک نازانن.
**بڕاون:** ئەی چۆن دەزانن ئەوانیش زمان، بەڵام زمانی ئاماژە و نیشانە.
**پەند:** (بەخەندەوە) ئەمە کوا زمانە پەتاتەیە و کراوەتە فینگەر لەت لەت کراوە.
**قەسیدە:** نا نا دەبێت ئێمە ڕێز لە هەموو کەس بگرین، ئەوانیش وەک ئێمە لەیەکتر تێدەگەن.
**بڕاون:** بابم دەیگوت: ئەوان باشتر لە ئێمەن، چونکە ناڵێن زۆر و قسەبکەن و زۆر بلێ نین.

**قەسیدە:** هاوڕێکانم دەگێڕنەوە حەزرەتی سلێمان یەکێک بووە لە پەیامبەرەکان کە زمانی ئاژەڵانی زانیوە و قسەی لەگەڵ کردوون، چونکە ئەو پاک بووە، بۆیە خودا فێری هەموو زمانێکی کردووە.
**پەند:** (بە پێکەنیەوە) یانی لەگەڵ پشیلە و سەگ و شیر و ریوێش قسەی کردووە.
**قەسیدە:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە زۆریش هاوڕێی ئەوان بوون.
تەنانەت نزیکترین هاوڕێی مێرووله بووە، کەچی ئێمە بە پاژنە پێیەکانمان ئەیان فلێقێنینەوە و ئەیانکوژین.
**بڕاون:** ئەمە کە بووین لە ئەورووپا، پڕ بوو لە پیاوی وەک حەزرەت سلیمان. هەبوو شێری هاوڕێ بوو، هەبوو مەیموون، هەبوو دۆلفین، قسەیان ئەکرد لە گەڵیان و یاریان ئەکردن لەگەڵ.
**پەند:** (ئەداتە قاقای پێکەنین و زگی خۆی دەگرێت) ئەمە تۆی دەڵێیت ئەمە یاری سێرکە.
**قەسیدە:** بەڵێ بەڵام ئەوان خۆشیاندەوێت ئاژەڵەکان، و فێریان دەکەن زمانی خۆشەویستی، زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی هەموو زمانێک دەزانن ئەم ئاژەڵانە.
**پەند:**( بە پێکەنینێکی گاڵتەجارانەوە) واتە زمانی هیندیش ئەزانن؟
**بڕاون:** (بە ئاماژە سەری بۆ ئەلەقێنێ) یااااا.
**قەسیدە:** بوەستن هاوڕێیان ئێوە شتەکان تێکەڵ مەکەن
لەم جیهانە هەزارەها شێوازی دەربڕین هەیە، جۆرەها زمان هەیە.
**پەند:** (بە جدی دێتە پێشەوە و بە پەنجەکانی ئاماژە دەکات و دەژمێرێت) بەڵێ جۆرەها زمان هەیە، دوو زمانی، زمان درێژی، زمان پیس.
بڕاون پێ دەکەنێت.
**قەسیدە:** (زوو پێشی لێ دەگرێتەوە بە پێکەنینەوە) بوەستە ، بوەستە ئەمانە نا، زمانی دەربڕێن دەڵێم، بۆنموونە زمان مرۆڤ جیایە لەگەڵ زمانی ئاژەڵەکان، ئەوانیش لەیەکتر تێدەگەن و قسەدەکەن، درەختەکانیش زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەموو شتێک زمانی دەربڕینی هەیە.

**براون:** ڕاستە بەڵێ.
**پەند:** ئەی کەواتە ئەوەی تۆ قسەی پێدەکەیت زمانی چیە؟.
**قەسیدە:** (دەست لە ملی دەکات) ئەوە زمانی دایکە.
**پەند و براون:** (بەیەکەوە) زمانی چی، زمانی دایک!!!
**قەسیدە:** (بە دەوری هەر دوو قوتابییەکەی دیکە دەخولێتەوە و ئەوانیش بە سەرسامییەوە و چاوی لێدەکەن) بەڵێ زمانی دایک،
زمانی دایک ئەو زمانەیە کە لە دایکمانەوە پشت بە پشت فێری دەبین و بە وشەی دایە و بابە دەست پێدەکەین.
**براون:** ئەدی ئینگلیز دایکی زمان هەیە، ئەمن دەزانم دایکی زمان ئینگلیزی.
**پەند:** (قاقا پێدەکەنێت).
**قەسیدە:** هەموو نەتەوەیەک زمانی دایکی هەیە، بەڵام ئینگلیزی نابێتە زمانی دایک بۆ تۆ، چونکە تۆ دایکت کوردە و زمانی دایک لای تۆ کوردییە.
**پەند:** (بە پێکەنینەوە) ئاخر ئەمە زمانی کوردی نازانێت، ئینگلیزی باشتر دەزانێت.
**قەسیدە:** ڕاستە بەڵام چونکە بە ڕەگەز کوردە، زمانی دایکی کوردیە.
**پەند:** بەڵام من لەو کوردترم، چونکە زمانی من پاراوترە.
**براون:** من بۆیە هاتم لەگەڵ داک و باب من بۆ کورستان یەکجاری، چونکە خۆشم دەوێت وڵاتم.
**قەسیدە:** ئۆ ئۆۆ ئۆۆۆۆ بوەستن ئەوە چی ئەڵێن ئێوە، ئێوە هەمووتان کوڕی ئەم وڵاتەن و کوردستان دایکی هەمووتانە بێ جیاوازی.
**پەند:** بەڵام ئەو کوردی زۆر باش نازانێت وەک من.
**قەسیدە:** تۆش وەک ئەو ئینگلیزی نازانیت، چونکە پێوستە ئێمە هەموو زمانێک بزانین، تا کەلتووری خۆمان بە جیهان بناسێنین.
**براون:** بەڵێ لە ئینگلستان، ئێمە ئینگلیز قوتابیمان هەبوو، فێریدەکرد خۆی زمان کوردی.

(**پەند** دەستەکانی لەنێو یەک گرێ دەداو چاو دەداتە قەسیدە و بڕاون)
**پەند:** واتە پێوستە ئێمە زمانێکی تریش بزانین.
**بڕاون:** چۆن ئەی ، بزانی چەند زمان، ئەوەند تێدەگەی تۆ زیاتر.
**قەسیدە:** ئەی هاوڕێ ئەگەر ئەم هاوڕێیەمان نەبێت، کێ شیعرەکانی ئێمە و کەلتووری ئێمە و فەرهەنگی وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و ئەوانیش بزان ئێمەش شاعیری باش و کەلتووری جوانمان هەیە.
**بڕاون:** بەڵێ فیربکەی خۆت پێوستە، بزانیت زمانێکی دیکە.
**پەند:** (بە شێوەیەکی ئینگلیزی دەگۆڕێت کوردییەکەی لەسەر ئاوازی ئینگلیزی) ئۆکەی ئامن هەوڵ ئەدێم.
**قەسیدە:** (بە پێکەنینەوە) بەڵام هاوڕێیان دەبێت ئەوەش باش بزانن زمانی دایک بەر لە فێربوونی هەموو زمانێکی دیکە گرنگ ترە.
کێ ئەزانی بۆ؟
**پەند:** لەبەر ئەوەی خۆشترین زمانە.
**قەسیدە:** ڕاستە، بەڵام وەڵامەکە ئەوەنییە.
**بڕاون:** لەبەر ئەوەی ئاسانە فیربوونی.
**قەسیدە:** نەخێر، لەبەر ئەوەی زمانی دایک، پەیوەندی بە بوونی نەتەوەکەمان هەیە.
**پەند و بڕاون:** ئۆۆ ووو بەڵێ بەڵێ.
**قەسیدە:** هەموو نەتەوەیەک خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی و دەبێت پارێزگاری لێبکات.
**بڕاون:** (دێتە پێشەوە و دەستی ڕاستی بەرزدەکاتەوە) من پارێزگاری ئامادەم لێ بکەم و نەهێڵم وشەی ئینگلیزی بێت دایک ناو زمان.
**پەند:** (ئەویش دەستی ڕاستی بەرزدەکاتەوە) منیش ئامادەم بە وشەی جوان و ڕستەی شیرین پاریزگاری لەمانەوەی وشە جوانەکانی زمانی دایک بکەم.

**قەسیدە:** (بە ڕوویەکی گەشەوە لە هەردووکیان نزیک دەبێتەوە و توند دەست دەخاتە ناو دەستی هەردووکیان) کەواتە پاریزگاریکردن لە زمانی دایک، ئەرکی سەرشانی هەموو منداڵێکی کوردە.

**پەند و بڕاون:** بەڵێ.

قەسیدە و پەند و بڕاون: (هەر سێکیان بەیەکەوە) منداڵان ئێوەش ئاگاداری زمانی دایکتان بن کە زمانی شیرینی کوردییە.

## شانۆی پێنجەم

# پاشای دارستان

**بابەت**

**( ڕەوشتی هاوکاری و ڕێزی هاوڕێ و هاوڕێیەتی )**

# کەسایەتییەکان:

**یەکەم: کەر**"
ئاژەڵێکی خزمەتکارە و لەبەر باشی و گوێڕایەڵی هاوڕێکانی لە جیگەی شیر دەیکەن بە پاشای دارستان.

دووەم: **بەرخ**"
هاوڕێی کەر و دایکە مەڕ دەینێرێتە لای کەر، بۆ میوانداریکردن بۆ وەرزی بەهار .

سێیەم: **سەگ**"
هاوڕێی کۆنی کەرە و پێشتر بەیەکەوە پاسەوانی دایکی بەرخۆڵەبوونە.

چوارەم: **ڕێوی**"
بە فێڵ و تەڵەکە بازیەوە دەیەوێت ببێت بە پاشا و بەرخۆڵەش بکاتە ژەمێکی خۆی، بەڵام بەهۆی باشی کەر و هاوڕێکانی ئەویش، پەشیمان دەبێتەوە دەنگ دەداتە کەر ببێتە پاشای دارستان.

دەنگی ئاو و کانی و ورشەی گەڵای دار و حیلەی ئەسپ و باعە باعی مەڕ دێت، لەنێو ئەم دەنگانە کەر بە زەڕەزەر و هەرا و هۆریا دێتە سەر تەختەی شانۆ

**کەر:** (بە ئاوازەوە) هەوو بەهارە هەوو بەهارە هەی بەهارە دەی دەی بەهارە

**کەر:** (بە دەنگێکی تۆزێک نزمتر هەر بە هەمان ئاواز) هۆش هۆش هۆش.

**کەر:** (بێ ئاواز) ئەوە لەگەڵ کێتە دەڵێی هۆش؟

**کەر:** (بە دەنگێکی تۆزێک نزمتر): لەگەڵ خۆمە لەگەڵ تۆم نییە.

**کەر:** چوزانم.

**سەگ:** (لە پڕ سەگ دێتە پێشەوە بەدەم پێکەنینەوە)

سڵاوی بەهارت لێبێت.

**کەر:** سڵاو لە تۆش بزانم تۆ کێیت؟

**سەگ:** (بە ئاوازەوە)

**من سەگم زۆر بە وەفام**
**بەردم تێدەگرن نەفام**
**هاوڕێی مرۆڤی باشم**
**گەرچی تێناگەن واشم**
**دڵسۆز و بە ئەمەکم**
**گاز و چڕنووکە چەکم**
**لێم گەڕێن بێ زیانم**
**هاوڕێی گیانی بە گیانم**
**بەیانی تاکو شەوان**
**لەبەردەرگەم پاسەوان**
**بەهەست و گیان و هێزم**
**خاوەنم دەپارێزم**

**کەر:** (بە زەردەخنەوە) ها سەگەگیان دەنگیشت خۆشە نێوانی خۆمان بێت.
**سەگ:** کەرەگیان من وانەی موزیکم خوێندووە لای مام گورگ.
**کەر:** مەڵێ کەر، من کەر نیم، من گوێدرێژم.
**سەگ:** (بە پێکەنینەوە) ئێ کەرەگیان، خۆ ئەسپیش گوێدرێژە.
**کەر:**(بە پێکەنینەوە) جا ئەسپ خزمی دایکمە.
**سەگ:** ئێ ئەی بۆ تۆ لەگەڵ ئەسپ نابەن بۆ شەڕ.
**کەر:** لەبەر ئەوەی من ئاشتیخوازم و حەزم بەشەری مرۆڤەکان نییە.
**سەگ:** بەڵام ئەم مرۆڤانە زۆر جار ئێمە بۆ شەڕ بەکار دەهێنن.
**کەر:** ئێوە هەڵەی خۆتانە، وەک گورگی برات بڕۆوە بۆ نێو سروشت چیت داوە لەم مرۆڤانە.
**سەگ:** ئای تۆش کەری ها، ئاخر من دەمەویت خزمەت بکەم، من شەو و رۆژ پاسەوانی مرۆڤەکان دەکەم.
**کەر:** جا ئەوە چییە، قازیش ئەمە دەتوانێت بکات.
**سەگ:** جا قاز وەک من بە وەفا نییە بۆ خاوەنەکەی.
**کەر** : بەخوا تۆش سەگی، سەگەکیان، قاز قازە و تۆش تۆی، ئەوەی گرنگە ئێمەی ئاژەڵ یاساکانی سروشت بپارێزین و ئەزیەتی هیچ کەس نەدەین.
(لەپڕ بەرخۆڵە دەردەکەوێت).
**بەرخۆڵە:** ممع معععع معع ، سڵاو هاوڕێیان.
**کەر:** سڵاو لە تۆش بەرخۆڵەگیان.
**سەگ:** (بە دەنگێکی چاوتێبڕینەوە) سڵاو ئەوە تۆ کێی ئەم دەنگە ناسکەت هەیە؟؟!!

**بەرخۆڵە:** (بە ئاوازەوە).

**من بەرخۆڵەم بەرخۆڵە**
**سپی و جوان و نەرمۆڵە**
**لەنێو پەرێز و دەشتم**
**هەر لە گەڕان و گەشتم**
**لە ترسی گورگ و چەقەڵ**
**دوور ناکەوم لە مێگەل**
**بۆ لەوەڕ هەموو دەڕۆین**
**گیای تەڕ و ناسک دەخۆین**
**کە گەورەبووم، بووم بە مەڕ**
**دەمبێ گەلێ سوود و فەڕ**
**خوری سپیم بۆ جلکە**
**شیرم بۆ لەش بەکەڵکە**
**بەرخۆڵەم گرجوگۆڵم**
**لەش سووک و توندوتۆڵم**

**کەر:** ئەی ئافەرین بەڕخۆڵەگیان ئەی دایە مەڕ چۆنە؟
**بەرخ:** زۆر باشە سڵاوی هەبوو، گوتی پێت بڵێم ئەم بەهارە میوانی ئێمەی لە دەشت، گژوگیای باشمان ئامادەکردووە بۆ میوانداریت.
**سەگ:** (بە پێکەنیەوە) ئەی کەرەگیان تۆ بڕۆ بۆ ئەم میوانداریيە، با بەرخۆڵەش لای من بێت.
**بەرخۆڵە:** من من من من.
**کەر** : سەگەگیان تۆ بیرت چوو، ئێمە پاسەوانی مەڕۆ بەرخەکانین، نیازت پاک بێت، ئەی بیرتە ئێمە لەگەڵ کاکی شوان بۆ لەوەڕ دەچووینە دەشت،

کاکی شوانیش مەڕ و بەرخۆڵەکانی ئەمانەتی ئێمە دەکرد، تۆشی دەکردە پاسەوان و منیشی دەکردە براگەورەتان.
**سەگ** : (بە پێکەنینەوە) ئەی لەم براگەورەیە.
**بەرخۆڵە:** وایە کەرەگیان ڕاستەکات، مەڕی دایکم هەموو جار بۆم دەگێڕێتەوە دەڵێت ئەگەر کەرەگیان و سەگەگیان نەبوونایە ئێستا گورگ تۆیان خواردبوو.
**کەر:** زۆر ڕاستەکات، من و ئەم سەگەی هاوڕێم هەمیشە چاومان لە ئێوەبووە.
(لەم دەمە ڕێوی فێڵباز وویق وویق دەردەکەوێت و هەر کەر و سەگ و بەرخۆڵە خۆیان بە یەکدا دەدەن و دەبێتە هەراو دەنگە دەنگ)
**کەر:** ئۆۆۆۆۆۆ.
**سەگ:** ووووو.
**بەرخۆڵە:** ممممممم.
**کەر و سەگ و بەرخۆڵە:** تۆ کێت؟

**ڕێوی:** (بەئاوازەوە)

**من ڕێویم، ڕێوی فێڵباز**
**خاوەنی نهێنی و ڕاز**
**من زیتەڵ و زۆرزانم**
**زۆر جۆری فێڵ دەزانم**
**دۆستی گشت گیاندارانم**
**فێڵی هەموویان دەزانم**
**چاڵیان بۆ هەڵدەکەنم**
**جا پێیان پێدەکەنم**
**دەم باریک و گوێ کورتم**

**زیتەڵ و گەلێ خورتم**
**هەر فێڵم لە خەیاڵە**
**بیرم هەر لە لای چاڵە**

**کەر و سەگ و بەرخۆڵە:** ڕێووی وووی وووووو.
**ڕێوی:** ئەوە چیتانە دەڵێی شێرتان بینیوە، ئاوا دەترسن.
**کەر:** شێر.
**سەگ:** شێر کێ یە؟.
**ڕێوی:** شێری پاشاتان.
**بەرخۆڵە:** نەخێر هەموو ساڵێ وەرزی بەهار تا بەهار دەڕوات کەر پاشای دارستانە.
**ڕێوی:** (بەپێکەنینەوە) ویق ویق  جا کەر چی پێدەکرێت؟!!
**سەگ:** ڕێوی گیان زۆر شت، چونکە کەر ئاژەڵێکی ئیشکەر و خزمەتکارە و لە هەمان کاتدا گۆشت ناخوات.
**بەرخۆڵە:** بەڵی کەر هەر چوار وەرزی ساڵ پاشای منە.
**ڕێوی:** ئای لەم دارستانە، ئەوە ئێوە چی دەڵێن: چۆن ئاژەڵێک دەبێت بە پاشای دارستان، ئەگەر کەڵبەی نەبێت.!!
**ڕێوی:** دەبێت ئەوە بزانن، لە دوای شێر، من پاشاتانم.
**بەرخۆڵە:** تۆ نابیت بە پاشا، لەبەر ئەوەی پاشماوە و بەرماوەی شێر دەخۆیت و خۆت توانات نییە.
**کەر:** ئەو کەسە پاشایە، کە خۆی بە خزمەتکاری هەموان بزانێت.
**بەرخۆڵە:** (مممممممئئئئ) زۆر ڕاستە.
**سەگ:** (حەحححححەەەەووو) زۆر ڕاستە.
**ڕێوی:** (وویيقوییووق) چی ڕاستە، ئەی ئەگەر دڕندەکان هاتن کێ ئێوە دەپارێزێت.
**سەگ:** ئەگەر ئێمە هەموو یەکگرتووبین و لەگەڵ یەکتر تەبابین و پشتی یەکبگرین، هیچ دڕندەیەک ناتوانێ پەلامارمان بدات و لە ناومان بات.

**بەرخۆڵە**: من لەگەڵ کەرم و هەر دەبێت ئەو بێتە پاشامان.
**سەگ**: منیش لەبەر ئەوەی دەمێکە لەگەڵ کەر بەیەکەوە خزمەت دەکەین داوا دەکەم بێت بە پاشا.
**ڕێوی**: باشە باش، منیش دێمە سەر بۆچوونی ئێوە، لەبەر ئەوەی شێر هەرگێز مافی ئێمەی نەداوە و ئێمەی بە برسیەتی هێشتۆتەوە، بۆیە منیش داوا لە کەر دەکەم بێت بە پاشای دارستان.
**کەر**: سپاس هاوڕێیان ئەم متمانەیە بە من دەکەن، گرنگ ئەوەیە هەموومان هاوڕێی باشبین بۆ یەکتر و خیانەت لە یەکتر نەکەین .
**کەر**: (ڕوو لە ئامادەبووان دەکات) هێی منداڵەکان هیوادارم ئێوەش لەگەڵ هاوڕێکانتان باشبن و هەمیشە خۆتان بە خزمەتکاری یەکتر بزانن و کار بکەن بۆ سەرکەوتنی هاوڕێکانتان.
**کەر**: ئەی تۆ چ قسەیەکت هەیە سەگەگیان.
**سەگ**: من دەڵێم منداڵەکان ئێوە هەرگیز چاوتان لە کاری خراپە نەبێت و بە نیازی خراپەوە هاوڕێیەتی کەس نەکەن.
**کەر**: ئەی تۆ بەرخۆڵەگیان؟
**بەرخۆڵە**: منداڵە خۆشەویستەکان هیوادارم ئێوەش وەک من گوێڕایەڵی دایە و بابە بن لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە خۆشی ئێوەی دەوێت، هەروەها چوونە هەر جێگەیەک بە دایە و بابە بڵێن و چونکە ئەوان هەمیشە دڵیان بە ئێوەوەیە.
**کەر**: ئەی تۆ مام ڕێوی؟
**ڕێوی**: من چی بڵێم:
ئەوەی نیازی پاک نەبێت و بە دوای فێڵەوەبێت دەکەوێتە تەڵەوە، چونکە تەماع زۆر پیسە، کەستان وەک من نەکەن بە دوای تەماع و فێڵەوە نەبن، دەبێت هاوڕێکانتان خۆش بوێت و فێڵیان لێ نەکەن، منداڵەکان ئێستا منش وازم لە فێڵ هێناوە لەبەر ئەوەی ئێستا ئێمە یەک خێزانین لەگەڵ کەرەگیان و بەرخۆڵە و سەگی هاوڕێم..

**کەر و سەگ و بەرخۆڵەو ڕێوی:** (بەیەکەوە وبەئاوازەوە)

**گشت هاوڕێی دارستانین**
**ئاژەڵی کوردستانین**
**ئاشتی خواز و هاوکارین**
**وەک نێرگزی بەهارین**
**لەگەڵ یەکتری چاکین**
**هەمیشە نیاز پاکین**
**ژینمان لە دارستانە**
**ماڵمان لە کوردستانە.**

## شانۆی شەشەم

# جەژنی منداڵان(6/1)

بابەت

( مافی خوێندن و پاراستنی منداڵان لە ئیشکردنی دەرەوە )

# کەسایەتییەکان:

**کچە قوتابی"**
قوتابی قۆناغی سەرەتایی.

**کلێنس فرۆس"**
لەسەر ڕێگەی قوتابخانە کلێنس دەفرۆشێت.

(لە شەقامێکی سەر ڕێگەی قوتابخانەی کچانە کلێنس فرۆشێك، کراسێکی سووری چڵکنی لەبەرە کە قۆپچەی کۆتایی لای گەردەنی بە پێچەوانە داخستووە و قۆپچەکانی سەر دەستیشی دانەخستووە و پانتۆڵێکی ڕەشی بێ قایش و پێڵاوێکی قایشی ڕەشی لە پێ یەو پێنج دەستە کلێنسی یەک دانەی لەنێو مقەبایەکی بچوک دانەیەو بە ملیەوە کردووەو بە پێوە وەستا وە و کڵاوێکی لەسەرە پێشەکەی یان شەبقەکەی وەکو هونەرمەندە ڕاپەرەکان بردۆتەو لای تەنیشتییەوە).
(کچە قوتابی، بە جلێکی قوتابخانەوە کە لە پۆلی چوار بۆ پێنجی سەرەتاییەوەیە، جانتای قوتابخانەشی لە پشتەو بە (ساپ ساپانێ) لە دەستە ڕاستەوە دەردەکەوێت و  لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت).

**کچە قوتابی:** (بە ئاوازەوە)

**دەی مناڵان زووکەن ڕاکەین**
**بۆ ئەم جەژنە  با سەماکەین**
**جەژنی ئـــێمەی، مـنـاڵانـە**
**ڕۆژی مــافی، هەموومانە.**

(کچە قوتابییەک ئەم گۆرانییە دەچڕێت تا دەگاتە بەردەم کلێنس فرۆشەکە و لە بەردەمی هێواش دەبێتەوە و ڕادەوەستێت و ڕووی تێ دەکات)
**کچە قوتابی:** هاااای.
**کلێنس فرۆش:** (بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێز و سەرسامییەوە سەیری باڵای دەکا) واااااای.
**کچە قوتابی:** دەزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ؟

**کلینس فرۆش**: (کلێنس فرۆش دەستی بۆ گەردەنی دەبا و دواتر سەری دەخورێنێ دوای تۆزێک بیرکردنەوە) ئەمڕۆ یەک شەممە.
**کچە قوتابی**: خۆ من نالێم چەند شەممە، دەڵێم دەزانی چ (بۆنە)یەکە!
**کلێنس فرۆش**: ( بە دەم پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە) ئەی خوایە بۆنە چییە ؟
**کچە قوتابی**: واتە تۆ نازانی ئەمرۆ (6/1) یەکی شەشە.
**کلێنس فرۆش**: (بە گاڵتەوە) (1و6) یەک و شەش، یەک و شەش، یەک و شەش.
**کچە قوتابی**: ( بە تامەزرۆیی و بە پەلەوە) بەڵێ بەڵێ...
**کلێنس فرۆش**: (پەنجەی شەهادەی لە چۆکی دەدات و بێ ئەوەی سەری بۆ هیچ لایەک بسوڕێنێت، چاوی بۆ لای ڕاست و چەپی دەجولێنێ دواتر چاوی زەق دەکاتەوە لە کچە قوتابی و دەڵێت زانیم)
(1 و 6) یەک و شەش دەکاتە هەشت.
**کچە قوتابی**: هاوار لە دەست تۆ، خۆ تۆ تێناگەیت!
**کلێنس فرۆش**: ( بە سەرسامییەوە) بۆ واتە هەشت ناکات.
**کچە قوتابی**: (بە توڕەییەوە) نا دەکاتە (7) حەوت.
**کلێنس فرۆش**: ( بە زەردەخەنەوە) ئێێێێی بەس یەک ژمارەم زیاد گوت، نەمگوت حەوت گوتم هەشت خۆ چیە ؟؟
**کچە قوتابی**: (بە قەڵس بوونەوە، تۆنی دەنگی لە هێواشییەوە بۆ بەرزی) نا نا نا مەبەستم ئەوەنییە تۆ خەریکە من شێت دەکەیت.
**کچە قوتابی**: ( بە دەنگێکی بەرز و زۆر هێواش) ئەمممڕۆۆۆ (6/1) یەکسی شەشە جەژنسی جیهانسی مننندالاااانە تێگەیشتیت.
**کلێنس فرۆش**: ( بە هێواشی بەرەو کچە قوتابی سەری بەرز دەکاتەوە و بە دەنگێکی لاواز و نزاکارانە) واتە کلێنسم لێم ناکڕیت.
**کچە قوتابی**: (دڵی پێ دەسووتێت و بە ڕوخسارێکی خەمگینەوە لێی دێتە پێشەوە) بۆ مەگەر تۆ ناچیت بۆ قوتابخانە ؟

**کلینس فرۆش:** (بەوپەڕی خەمباری و دڵتەنگییەوە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت) بابم بە دایکمی گوتبوو: کوڕ منداڵی شەیتانە، نابێت بچنە قوتابخانە، کەچی نەیهێشت خوشکەکەشم بچێتە قوتابخانە و زوو بە شووی دا.
**کچە قوتابی:** بە توڕەییەوە، بۆ مەگەر پێشتر بابت منداڵی فریشتەکان بووە کە چۆتە قوتابخانە، تۆش مافی خوێندنت هەیە.
**کچە قوتابی:** دەستت بێنە با بڕۆین داوای مافی خۆمان بکەین، لە گەورەکان.
**کلینس فرۆش:** ئاخر من هیچ نازانم !
**کچە قوتابی:** دەبێت بزانیت چیت دەوێت و مافەکانت چییە؟
(کچە قوتابی دەستی کلینس فرۆش دەگرێت و بەرەو ڕووی جەماوەر دەڕوات و دوای سێ چوار هەنگاو دەوەستێت)
**کچە قوتابی:** ( بە دەنگێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە ڕووبەرەو بینەران)
دایکەکان باوکەکان، قوتابخانەکان، باخچەکان، دایەنگەکان،
ئێمەی منداڵ نامانەوێت، چیتر بێینە دنیاوە،
بێینە دنیاوە، تا لەبەر عەیبە لە قوتابخانە دەرمان بهێنن و
لە ماڵەوە زیندانیمان بکەن.
بێینە دنیاوە، تا گەورەبووین ئازارمان بدەن وەك پوورەکانمان و خوشکە گەورەکانمان.
بێینە دنیاوە تا هەر بە بچوکی بە شوومان بدەن.
**کلێنس فرۆش:** ئێمە نامانەوێت، چیتر بێینە دنیاوە،
بێینە دنیاوە، تا پارەمان پێ کۆبکەنەوە.
تا بازرگانی بە جەستەی ناسکی ئێمەوە بکەن.
بۆ بێینە دنیاوە، بێین تا لە بەردەرگەی مزگەوتەکان سواڵمان پێبکەن.
بێینە دنیاوە تا لە ترافیکەکان بنێشتمان پێ بفرۆشن.

**کچە قوتابی و کلێنس فرۆش:** نا نا چیتر نایەینە دنیاوە و چیتر لە دایک نابین.
**کچە قوتابی:** من دەمەوێ موزیک بژەنم.
**کلێنس فرۆش:** من دەمەوێت گۆرانی بڵێم.
**کچە قوتابی:** من دەمەوێ زانست فێربم.
**کلێنس فرۆش:** من دەمەوێت بخوێنم.
**کچە قوتابی:** دایکەکان باوکەکان.
**کلێنس فرۆش:** ڕێخراوەکان.
**کچە قوتابی:** قوتابخانەکان.
**کلێنس فرۆش:** باخچەی منداڵان.
**کلێنس فرۆش:** دایەنگەکان.
**کچە قوتابی و کلێنس فرۆش:** (بەیەکەوە بە دەنگێکی پڕ جۆشەوە) ئێمە دەمانەوێ گۆرانی بڵێین.
**کچە قوتابی و کلێنس فرۆش:** (دەستی یەکتر دەگرن و پشت لە جەماوەر دەکەن و بەرەو لای چەپ دەڕۆن و گۆرانی دەڵێن، تا لە سەر تەختی شانۆ وون دەبن)

**دەی مناڵان، زووکەن ڕاکەین**
**بۆ ئەم جەژنە، با سەماکەین**
**جەژنی ئــێمەی، مـنـاڵانـە**
**ڕۆژی مــافی، هەموومانە.**

شانۆی حەوتەم

# نێرگزەکانی مام نەورۆز

**بابەت**

**(جەژنی نەورۆز و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی جلی کوردی)**

# کەسایەتییەکان:

**کاوە"**
منداڵێکی زیرەک و هۆشیار، جلێکی کوردی پۆشیوە.

**عەبد"**
منداڵێکی شپڕێو و سستە و پانتۆڵ و کراسێکی لەبەرە.

**هەڵەبجە"**
کچێکی نەرم و نیانە، جلێکی کوردی پۆشیوە.

**منداڵەکان"**
هەشت منداڵن، هەموو جلی کوردیان پۆشیوە.

سەرەتا منداڵێک بە ڕاکردنەوە دێتە سەر تەختەی شانۆ کە ناوی (عەبد)ە و جامانەیەکی ڕەشی بە دەستەوەیەوە و بە دەوەری خۆی دەیسوڕێنێت و یاری پێدەکات و سەمای پێدەکات و لە دوای ئەویش منداڵێک (کاوە) بە ڕاکردنەوە دێتە سەر تەختەی شانۆکە جلیکی کوردی لەبەردایە و بەدوایەتی و دەیەوێت جامانەکەی لێ بسێنێتەوە.

**کاوە:** بێنە ئەم جامانەم بدەوە ئەمە دیاری باپیرەمە.

(عەبد پێدەکەنێت)

**کاوە:** (توند جامانەکە دەگرێت) بمدەرەوە.

**عەبد:** (بە گاڵتەپێکردنەوە) ها بیگرە جا ئەوە چییە تەنیا مەترە قوماشێکە.

**کاوە:** (ڕووخسارێکی گرژ) ئەمە تەنیا قوماشیکی ئاسایی نییە، ئەمە ناسنامەی ئێمەیە.

**منداڵەکان:** (لەو کاتە کۆمەڵێک منداڵ دێنە سەر شانۆ و هەموو بە جلی کوردییەوە) بەڵێ ناسنامە.

**عەبد:** (بە چاوی ئەبڵەق بوون و سەرسامییەوە) ناسنامە ؟؟!!.

**کاوە:** (دێتە پێشەوەی منداڵەکان و وەک سەرکردەیەک دەردەکەوێت و ئەوانی تریش لە داوەوەی) بەڵێ هەموو مرۆڤێک دەبێت خاوەنی ناسنامەی نەتەوەی خۆی بێت، ئێمەی کورد خاوەنی جلوبەرگی تایبەت بە خۆمانین، خاوەنی ئاڵای خۆمانین، خاوەن خاکی خۆمان نین، خاوەنی مێژووین، ئێمە خاوەن گوڵی نیشتمانی خۆمانین کە گوڵی نێرگزە.

**عەبد:** واتە من کە جلی کوردیم لەبەر نییە، کورد نیمە؟

**کاوە:** نەخێر تۆ کوردی بەڵام دەبێت بیسەلمێنیت، بۆ نموونە تۆ دەبێت بزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

**عەبد:** بەڵی ئەمڕۆ ... شەممەیە.(ئەو ڕۆژە دەوترێك کە شانۆکەی تیا نماشی دەکرێت)

**منداڵەکان:** (پێ دەکەنن).

**کاوە:** نا، نا ، مەبەستتم شەممە و هەفتە نییە.

**عەبد:** ئێ ساڵی (.......) یە.
**کاوە:** (بە قاقای پێکەنینەوە) نا نا، بۆ نازانی ئەمڕۆ نەورۆزە؟
**عەبد:** نەورۆز!!!
**منداڵەکان:** بەڵی نەورۆز.
**منداڵەکان:** (بە ئاوازەوە)

**جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە**
**بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە**
**جاوگی ئاگر هێزو گیانمە**
**باوەڕی بەرزی کوردستانمە**
**سەیریکەن سەیریکەن سەیریکەن**
**شاخ و دەشت وشارو گوندم تاوی سەندووە**
**گۆڕی مەرگی دوژمنانم لێ هەڵکەندووە**
**پڕ بە دەنگ بانگ دەکەم سەر بەستیم دەوێ**
**کوردستانم جێی شێرانە دەبێ سەرکەوێ**
**شەرتە ئەگەر وایە بسوتێم و نەمێنم**
**بەڕوناکی لەشم پەردەی شەو ئەدڕێنم.**

**عەبد:** بزانم ئێوە ئەم هەموو شتە لە کێ فێربوونە؟
**یەکێک لە منداڵەکان:** ئێمە لە باپیرەمانەوە ئەمانە فێربووین و ئەویش لە باپیرەی خۆی.
**کاوە:** بەڵێ ئێمە پشت بە پشت وەرمان گرتووە و کەلتووری ڕەسەنی خۆمان دەپارێزین.
عەبد: ئێ منیش باوکم کە ئاسەنگەر بوو، شەڕواڵی لە بەردەکرد.
**کاوە:** (بە پێکەنینەوە) ئاخر بابت بۆ ئیش لەبەری دەکرد.
**عەبد:** بۆ یانی نابێت جلی کوردی بۆ ئیش لەبەربکەین.
**کاوە:** بێگومان بۆ ئیش و کاریش دەبێت بەڵام بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان جوانترە.
**کاوە:** هاوڕێیان دەزانن ئەمڕۆ کێ دێت.

**منداڵەکان**: (بیردەکەنەوە) نا ... نازانین.
**عەبد:** (کاوە سەرێکی عەبد دەکات) منیش نازانم، ئەی تۆ دەزانیت؟
**کاوە:** بەڵێ من دەزانم کێ دێت، چونکە هەموو ساڵی یەک جار دێت.
**یەکێك لە منداڵەکان:** (دێتە لای کاوە سەری دەبات بنا گوێی کاوە و بە جولە لێی دەپرسێت) کێ دێت.
**کاوە:** (ئەویش سەری دەبات بۆ بنا گوێی و پێی دەڵێت) مام نەورۆز دێت. ئەم منداڵەش دەچێتە لای ئەویتر و بە پسکە پسك سەری دەخاتە بن گوێی و پێی ئەڵێت مام نەورۆز دێت یەک بەیەکتر دەڵێن و عەبدیش سەیریان دەکات و لەگەڵ ئەوان سەری دەهێنێت و دەبات ئیدی لەو دەمە یەک یەک دڵیان خۆش دەبێت و پێدەکەن و دەبێت بە دەنگە دەنگ و خۆشی).
**عەبد:** (بەهاوارکردنەوە) ئەرێ با منیش بزانم کێ دێت؟
**کاوە:** ئەمڕۆ... (ئینجا تۆزێک دەوەستێت منداڵەکان هەموو بە دوای دەڵێنەوە) ئەمڕۆ.
**عەبد:** (تفی دەمی قوت دەداتەوە و چاوەکانی زەق زەق سەیری دەمی کاوە دەکات)
**کاوە:** مام نەورۆز دێت.
**منداڵەکان:** مام نەورۆز دێت.
(بەیەکەوە دەیکەن بە خۆشی و پێکەنین عەبدیش مات و مەلوول دەمێنێتەوە و سەیریان دەکات).
**کاوە:** مام نەورۆز پەیمانی کوردانەی داوە هەموو ساڵێک بێت و لەگەڵ خۆی گوڵی نێرگز بە دیاری بۆ منداڵان بێنێت.
**عەبد:** (دڵی خۆش ئەبێت یەکەمجار دواتر دەشێوێت و بە دەوری خۆی دەخولێتەوە و دواتر دەچێتە لای منداڵەکان) جلی کوردیت هەیە زیادەبێت؟
**منداڵی یەکەم:** نیمە.
**منداڵی دووەم:** نیمە.

(هەموو ئاوا وەڵامی دەدەنەوە دەچێتە لای کاوە توند یاخەی کاوە دەگرێت)

**عەبد:** (بەپارانەوە) هاوڕێ تۆ کەسێکی باشی دە جلێکی کوردیم بدەیە یان بۆم پەیدابکە.

**کاوە:** جلی کوردیت بۆچی یە؟

**عەبد:** ئاخر مام نەورۆز بێت، گوڵی نێرگزم پێ نادات، لەبەر ئەوەی جلی کوردیم لەبەر نەکردووە وەک ئێوە.

**منداڵەکان:** (هەموو پێدەکەنن)

**کاوە:** نەخێر مام نەورۆز کەسێکی دڵ پاک و کردەوە چاکە، گوڵی نێرگز دەداتە هەموو منداڵێک.

**عەبد:** تۆ بەڕاستە.

**کاوە:** بەڵی دەزانی بۆ ؟

**منداڵەکان:** لەبەر ئەوەی کوردە.

**کاوە:** بەڵی کوردە، کورد هەموو دڵ پاک و کردەوە چاکن.

**منداڵەکان:** (ئینجا عەبد دەست لە ملی کاوە دەکات و ئەوانی تریش لە عەبد و کاوە نزیک دەبنەوە و ئەبێتە چەپڵە و هەڵپەرکێ و گۆرانی دەڵێن)

**نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول**
**مەستم بە عەتری وەنەوەشەو سونبول**
**شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین**
**سوورم بە شڵپەی شەپۆڵی زیوین**

**یەکێک لە منداڵەکان**: باشە ئەی ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە یان سبەی؟
**کاوە**: بەڵێ ئەم ئێوارەیە ئێمە پێشوازی لە مام نەورۆز دەکەین، بەڵام بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنی نەورۆزە، کە یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی کوردیە.
**یەکێک لە منداڵەکان**: ئینجا هەموو بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕوو لە دەشت و دەر دەکەین و دەیکەین بە هەڵپەرکێ و گۆرانی.
**عەبد**: (هاوار دەکات): گیان، گیان، یانی سبەی جەژنی نەورۆزە، من تا سبەی جلی کوردی پەیدا دەکەم و منیش دێم.
**کیژۆڵەیەک**: (کچێک بە جلێکی کوردی سوور کە بووکەڵەیەکی بە دەستەوە و لا لا لا لا دەکات وەک ئەوەی بیخەوێنێت)،(ئەم دەنگە سەرنجی هەموو منداڵەکان ڕا دەکێشێت و هەموو دەچنە نزیکییەوە)
**عەبد**: ئەم کچە کێیە؟
**کاوە**: ئەم کچە ناوی هەڵەبجەیە.
**هەڵەبجە**:
**من هەڵەبجەی ئازارم برینم چارە ناکرێ**
**جاڕ ئەدەم بە گوێی دنیا با شەرم دایان بگرێ.**
**کاوە**: دوژمنان پێنج هەزار پەپولەیان هەڵوەراند، وایان زانی ئێمە لە ناو دەچین بەڵام ئێمە وەک چیا خۆراگرین، بۆیە هەموو ساڵێک مام نەورۆز دێت و پەیمانی کوردانەمان لەگەڵ دەبەستێتەوە.
**کاوە**: هەڵسە هەڵەبجە تۆ تەنیا نیت، ئێستا مام نەورۆز دێت و دیاریمان پێ دەبەخشێت.
(هەموو بە دەورەی هەڵەبجە دەسوورێنەوە دەستی یەک دەگرن و گۆرانی دەچڕن):
**بەلەنجە گیان بە لەنجە ئەو کچە خەلکی هەڵبجە**
**باری سێو قەد بارمەکەن بۆ شارەکەی هەڵبجە.**

**عەبد**: (لە پڕ) ئەی کوا مام نەورۆز هەر نەهات؟

**کاوە:** ئارام بگرە ئێستا دێت.
**یەکێک لە منداڵەکان:** (بەدەم پرسیارەوە) مام نەورۆز هەموو ساڵێک هاتووە؟
**کاوە:** بەڵێ مام نەورۆز پەیمان ناشکێنێت لەبەر ئەوەی کوردە.
**عەبد:** هاوڕێ ئەی نەورۆز واتە چی؟
**کاوە:** نەورۆز یانی ڕۆژێکی نوێ،
**منداڵەکان:** بەڵێ ڕۆژێکی نوێ.
**عەبد:** ئەی مام نەورۆز لە کوێ یە.
**کاوە:** مام نەورۆز لە پشت ئەم شاخانەوە دێت و ڕۆژێکی تازەمان بۆ دێنێت و لەگەڵ خۆی بە هار و خۆشی و شادی دێنێت.
**منداڵەکان:** (بە خۆشی چەپڵە) ئۆۆووووو.
**عەبد:** من زۆر حەز بە هار و نەورۆز دەکەم.
**منداڵەکان:** ئێمەش هەموومان.
**کاوە:** بەڵام هاوڕێیان وەرن، بەر لەوەی مام نەورۆز بێت، ئێمە پەیمان بدەین.
**منداڵەکان:** (بەدەم پرسیارو سەرسامییەوە) پەیمان.؟!!
**عەبد:** (بە سەرسامییەوە) پەیمان بۆچی؟
**کاوە:** پەیمان بدەین کوردستانی خۆمان خۆشبوێت و لەگەڵ یەک تەبابین و دەست بخەینە نێو دەستی یەک بۆ سەرکەوتنی ولاتمان.
**عەبد:** پەیمان.
**منداڵەکان:** پەیمان.
**یەکێک لە منداڵەکان:** (بەهات و هاوارەوە) ئەوە گەیشت مام نەورۆز گەیشت.
**کاوە:** خۆتان ئامادەکەن، مام نەورۆز گەیشت.

(دەبێتە دەنگە دەنگ و خۆشی و قسە و پێکەنین و ئینجا گۆرانی)

**منداڵەکان:**
**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جێژنێکی کۆنی کوردە، بە خۆشی و بە هاتەوە.**

(لەم دەمە مام نەورۆز بە خۆی بە کۆڵێک نێرگزەوە دێتە سەر تەختەی شانۆ و نێرگز دابەش دەکات و ئینجا هەندێک لە نێرگزەکانی بۆ ئامادەبووان هەڵدەدات و لەگەڵ دەنگی موزیك و گۆرانی و چەپڵە دنیا پڕ دەکات).

شانۆگەری هەشتەم

# شێر و مشك

**بابەت**

**(گرنگی هاوڕێیەتی، هەڵبژاردنی هاوڕێیەتی، جیاوازی باش و خراپ)**

# کەسایەتییەکان:

**شێر پاشای دارستان"**

ئاژەڵێکی لە خۆبایی خاوەن دەسەڵات.

**مشك"**

بچوکی دارستان ئاژەڵێکی وریا و زیتەڵ و زانا.

**مەڕ و بزن و کەر و مامز"**

ئاژەڵە ڕاوکراوەکان لەلایەن شێرەوە.

لەنێو دارستان شێر بە لە خۆبیاییەوە دەڕۆیشت سینگی خۆی خستبووە پێشەوە
**شێر:** (بە نەڕە نەڕی شێرانەوە)
**من پاشای دارستانم**
**گەورەی هەر هەمووتانم**
**لاچن لەبەرچاوانم**
**هاوڕێیەتی نازانم**
**بە کەڵبە تیژەکانم**
**دەبن بە نۆشی گیانم**

لەو کاتە مشك بە بەردەمی ڕەت دەبێت
**شێر:** (بە لە خۆبایی بوونەوە)
ها مشکی بچوك و بێ سوود چی دەکەیت لەم ناوە بەدوای پەنیر دەگەڕ ێی خۆ ئەم ناوە پەنیری لێ نییە.
**مشك:** شێری پاشای دارستان بێرت نەچێت بە منت وت بێ سوود، خودا هیچ شتێك دروست ناکات بێ سوود بێت.
**شێر:** ( بەنەڕەی شێرانەوە) کورە لاچۆ لە بەردەمم لە کەلینی ددانم ون دەبیت.
مشك ون دەبێت و لە دوای ئەو دەنگی مەڕ لە دوورەوە دێت (مەڕ بە باعە باعەوە بە تەنیشتی تێپەڕ دەبێت)
**مەڕ:** وییی باوکە ئەمە خۆ شێرە.
**بزن:** (بە قاڕە قاڕەوە) خودایە فریام کەوە، بە دوای مەڕ ڕادەکات، شێریش خۆی لێیان گڤ دەکاتەوە دەیانترسێنێت.

**مەڕ:**

**ئەی بزن با نەتدزن**
**خێرا ڕاکە، زوو وەرە**
**ئا ئەم شێرە زۆر کەرە**
**ئاگات لێ نەبێت بەخوا**
**بێ بەزەییە دەتخوا**

کەر لەملاوە بە ڕاکە ڕاك دێت نزیك دەبێتەوە لە مەڕ و بزن
**کەر**: (بەدەم پرسیارەوە) ئەوە کێ بوو ناوی منی هێنا ؟.
**مەڕ و بزن**: (بە پێکەنینەوە) کورە کەس باسی تۆی نەکردووە چاوەکەم.
**مەڕ**: وەرە خۆت ڕزگار بکە.
مامز بە پەلە و شێواوی سەیری چەپ و ڕاست دەکات نزیك دەبێتەوە لە هاوڕێ ئاژەڵەکانی.
**مامز**: وی وی وی ئەمە چییە دەڵێن شێر هاتۆتە ئەم ناوە.
**مەڕ و بزن و کەر**: بەڵێ، بەڵێ ناسکۆڵەخانم، زوو وەرە لای ئێمە با نەتخوا
**مامز**: باشە باش، من دەترسم زۆر.
**بزن**: مەترسە چونکە شێریش خاڵی لاوازی هەیە.
لەم قسانە دەبن ڕێك شێر بە تۆڕێکی ڕاوچییەکانەوە دەنووسێت و هاواری لێ هەڵدەستێت.
**شێر**: فریام کەون هاوڕێیان فریام کەون، کەمتیارەکان ئاوا ئمبینن هەنجن هەنجنم دەکەن و دەمخۆن.
**بزن**: لێگەڕە با بتخۆن تۆ زۆر لە خۆبایی و ئازاری ئێمەی بێ دەسەڵاتت زۆر داوە.
**مەڕ**: (بە ڕووخسارێکی گەشەوە) ئێستا زانیت هەرچەند بەهێز بیت لە تۆ بەهێزتر هەیە ؟
لەو قسانە دەبن مشك نزیك دەبێتەوە لەمان و ئەم ڕووداوە دەبینێت لە

جێگەی خۆی دەوەستێت.
**مشك**: (بە پێکەنینەوە) ها شێری بێ سوود، پاشای دارستانی و ناتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت.
(شێر دوو سێ جار دەیەوێت خۆی ڕابپچڕێنێت و خۆی ڕزگار بکات)
**شێر**: (ڕوو لە مشك دەکات) مشکی هاوڕێ ئەو پەتانە بە ددانە ورد و بەهێزەکانت بقرتێنە تامابم پارێزگاریت لێ دەکەم لە پشیلەکان.
**مشك**: نەخێر با کەمتیارەکان بێن ڕزگارت بکەن.
**شێر**: (دەنگی ترسی لێ بەرز دەبێتەوە) نا نا تکایە مشکی ئازیز وامەکە ئەوان بێن بە کۆمەڵ دێن و دەمخۆن.
**مشك**: باشە بە مەرجێك ڕزگارت دەکەم، داوای لێبوردن لە هەموو ئاژەڵان بکەیت و بڵێیت ئێمە هەموومان هاوڕێین بێ جیاوازی بچوك و گەورە و بەهێز و بێ هێز.
**شێر**: ( بە تکاکردنەوە) باشە مشکی ئازیز هەزار جار وا دەڵێم تەنیا زوو ڕزگارم بکە.
مشك بە ددانەکانی تۆڕەکە دەقرتێنێت و شێر ڕزگار دەکات و شێر دێتە دەرەوە لەژێر تۆڕەکەو ڕوو لە مشك و ئاژەڵەکان دەکات نەڕەی بەهێز دەکات وەك هەڕەشە.
**مشك**: (ڕوو لە ئاژەڵەکان) هاوڕێیان شێر هەر شێرە هەرگیز لە دڕندەیی خۆی ناوەستێت ئێوە خۆتان پارێزگاری لە خۆتان بکەن لەم ئاژەڵە بێ بەزەییە و متمانە بە هەموو کەس مەکەن و زوو خۆتان ڕزگار بکەن.
لەوکاتە شێر بە نەڕە نەڕی بەهێزەوە دەکەوێتە دوایان و ئاژەڵەکان بە زاقوزیق و هاوارەوە ڕادەکەن تا هەمووان لە بەرچاوان ون دەبن.

شانۆگەری نۆیەم

# سەگە گوێ کورت و کەرەبۆر

**بابەت**

**(هاوڕێیەتی لە کار، هەر کەس کاری خۆی و سنووری خۆی بزانێت)**

## کەسایەتییەکان:

**شوان"**

بە جلێکی کوردی و کۆڵەپشتێك و کۆپاڵێکەوە.

**سەگ"**

بە کلکێکی درێژ و دوو گوێچکەی کورتەوە.

**کەرەبۆر"**

بە دوو گوێی درێژ و کلکێکی کورتەوە.

**کۆمەڵێك مەڕ"**

(ئەکتەرەکان جلی مەڕیان لەبەرکردووە)

سەگێك كە پاسەوانی مەڕەكان دەكات و كەرێكیش كە هەمیشە لە نزیكی شوانەكەیە و كاری گواستنەوەی شوانەكە و كەلوپەلەكانی شوانەكەیە و وەك هاوڕێی شوانەكە هەمیشە لە نزیكەییەوە دەمێنێتەوە.

**شوان:**
(دێتە ناو سەوزای دەشت و بەدەم هاواركردنەوە)هۆی هۆی یەخە وەرە سەگە گوێ كورت ئەو مەڕانە بێنەوە.
**سەگە گوێكورت:** (بەدەم حەپینەوە)
حەو حەو شوانە گیان بۆچی بەس بە من دەڵێیت ئەو مەڕانە بهێنمەوە ئە ی بۆ بە كەرەبۆر ناڵێیت دایمەی خوا دەمی ناو گژوگیاییە و دەخوات
**شوان:**
سەگە گوێ كورت تۆ پاسەوانی مەڕەكانی نەك كەرەبۆر، ئەو تەنیا ئەركی گواستنەوەی من و كەلوپەلەكانی منە.
سەگە گوێ كورت: (بەدەم حەپینەوە) جا ئەگەر وابێت نابێت پاسەوانی مەڕەكان بكات
**شوان:** (بەدەم هاواری سششش هۆهۆی هۆیەوە) كەرەبۆر تۆش وەرەوە بگەڕێوە، (پاشان دەنگی تۆزێك نزم دەكات و ئاڕوی لێ دەداتەوە) سەگە گوێ كورت لەم دنیا خودا هەر شتێكی بۆ ئەركێك دروست كردووە بۆیە تۆ پاسەوانی و ئەویش خزمەتگوزار، ئێستا دەتوانم بە تۆ بڵێم یەك فەردە جۆم بۆم هەڵگرە و بیگوازەوە.
**سەگە گوێكورت:** ئۆووو نا نا ناتوانم ئەو كارە بكەم ڕێك لەژێر فەردە جۆیە پشتم دەشكێت و دەمرم.
**شوان:** ئەی ئافەرین سەگە گوێ كورت ئێستا تێگەیشتی هەركەس دەبێت كاری خۆی بكات و خۆی تێكەڵ كاری ئەوانی دیكە نەكات و ئەوانی تریش تێكەڵ كاری خۆی نەكات.

شوانەکە دەنگی تۆزێك نزم دەکاتەوە بە شێوەیەك وەك ئەوەی شتێکی ترسناك بڵێت) جگە لەمەش سەگە گوێکورت هەرکات ئاگات لە مەڕەکان نەبوو و لە مێگەل لایان داو مەڕێك یان دووانم لێ ون بوو ئەوکات منیش تۆ بەڕەڵا دەکەم و چیتر نانت نادەمێ.

**سەگە گوێکورت**: ( بە دەم تێك ئاڵان و ترسێکی زۆرەوە) زۆر ڕاستە تێگەیشتم ئیدی لەمەودوا من کاری خۆم کە پاسەوانی مەڕەکانە بە جوانی ئەنجام دەدەم و ئاگام لەمەڕەکان دەبێت کە لەناو مێگەلەکەیان دەرنەچن.

**شوان**: ئافەرین سەگە گوێکورت تێگەیشتی هەر کەس دەبێت کاری خۆی بە جوانی ڕاپەڕێنێت و کەس خۆی هەڵنەقورتێنێتە ناو کاری کەسێکی ترەوە.

**کەرەبۆر** : (دێتە پێشەوە دوای زەڕین) شوانە گیان ئەگەر ماندووبووی لە ڕۆیشتن وەرە سەر پشتی من خۆم دەتگەیەنم.

**شوان**: نا کەرەبۆری هاوڕێم دەتوانم بڕۆم سوپاس بۆ تۆ و بۆ سەگە گوێکورت و مەڕوکانیشم ئێمە هەر چوارمان هاوڕێی یەکین دەبێت هەر کەس ئاگای لە کاری خۆی بێت و کارەکەی خۆی بەجوانی جێبەجێبکات تا بەیەکەوە بەخۆشی بژین و بە سەلامەتی بگەڕێنەوە گوند و ناو ماڵە و کولانە و خانووی خۆمان.

## شانۆگەری دەیەم

# قاز و مریشکەسوور

**بابەت**

**(دزی نەکردن، ئارامگرتن و سوپاسگوزاری)**

## کەسایەتییەکان:

**قاز"**

بە پۆپییتەیەکی زەردەوە.

**مریشکەسوور"**

بە پۆپییتەیەکی سوورەوە.

قاز و مریشکەسوور هەردووکیان لە کولانەکەیان دێنە دەرێ
**قاز:** (قواغ قواغ قواغ) ترس و دڵەڕاوکی لە جولەی و ڕۆیشتنی دەبینرێت
**مریشك** : (دوق دوق دوق) لە کوالانەکەی دێتە دەرەوە، ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕۆیشتن و ڕوانینی دەردەکەوێت.
**قاز:** قواغ قواغ مریشکی هاوڕێ گوێم لە خاوەنەکەمان بوو بەیانی جەژنە و هاوسەرەکەشی وتی مریشکەسوور یان قازە پۆپیتەزەرد سەڕبڕە بۆ خواردنی جەژن.
**مریشکەسوور:** دوق دوق من دەترسم قازی هاوڕێم دڵنیام من سەردەبڕێت.
**قاز:** (بە دەم لەرزین و ترسەوە) قواغ قواغ نەخێر من سەردەبڕێت گۆشتی زیاترم پێوەیە.
**مریشك:** ( بە ترس و دڵەڕاوکێوە) نا من و قاز دەڵێ نا من سەردەبڕێت، نا من، نا من، نا من تا دێت دەنگیان بەرزتر دەکەنەوە لەو کاتە گوێیان لە ژنەکە دەبێت.
**ژنەکە:** پیاوەکە بڕۆ ئەو چەقۆیە لای وەستا تێژ بکەرەوە بۆ بەیانی.
( بەم قسەیە قاز و مریشکە سوور زیاتر تێکدەچن و دەشڵەژێن).
**قاز:** (کە دەستی مریشك دەگرێت) مریشکی هاوڕێم وەرە چارەسەرێك بدۆزینەوە.
**مریشك:** ( بە زمانێکی پچڕ پڕ و لەرزینەوە) یەك چارە هەیە لەم ماڵە ڕاکەین.
**قاز:** نەخێر ڕاکردن چارەسەر نییە لە دەرەو بمانگرن ڕێك دەمانفرۆشن جا سەرمان دەبڕن
**مریشکەسوور:** ( بەسەرسامییەوە) ئەی چارەسەر؟
**قاز:** بچین هەر یەکێکمان حەوت هێلکە لە ژێر خۆمان دادەنێینەوە تا خاوەن ماڵ ببینێ هێلکەکان بەچکەی تیایە بەم بۆنە بەزیەیی بە بەچکەکان دادێتەوە و سەرمان نابڕێت.

مریشك: (بە ترسەوە) جا هێلکەی لە کوێ بێنین.
**قاز:** ئاسانە لە دراوسێی خاوەنەکەمان دوکانی هەیە دونی تاریك بوو بە دەرگەی دواوە دەچین و بۆ هەر یەکێکمان حەوت هێلکە دەدزین
**مریشکەسوور:** ( ڕووخساری گەش دەبێتەوە) ئەمە زۆر باشە من هەموو شتێك دەکەم بەس خاوەنەکەم سەرم نەبڕێت چونکە خۆشمدەوێت هەموو ڕۆژ دوو هێلکەی بۆ دەکەم.
**قاز:** وا دونیا تاریك دادێت خۆت ئامادە بکە.
**مریشکەسوور:** من دەترسم دەستم بگرە.
لەوکاتە دەیانەوێت هەنگاو بنێین بۆ دەرەوە لە دەرگەی ماڵەکە دەدرێت.
**ژنەکە:** پیاوەکە بزانە وەستا چەقۆکەی بۆمان هێناوەتەوە.
قاز و مریشك کە گوێیان لەمە دەبێت لە جێگەی خۆیان دەلەرزن.
**پیاوەکە:** فەرموو ئۆ دەستتان خۆش خودا خێرتان بنووسێت.
**ژنەکە:** (بە هاوارەوە) کێ بوو پیاوەکە.
**پیاو:** (بە دڵخۆشی و قاقای پێکەنینەوە) ئەوە دراوسێکەمانە گۆشتی قوربانی بۆ هێناوین.
**ژنەکە:** (بە دڵخۆشییەوە) ئۆوو پیاوەکە خواخێریان بنووسێت تازە پێویست ناکات قاز و مریشکەکەمان سەربڕین.
کە قاز و مریشك گوێیان لەم قسە دەبێت، دەمێك لە جێگەی خۆیان تووشی شۆك دەبن و هەر سەیری یەکتر دەکەن لەپڕ هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە هەڵدەپەڕن و دووقە دوق و قواغ قواغ دەکەن.
**قاز:** مریشکی هاوڕێم خودا دووجار ئێمەی پاراست.

**مریشکەسوور:** ( بەهاوارکردنەوە) چۆن ؟
**قاز:** ئەی چۆن جارێك لە دزینی هێلکەی دوکاندارەکەی دراوسێ ڕزگارمان بوو، جارێکی دیکەش لە سەربڕین ڕزگامان بوو.
**مریشکەسوور:** ئۆوو زۆر ڕاستە هاوڕێ کەواتە چی بکەین
**قاز:** با پێکەوە بڵێین سوپاس خودایە، سوپاس خودایە، سوپاس خودایە.

## شانۆگەری یازدەیەم

# سەگ و گورگەشین

**بابەت**

**(ئاژەڵ دۆستی و باوەڕ بەخۆبوون)**

# کەسایەتییەکان:

**گورگەشین"**
ئاژەڵێکی کێوی لە دارستان دەژیت.

**سەگ"**
ئاژەڵێکی ماڵی لەبەردەرگەی ماڵێك پاسەوانە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان گورگەشین زۆری برسی دەبێت و لە دارستان خۆراکی دە ست ناکەوێت و ناچار ڕوودەکاتە ناو شار بۆ ئەوەی پاشماوەی خۆراکی م رۆڤەکانی دەستبکەوێت و لەم برسیەتییە ڕزگاری بێت.

**گورگەشین:** (بە لوورە لوورەوە)

ئەم شارە چییە یەك خواردنی لێ نییە، مرۆڤەکان چەند ڕەزیلن شتێك فڕێ نادەنە دەرەوە.

تۆزێکی دیکە دەڕوات سەری تەنەکەیەکی زبڵ و خاشاك هەڵدەداتەوە بە پەلەپەل دایدەخاتەوە.

**گورگەشین:** (بە بێزکردنەوە)

ئیاع مرۆڤەکان چی دەخۆن پاشماوەی خۆراکیان وا پیسە، خۆ ئێمە هیچ پا شماوەمان نییە و هیچی فڕێ نادەین هەرچی دەستمان بکەوێت بە ئیسق انەوە دەیخۆین و ژینگەو خاك پیس ناکەین.

گورگەشین تۆزێکی دیکە دەڕوات چاوی بە سەگ دەکەوێت و سەگەکە لە دوورەوە پێی دەحەپێت، و گورگەشین هەوڵدەدات لێی نزیك بێتەوە

**گورگەشین**: (بەدەم پرسیار و سەرسامییەوە) ها سەگی کۆنی خزم ئەوە چی دەکەیت لەبەردەرگەی ئەو مرۆڤانە وا ڕاکشاوی؟

**سەگ**: (بە زەردەخەنەوە) گورگەشین تێر نانیان پێداوم و ئێستاش پاسەوانی ماڵەکەیان دەکەم لە دز و دڕندە و ڕێگرەکان

**گورگەشین**: ( بە پێکەنینەوە) ئێ تۆ خزمەتکاری تۆ پاسەوانی واتە تۆ کۆیلەو بەندەی ئەو ماڵەی و ئازاد نیت لە ژیانی خۆت.

**سەگ**: (بە توڕییەوە) نەخێر من ئازادم و بە دڵی خۆم نان دەخۆم.

**گورگەشین**: سەگەگیان ئازاد نیت نا، تەنیا لە خواردن ئازادیت، نەك لە پیاسە و گەڕان، ئێستا بچیتە بەردەرگەی ماڵێکی دیکە ڕێك خاوەن ماڵەکە بە تاپڕ دەتکوژێت.

**سەگ**: نا نا نەخێر وانییە خاوەنەکەم زۆر میهربانە

**گورگەشین**: دەباشە ئەگەر میهرەبانە یەك شەو ئەو ماڵە جێبهێڵە و پاسەوانیان بۆ مەکە بزانە نانت پێ دەدەن.
**سەگ**: (بە توڕەییەکی زۆرەوە) ڕاستە من سەگم بەڵام بۆ تکە نانێك نابم بە پیاوی هەموو کەس
**گورگەشین**: ئەگەر ڕاستەکەی وەك من واز لە شار بێنە و وەرە دارستان بژی
**سەگ**: ئێمەی سەگ وەك ئێوە نین، لەگەڵ مرۆڤەکان کێشەمان نییە ئێمە پاسەوانی مەڕەکانیان دەکەین و ئێوەش مەڕەکانیان دەخۆن، ئێمە پاسەوانی ماڵەکانیان دەکەن ئێوە شەوان بە دزی دێن و مریشك و مراوی کەڵەشێرەکانیان دەخۆن.
**گورگەشین**: جا ئەمە چ پەیوەندی بەوە هەیە من لە دارستانم دەژیم و تۆش لە شار لەگەڵ مرۆڤەکان.
**سەگ**: ئەی چۆن پەیوەندی نییە، لەبەر ئەم هۆکار مرۆڤەکان ئێوەی گورگیان خۆش ناوێت چونکە بێ بەزەیی و خوێنڕێژن.
**گورگەشین**: سەگی خزم سەیر بکە ئەگەر ئێمە وەك ئێوەی سەگ کویلایەتیمان بکردایە بۆ مرۆڤەکان یەك بەردەرگەی مرۆڤەکان بۆ ئێوەی سەگ نەدەما.
**سەگ**: (سەری خۆی نەوی دەکات) ئممم.
**گورگەشین**: تەماشاکە ئێمەی دڕندە تەنیا ئەوکاتەی برسی بین ڕاودەکەین و بەدوای نێچیرەوە دەڕۆین و دەیانخۆین، بەڵام مرۆڤەکان کە تێربوون جا دێن بۆ خۆشی خۆیان ئێمەی ئاژەڵ ڕاودەکەن و دەمانکوژن.
**سەگ**: ئێ مرۆڤەکان تەنیا مامز و کەروێشك و بزنە کێوی و کۆترە کێوی ڕاودەکەن.

**گورگەشین**: ئەمانەش گیانلەبەن نابێت مرۆڤەکان لەبەر خۆشی خۆیان

نەك بیانكوژن نابێت تەنانەت ئازاریشیان بدەن، چونكە ئاژەڵەكانیش وەك مرۆڤەكان خوشك و برا و هاوسەر و منداڵ و خانەوادە و ماڵ و نیشتیمانیان هەیە.

**سەگ**: گورگەشین من لەسەر دەستی تۆ هەرگیز ڕاوی ئاژەڵ بۆ مرۆڤەكان ناكەم.

**گورگەشین**: دەستت خۆش سەگی خزم هیوادارم منش ڕۆیشتم هەروا بیربكەیتەوە و نەگۆڕێیت.

## شانۆگەری دوازدەیەم

# حەوت براکە

**بابەت**

**(ژیری، دڵسۆزی، هاوکاری، خەمخۆری)**

# کەسایەتییەکان:

**برا گەورە"**

**برا بچوك"**

**برای ناوڕاست"**

لەنێو حەوت براکە گفتوگۆیەکی توندە هەمووی بەکتری دەڵێن
(من برا گەورەم، نا من براگەورەم، نا من برا گەورەم)
دوو دەقیقە بەس ئەم وشەیە بەرامبەر یەکتر بەکاردێنن لەم ناوە تەنیا برا بچوکەکە دانیشتووە و بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکات.
شەش براکە لە کاتی گفتۆکەکە هەموویان
بەیەکەوە ئاوڕی برا بچوکەکەیان دەدەنەوە
و لێی ڕادەمێنن و ماوەیەك ئاوا بێدەنگ دەبن.
**براگەورە:** (بەس سەرسامییەوە)
برا بچوك تۆ بۆچی داوای برا گەورایەتی ناکەیت؟.
**برابچوك**: (هەڵدەستێتە سەرپێ و لە برا گەورەی نزیك دەبێتەوە بەدەم زەردەخەنەوە)
ئێوە ئێستا هەمووتان بوونەتە برا گەورە، خەڵك یەك برا گەورەی هەیە من شەش برا گەورەم هەیە، ئیدی بۆ داوای برا گەورایەتی بکەم.
**براناوەڕاست**: نەخێر دەبێت یەك کەس برا گەورە بێت لەم ماڵە.
**براگەورە**: باشە کێ لە هەموومان گەورەترە لە دوای باوکمان ئەو دەبێتە برا گەورە.
**برابچوك**: (ڕوو لە برا گەورە دەکات) کەواتە ئەوەی لە دوای باوکمان دەبێت بە برا گەورە دەبێت هەموو سیفەتە جوانەکانی باوکمانی تێدابێت
**براناوەڕاست**: زۆر ڕاستە دەبێت وەك باوکمان ئارام بێت، وەك باوکمان دڵسۆزبێت، وەك باوکمان دادپەروەربێت لەنێوانمان، وەك باوکمان هەموومان بە یەك چاو سەیربکات.
**یەکێك لە چوار براکەی تر**: جا برایان کێ وەك باوکمان وا دڵسۆزە و میهرەبانە لەناو ئێمە.
**براناوەڕاست**: ( پشت لە براگەورە دەکات و ڕوو لە برابچوك دەکات)
برایان سەیرکەن باوکمان برا بچوکی ئێمەی زۆر خۆشدەویست و هەمیشە

دەیوت ئاگاتان لێی بێت، کەچی بە پێچەوانەوە دوای باوکمان ئەو لە هەمووان زیاتر چاوی لە ئێمە بووە و بێ جیاوازی کێشەی هەمووانی چارەسەرکردووە و لە کاتی تەنگانە بە پیل هەموومانەوە هاتووە بۆیە من برابچوکمان بە براگەورەی خۆمان دادەنێم.
**براگەورە:** (بە خێرایی خۆی دەسوڕێنێتەوە و بە هاوارکردنەوە) چ چ چ برابچوك ببێت بە براگەورە، نەخێر ئەی من چیمە، من دارم، بەردم لە ماڵە ( برا بچوکیش بە بێدەنگی و سەرسوڕمانەوە سەیری گفتوگۆی براکانی دەکات)
**بِراناوەڕاست:** ( دەست لەسەر شانی براگەورە دادەنێت) براگیان بۆ پشتگیری ڕاستی ناکەیت، برابچوکمان بۆ تۆ و بۆ هەموومان باش بووە و لە هەموومان دڵسۆزترە بۆ ئەو ماڵە، ئەو هەرگیز وەك من و وەك تۆ و براکانی ترمان جیاوازی نەکردووە.
**یەکێك لە چوار براکەی تر:** بەڵێ جگە لەوەش برابچوکمان هەموو سیفەتەکانی باوکمانی تێدایە.
**دانەیەکی تر لە چوار براکەی تر:** ( بە پێکەنینەوە) جا شێوە و هەڵسوکەوتیشی ڕێك لە باوکمان دەچێت بۆیە ئێمەش ڕازین ببێت بە براگەورەمان.
**برابچوك:** تکایە برا گەورایەتی ئەوەندە ناهێنێت، هەر کێ دەبێت با ببێت بەڵام ئەو دڵسۆز بێت بۆ خێزانەکەمان و لە دەرەوەی ماڵیش نوێنەرایەتی جوانی خانەوادەکەمان بکات.
**براناوەڕاست:** برابچوك گیان ئەوەی تۆ دەڵێیت ئەو سیفەتانە تەنیا لە خۆتدا هەیە، بۆیە من دەست هەڵدەبڕم بۆ ئەوەی برابچوکەکەمان ببێت بە براگەورەمان و کێی تریش ڕازییە با دەست هەڵبڕێت.
**براناوەڕاست:** من سەد لەسەد پشتگیری دەکەم و هەر لە ئێستاوە دەڵێم پیرۆزە و براگەورایەتی هەر شایستەی خۆتە.
چوار براکەی تر: (یەك لە دوای یەك دەست هەڵدەبڕن و بەیەکەوە دەڵێن) پیرۆزە براگەورایەتیت.

دواتر هەموو ڕووی خۆیان وەردەگێرن بۆ لای براگەورە و چاوەڕێن دەست هەڵبڕێت" بەڵام لە جێگەی خۆی بە تورەیی وەستاوە و دەستە ڕاستی خۆی وەك مست لێکردووە و وەك ئەوەی بیەوێ هەڕەشە بکات و مست بهاوێژێ بۆ لای برا بچوك دەڕوات و نزیك دەبێتەوە و لێی و دەستی مستی لێ بەرز دەکاتەوە.

**هەر پێنج براکەی دیکە:** (بەسەرسامییەوە) ئووو چی دەکەیت؟؟!!

**براگەورە:** (مستی لە ئاسمان ڕادەگرێت بەرامبەر برابچوکی و جا مستی دەکاتەوە و پەنجەکانی درێژ دەکات و ڕووخساری دەگۆڕێت و زەردەخەنەیەك دەکەوێتە سەر لێوی) پیرۆزە برابچوکەکەم، تۆ ئێستا براگەورەی هەمووومانی.

براگەورە باوەشێکی توند بە برابچوکی دەکات و براکانی دیکەش هەموو بەیەکەوە دەست دەکەن بە چەپڵە و پیرۆزە و پیرۆزە.

دوات براکانی دیکەش یەك لە دوای یەك پیرۆزبایی لێ دەکەن و دەچنە دواوەی برابچوك و کە دوا کەس تەواو دەبێت برابچوك سەر شانۆ جێ دەهێڵێت و هەموو براکانی دیکەش بە دوای ئەو دەچنە دەرەوە.

## شانۆگەری سێزدەیەم

# مانگ و ئەستێرە

بابەت
(زوو خەوتن و زوو هەڵسان لە خەو)

## کەسایەتییەکان:

**خۆر"**

گەرموگوڕ و زۆر خێرا قسەدەكات.

**مانگ"**

نەرم و نیان و ئارام و لەسەرخۆ.

**ئەستێرە"**

ناسك و بچكۆلە و بەناز.

دنیا تاریکە و بە گفتوگۆی نێوان مانگ و ئەستێرە دەست پێ دەکات.
**ئەستێرە:**
مانگی هاوڕێم پێم بڵێ تۆ بۆچی تۆ هەر ڕۆژ بە جۆرێك خۆت دەردەخەیت کە دەگەیتە ناوەڕاستی مانگ دەبیت بە نێوە.
**مانگ:** (بە پێکەنینەوە، بە دەنگێکی میهرەبان).
ئەستێرەی هاوڕێم من قەبارەم ناگۆڕێت هەر وەك خۆمم بەڵام کاتێك لای ەکم یان نیوەم  یان هەمووم دەکەوێتە ناو تاریکی تۆ و منداڵەکان یان تۆزێکم دەبینن یان نیوەم.
**ئەستێرە:** تۆ سەرەتای مانگ زۆر بە گەورەیی و جوانی دەردەکەوت.
**مانگ:** زۆر ڕاستە چونکە سەرەتا زۆر بە گڕوتینم و ڕووناکی زۆر هەیە و تاریکی دامناپۆشێت.
**ئەستێرە:** مانگی هاوڕێم دەزانی مرۆڤەکان من و تۆ بە یەکەوە دەبینن و دەڵێن گوایە ئێمە یەکترمان خۆشدەوێت بۆیە هەمیشە لەنزیکی یەکین.
**مانگ:** بێگومان من تۆم خۆشدەوێت و هەموو هەسارەکان و ئاسمان و خۆر و زەوی و دەریا و شاخ و بیابان و دارستان هەر هەموویانم خۆشدەوێت.
**ئەستێرە:** ئۆو تۆ دڵێکی چەند باشت هەیە منیش هەوڵدەدەم وەك تۆ وابم.
(لەمیانەی ئەو قسانە دەبن، خۆر دێت و دەوروبەر ڕووناك دەبێتەوە و ئەستێرە و مانگ چاوی خۆیان دەگرن و) دەڵێن: ئێمە دەڕۆین.
**خۆر:** مانگ و ئەستێرەی هاوڕێم بۆچی دەڕۆن.
**مانگ:** خۆری ئازیز ئێمە دەبێت بڕۆین چونکە کاتێك تۆ هەڵدێت و دنیا ڕووناك دەکەیتەوە واتە دەبێت منداڵەکان لەخەو هەڵسن بۆ قوتابخانە خۆیان ئامادەبکەن.
**ئەستێرە:** جگە لەوەش ئێمە دوێنێ شەو چیرۆکمان بۆ منداڵەکان گێڕاوەتەوە و تا خەویان لێکەوتووە گۆرانیمان بۆ گوتوون بۆیە ماندووین دەبێت ئێمە پشوو بدەین.

**خۆر**: باشە مانگ و ئەستێرەی ئازیز دەتوانن بمێننەوە بەڵام هیچ کارێك نەکەن و بۆ خۆتان پشوو بدەن.
**مانگ و ئەستێرە:** هەر یەك لەسەر کورسییەك پاڵدەکەوێت و چاوەکانی دەنووقێنێت و لە شێوەی خەوتن دەخەون.
**خۆر**: (ڕوو دەکاتە بینەر) ئێ منداڵان بەیانیتان باش، ئەمرۆ ڕۆژێکی تازەیە، هیوادارم ڕۆژەکەتان ڕۆژێکی زۆر خۆش و پڕ بەهرە بێت.
(جار جار ئاوڕ لە مانگ و ئەستێرە دەداتەوە پڕخەیان دێت ڕووی خۆی گرژ دەکات و دواتر زەردەخەنەیەکی کۆمیدی دەکات، جا دواتر ڕوو لە منداڵەکان دەکاتەوە)
**خۆر**: ئێ منداڵەکان بزانم شەو مانگ و ئەستێرە چی فێرکردوون، ژمارەکانی فێرکردوون دەی با بەیەکەوە بیانڵێین ( لە ژمارە یەك تا ژمارە دە لەگەڵ منداڵەکانی ئامادەبوو دەڵێتەوە، دواتر دەڵێتە منداڵەکان دەی بەیەکەوە بە دەنگێکی بەرز" یەك، دوو, سێ, چوار, پێنج، شەش، حەفت، هەشت، نۆ، دە)
لەو کاتە مانگ و ئەستێرە لە خەو هەڵدەستن وردە وردە دونیا تاریك دەبێت.
**مانگ و ئەستێرە:** خۆیان ڕادەپچڕێنن و باوەش دەدەن و بە زەردەخەنەوە بەیەکتر دەڵێن) بەیانی باش.
**خۆر**: دەبوەستن هاوڕێیان بوەستن هێشتا قسەم مابوو لەگەڵ منداڵەکان تەواوم نەکردووە
**مانگ**: خۆری ئازیز بەیانی وەرەوە ئێستا ئێوارەیە کاتی پشووە و دواتر کاتی خەو
( خۆر نا نا بە یەك دوو قسەی تریان لەگەڵ بکەم توخوا)
**ئەستێرە**: نا نا نەخێر بڕۆ با منداڵەکان زوو پشوو بدەن و زوو بخەون تا بەیانی زوو خەبەریان بێتەوە
**خۆر**: باشە باشە دەی منداڵە ئازیزەکان هەمووتانم خۆشدەوێت و خواتان

لەگەڵ دەتانبینمەوە ( هەر دەڕوات و قسە دەکات) ئێوەم خۆشدەوێت بیرتان نەچێت، ئێ ئێ ئەمجارە تا ژمارە بیست دەژمێرین.

**مانگ:** دە بڕۆ تۆ بۆ وا دەکەیت، منداڵەکان دوادەکەون لە خەوتن ها.

(ئیدی خۆر ون دەبێت و تەنیا مانگ و ئەستێرە لەسەر ستەیج دەمێننەوە

**ئەستێرە:** ئەمرۆ خۆر کاتی ئێمەی زۆر گرت بۆیە کاتی چیرۆکمان نەماوە و درەنگ دەکەوێت تەنیا گۆرانیتان بۆ دەڵێین و دەخەوین).

**منداڵان ئێستا شەوە**
**کات کاتی پشوو و خەوە**
**بەهیوای خەوێکی خۆش**
**بەهێز بکا بیر و هۆش**
**پێش خەو نەچێ لە یادتان**
**لەگەڵ دایە شەوشادتان**
**ئێمە دەڕۆین خواحافیز**
**ئەی منداڵانی ئازیز.**

## شانۆگەری چواردەیەم

# چوار پێنووسەکە

**بابەت**

**(ناسینی ڕەنگەکان)**

# کەسایەتییەکان:

پێنووسی شین"
پێنووسی زەرد"
پێنووسی سەوز"
پێنووسی قاوەیی"
پێنووسی ڕەش و سپی"

پەردە هەڵدەدرێتەوە پێنووسی ڕەش و سپی دەستیان لەناو دەستی یەکترە دێنە پێشەوە و بە توند و تورەیی سەیر یەکتر دەکەن و دواتر سەیری بینەر دەکەن.
**ڕەنگی ڕەش:** بە دەنگێکی تۆقێنەر و گڕەوە ئێمە پێنووسی ڕەشین، ڕەنگی ژیانین و دەتوانین ژیان ڕەنگ بکەین.
**پێنووسی سپی:** بە دەنگێکی گاڵتەجاڕانەوە کورە ئێمە خۆ ڕەنگ نین، سپی و ڕەش کوا ڕەنگە.
**پێنووسی ڕەش:** دەزانم دەنگت نزمکە با پێنووسە ڕەنگاوڕەنگەکان نەیەن دەرمان بکەن.
لەو کاتە دەنگە دەنگێك دێت وردە وردە دەنگە بەرز دەبێتەوە.
**دەنگەکان:** من پێنووسی زەردم، من پێنووسی سەوزم، من پێنووسی شینم، من پێنووسی قاوەییم، ڕەنگی ڕەش و سپیش لەگەڵ هەر ناوهێنانێك لە جێگەی خۆیان جارێك ڕادەچڵەکێن.
(دەنگەکە تا دێت نزیکتر دەبێتەوە لەگەڵی قاقای پێکەنین و دڵخۆشی دەردەکەوێت).
چوار پێنووسەکە دەستی یەکیان گرتووە و دێنە سەر تەختی شانۆ
**پێنووسی سەوز:** (ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات)ئێستا ئێمە ڕەنگین چین ؟
هاورێکانی بەیەك دەنگ :

**ڕەنگی ڕاستەقینەی ژیانین**
**هەموومان بەیەکەوە جوانین**
**سەوز و قاوەیی و زەرد و شین**
**هەر ئێمەین ڕەنگی جوانی ژین**
**دەست لەنێو دەستی یەکین**
**لەگەڵ یەکتریدا ڕێکین**

دواتر پێنووسەکان هەر کەس بە تەنیا قسەی خۆی دەکات.

**پێنووسی سەوز:**
ڕەنگی سەوزی بەهارم
ڕەنگی درەخت و دارم
دارستان و گەڵا و گوڵ
من خۆشی دەخەمە دڵ

**پێنووسی زەرد:**
منداڵان منیش زەردم
ڕەنگێکی زۆر بێگەردم
ڕەنگی وەرزی پایزم
ڕەنگێکی زۆر ئازیزم

**پێنووسی شین:**
ئەمنیش ڕەنگی شینم
ڕەنگی دەریای بەرینم
ڕەنگی پاکی و ئەوینم
ڕەنگی ئاسمانی شینم

**پێنووسی قاوەیی:**
دەزانن ئەمن چیمە
من ڕەنگی قاوەییمە
ڕەنگی خاك و ڕەنگی خۆڵ
ڕەنگی بیابانی چۆڵ

لەو کاتە پێنووسی سپی بەنهێنی و قاچەکانی دەهێنێت پێشەوە
**پێنووسی سپی:** (بە دەنگێکی کز و لەسەرخۆ بەئاواز وەك ڕەنگەکانی دیکە) منیش پێنووسی سپیم ڕەنگی جوانی...
**پێنووسی سەوز:** ڕەنگی سەوز نایەڵێ قسەی تەواو بکات ئەوە چی دەڵێیت خۆ تۆ وەك ئێمە ڕەنگ نیت.
**پێنووسی سپی:** چۆن ڕەنگ نیم ئەی ڕەنگی بەفر، ڕەنگی ئاو ، ڕەنگی هەور ئەی ئەمانە سپی نین، من ئەمانە ڕەنگ دەکەم.
**پێنووسی زەرد:** ڕاستە ڕەنگن بەڵام ڕەنگی سپی بە ڕەنگ ئەژمار ناکرێت، هەر شتێك کە سپی بوو مانایە وایە پاکە ڕەنگی بەفر و ئاو و هەور پاکن،
**پێنووسی سپی:** کەواتە ئێوەش و مرۆڤیش دەبێت وەك ئاو پاك بێت، وەك بەفر خاوێن بێت، وەك هەور بێگەرد بێت.
**ڕەنگی ڕەش:** (لەو لاوە بە توڕەییەوە خۆی دەخاتە ناو گفتۆیەکە) ئەدی ئەمە چی بوو پێنووسی سپی هاوڕێم باسی کرد.
**پێنووسی زەرد:** بەڵێ، بەڵام لە زانست ڕەنگ نییە.
**پێنووسی ڕەش:** بە توڕەییەوە ئەی من چی ڕەنگ نیم.
**پێنووسی سەوز:** بەپێکەنینەوە نەخێر، نەخێر تۆ ڕەنگ نیت کاتێك ڕەنگی سپی نامێنێت تۆ دەردەکەویت تۆش هەر سپی و لە سپی لە دایك دەبیت پێنووسەکان دەستی یەك دەگرن و بازنەیەك دروست دەکەن و پێنووسی ڕەش و سپیش لەناو بازنەکە ڕوو لە ڕەنگەکان دەوەستن.
**پێنووسی شین:** دەستی بەرزدەکاتەوە من پێنووسی شینم، دەتوانم وێنەی دەریا و ڕووبار و ئاسمان بکێشم.
**پێنووسی زەرد:** من دەتوانم وێنەی گەڵای زەردی پایز و وێنەی زێڕ و وێنەی خۆرئاوابوون بکێشم.
**پێنووسی سەوز:** منیش دەتوانم وێنەی بەهار و گەڵای دار و باخچەو دارستان و دەغڵ و دان بکێشم.

**پێنووسی قاوەیی:** هاوڕێیان منیش دەتوانم وێنەی خاك و خۆڵ و بیابان و قوڕ و تەپۆڵك و گرد بکێشم.
**پێنووسی ڕەش:** بە پەلە و هاوارەوە منیش منیش دەتوانم وێنەی شەو و ئەو و ئەو و ئەو دەمی تێك دەئاڵێت.
**پتنووسی سپی:** ئەوەش بەپەلە منیش منیش دەتوانم ڕەنگی ئاو و بەفر و هەور بکێشم.
**پێنووس سەوز:** باشە باشە ئێوەش بەدوامان وەرن و لەگەڵمان بن ڕەنگە جاروبار کارمان پێتان بێت.

## شانۆگەری پازدەیەم

# بولبولی دەنگخۆش و چۆلەکەی ئازاد

**بابەت**

**(ئازادی ژیان و هاوڕێیەتی و هاوکاری)**

# کەسایەتییەکان:

**بولبولی دەنگخۆش"**
باڵندەیەکی دەنگ خۆشی ماڵی.

**چۆلەکەی ئازاد"**
باڵندەیەکی گەڕۆکی ئازاد.

بولبول لەنێو قەفەسێکەوە باڵەکانی لەیەك دەدات و پیاسە دەکات بۆ پێشەوە دەڕوات و دەگەڕێتەوە بەردەوام دەبێت لەم جولەیە.

**بولبولی دەنگخۆش:**

**من بولبولی دەنگخۆشم**
**هەمیشە وا دڵخۆشم**
**دەخوێنم بە ڕۆژ و شەو**
**کاتم زۆر زۆرە بۆ خەو**
**من بە دەنگە خۆشەکەم**
**دڵەکان پڕ جۆشەکەم**
**بولبولێکی دەنگخۆشم**
**ئارامی بیر و هۆشم**

لەم قسانە دەبێت، چۆلەکە دەردەکەوێت، چۆلەکە دەڕوات سەیری چەپ و ڕاستی دەکات، دەڕوات لەبەردەمی ورد دەبێتەوە.

**بولبولی دەنگخۆش:**
ئەی چۆلەکەی هاوڕێ چییە دەڵێی بە دوای دان و خۆرك دەگەڕێیت بۆیە هاتوویتە ناو ئەو ماڵە.
**چۆلەکەی ئازاد:** بەڵێ لە بەیانییەوە بۆ دانەوێڵە دەگەڕێم.
(لە بولبولی دەنگخۆش دێتە پێشەوە و لێی ورد دەبێتەوە)
**چۆلەکەی ئازاد:** تۆ هێشتا هەر لەنێو ئەم قەفەسەی؟
**بولبولی دەنگخۆش:** بە گاڵتەکردنەوە چۆن دڵت دێت بڵێی قەفەس بڵێ هێشتا لەم بەهەشتەی.

**چۆلەکەی ئازاد:** کامە بەهەشت کە ناتوانی بستێك هەڵفڕی، کە ناتوانی ئاسمانی شین ببینی، کە ناتوانی هاوڕێ باڵندەکانی ترت ببینی کە چۆن لە ئاسمان بە ئازادی خۆیان پیاسە دەکەن.
**بولبولی دەنگخۆش:** من دەرفەتی پیاسەم نییە خەریکم ئاوازی خۆش بۆ خاوەنەکەم دەخوێنم، خۆ وەك تۆ کێشەی شوێنی مانەوە و کێشەی خۆراکم نییە.
**چۆلەکەی ئازاد:** هەموو شتێك هەر خواردن و جێگەی مانەوە نییە، باڵندەکان دەبێت هێلانە بە دەنووکی خۆیان دروست بکەن نەك بە دەستی مرۆڤەکان.
**بولبولی دەنگخۆش:** وەرە وەك من بکە چیت داوە لە دەرەوە، وەرە خۆت لە ترسی ڕاوچییەکان، ترسی سەرمای زستان و گەرمای هاوین، ترسی نەبوونی خۆراك و دانەوێڵە، ترسی باڵدە بەهێزەکان لە ئاسمان، وەرە خۆت ڕزگاربکەو وەك من لە ژیانی خۆش بژیت.
**چۆلەکەی ئازاد:** ئەم قەفەسە پیرۆزی خۆت بێت من نامەوێت بەچکەکانم لەنێو ئەم قەفەسە گەورەبن و نەزانن ئاسمانی ژین چییە و فڕین چییە و هەوای پاك چییە.
بولبولی دەنگخۆش بە پێکەنینەوە ئێ ئەمماڵەش هەوای پیس نیە ئەوەتە لە پەنجەرەوە سەیری ئاسمانی شین دەکەم.
**چۆلەکەی ئازاد:** تۆ کە لەنێو ئەم قەفەسە زیندانیکراوی بەرامبەر خواردنێکی کەم کە خۆشت دەتوانی لەدەرەوەی بە دەستی بێنی هەر دەبێت خاوەنەکەت ڕازی بکەیت ڕۆژێکیش نەخۆشکەوتیت یان توانای جریواندن و خوێندنت نەما خاوەنەکەی دەتفرۆشێ بە کەسێکی بێگانە.
بولبولی دەنگخۆش: ئەم جا چی بکەم من تازە لەم ژیانە ڕاهاتووم
**چۆلەکەی ئازاد:** نەخێر دەتوانی خۆت ئازاد بکەیت هەر کاتێك خاوەنەکەت هات و دەرگەی قەفەسی بۆ کردیتەوە و دانەوێڵەی بۆ دانای تۆش دەرفەت وەرگرە و ڕاکە.

**بولبولی دەنگخۆش:** بە دەنگێکی خەمبارەوە ناتوانم ناتوانم فڕینم بیرچۆتەوە.
**چۆلەکەی ئازاد:** دەتوانی سەیری من بکە تەنیا باڵەکانت ئاوا لەیەکتر بدە و خۆت دەفڕیت.
**بولبولی دەنگخۆش:** بە دەنگێکی خەمگینەوە ئای خودایە سێ دانە ساڵە من نەفڕیوم، باڵەکانم ئازاری هەیە کە دەیانجولێنم.
**چۆلەکە:** ئەمەش چاك دەبێت یەك پیاسەی ئاسمان بکە هیچ نەخۆشی و ئازارێکت نامێنێت. (لەم قسانەدەبن خاوەنەکەی دێتەوە و ڕوو لە بولبولی دەنگخۆش دەکات).
**خاوەن ماڵ:** بولبولە جوانەکەم، باڵندە ڕەنگینەکەم دانەوێڵەم بۆت هێناوە دەرگەی قەفەسەکەی دەکاتەوە دەنگی شەپە شەپی باڵەکانی دێت.
**خاوەن ماڵ:** ئەوە چی دەکەی بولبولەکەم شیت بوویت دەتەوێت بۆ کوێ بفڕیت.
**بولبولی دەنگخۆش:** دەمەوێت بفڕم بۆ قوڵایی ئاسمان، ئەو ئاسمانەی جوانەی سێ ساڵە منت بێ بەش کردووە لە بینینی لەبەرامبەر چەند دەنکە دانەوێلەیەك.
**خاوەن ماڵ:** ئەی هاوار نەکەی بفریت من پارەم بەتۆ داوە.
**بولبولی دەنگخۆش:** خاوەن ماڵ، ئازادی بە پارە ناکرێت خۆت بڕۆ ناو ئەم قەفەسە بزانم چەند سەعات دەتوانیت بمێنیتەوە، ئێمەی بولبول بۆ ئەوە خودا دروستی نەکردوون لەناو قەفەس ژیان ببەینەسەر.
**چۆلەکەی ئازاد:** بە هاوارکردنەوە بولبولی دەنگخۆش وەرە ئێرە.
**خاوەن ماڵ:** هەی چۆلەکەی ناشیرین ئەوە تۆ بووی بولبولەکەی منت فریودا و ڕایکرد.
**چۆلەکەی ئازاد:** نەخێر تۆ چەند ساڵە بولبولی دەنگخۆشت بە چەند دەنکە دانەوێڵەیەك فریوداوە و ئازادیت لێ سەندۆتەوە.

**بولبولی دەنگخۆش:** (وەك ئەوەی دەنگی لە دوورەوە بێت) زۆر سوپاس چۆلەکەی ئازیز ئای خودایە ئاسمانی شین چەند خۆشە، فڕین و ئازادی چەند خۆشە، نان و دانەوێڵەت نەبێت تەنیا ئازاد هەبیت.

**چۆلەکەی ئازاد:** پیرۆزە، پیرۆزە بولبولی دەنگخۆش، ئێمە خودا بە ئازادی دروستی کردووین بۆیە دەبێت بە ئازادی بژین.

**بولبولی دەنگخۆش و چۆلەکەی ئازاد:** دەنگیان وردە وردە نزم دەبێتەوە وشەی ئازادی دووبارە دەکەنەوە ئازادی، ئازادی، ئازادی، ئازادی.

## شانۆگەری شازدەیەم

# پیرەدار و خونچەگوڵ

**بابەت**

**(هاوڕێیەتی، ژیان، هیوا، کۆڵنەدان)**

## کەسایەتییەکان:

**پیرەدار**"
دارێکی بەتەمەنی زانا و دنیا دیتەی ژیر.

**خونچەگوڵ**"
گوڵێکی تازە خونچەی یەکەم بەهار.

لەنێو دارستانێك دەنگی جریوەی چۆلەکە و خوێندنی بولبول و هاشەی ڕووبار و کانی و ورشە ورشی دار دێت.
لە پاڵ دەنگی ئەمانە دەنگی پیرەدارێك لە دوورەوە دێت و تا دێت دەنگەکە نزیکتر دەبێتەوە.
**پیرەدار:** ئەی هاونشینانی دارستان، دارەکان، درەختەکان، گەڵاکان، ڕەگەکان، خونچەکان، گوڵەکان تەنانەت لەگەڵ ئێوەشمە دڕەکەکان.
**خونچەگوڵ:** (لە پیرەدار نزیك دەبێتەوە) بە دەنگێکی ناسکی کچانەوە وەی خودایە ئەم دەنگە میهرەبانە کێیە قسە دەکات با بچم.
**پیرەدار:** ئازیزانم ئێوە دەبێت بەرگەی سەرما و گەرما بگرن، بەرامبەر ڕەشەبا و لافاو و تۆفان خۆڕاگربن، لەگەڵ هاتنی وەرزەکان با ڕەنگتان بگۆڕێت بەڵام ڕەگەکانتان با هەر وەك خۆی بێت.
**خونچەگوڵ:** لەبەردەمی خۆیەوە بە کزی وای خودایە ئەو قسانە چەند جوانن، بۆچی دایەگوڵ ئەمانەی بۆ ئێمە باس نەکردووە.
پیرەدار بە ئاستەم گوێی لە دەنگی خونچەگوڵ دەبێت و ئاوڕ دەداتەوە
**پیرەدار:** ئەمە دەنگی کێیە با بێتە پێشەوە ببینم.

**خونچەگوڵ:**

**خۆمم خونچەی دارستان**
**گوڵی باغی کوردستان**
**ئەمساڵ یەکەم بەهارمە**
**جوانی لەنێو ڕووخسارمە**

**پیرەدار:**

**ئەی خونچەگوڵی جوانم**
**ئاگات ل خۆت بێ گیانم**
**دڕکەکان گەلێك هارن**
**لە نزیکتەوە دیارن**

**خونچەگوڵ** :جا مامە پیرەدار من چۆن خۆم لێیان ڕزگار بکەم
**پیرەدار:**
خونچەگیان ئەمە سروشتی ژیانە لەبەرامبەر هەر چاکەیەك خراپەیەك هە یە، لەسەر تۆیە کامە هەڵدەبژێری، لە ئاست هەر جوانییەك ناشیرینییەك هەیە دەگەڕێتەوە سەر خۆت کامە هەڵدەبژێری، لەگەڵ لە دایکبوونی ه ەر گوڵێك دڕکێك لە دایك دەبێت دەگەڕێتەوە سەر گوڵەکە چۆن پارێزگار ی لە ڕەنگ و بۆن و جوانی خۆی دەکات.
**خونچەگوڵ**: بە دەنگێکی ترساوی پڕ نازەوە جا مامە پیرەدار من چی بکەم، خۆ من وەك تۆ ژیر و دانا نیم تا لە هەموو شت تێبگەم.
**پیرەدار**: خونچەگوڵی ئازیز مەرج نییە لەهەموو شت تێبگەیت تەنیا هەوڵی تێگەیشتن بدە لەو شتانە لە ژیانی تۆ پێویستن.
**خونچەگوڵ**: (بەدەم پرسیارەوە) بە ڕووخسارێکی گەشەوە ئۆوو ئەمە قسەیەکی خۆش بوو ئێستا واتە چی لەسەر منە دە یارمەتیم بدە.
**پیرەدار**: ئەوەی لەسەرتۆیە سوود لە دڕکەکان وەرگرە بۆ پارێزگاری لە جوانی خۆت و دژایەتییان مەکە، هەرگیز مەڵێ من گوڵم و ئەوان دڕك هاوڕێیەتیان ناکەم

**خونچەگوڵ**: ورد دەبێتەوە و چاوەکانی بچوك دەکاتەوە و سەری دەلەقێنێت واتە چی خۆ من باش تێنەگەیشتم مامە پیرەدار.

**پیرەدار:** خونچەگوڵەکەم واتە دڕەکەکان وەك بەشێك لە خۆت قەبوڵ بکە و دژایەتییان مەکە، چونکە لە دژایەتی کەس شەکری نەخواردووە.
**خونچەگوڵ:** ئۆوو ئەم قسەیە چەند جوان بوو.
**پیرەدار:** تۆ هێشتا خونچەی با گەورەبیت زۆر شت دەبینی، دڕەکان، هەنگەکان، تیشکی ڕۆژی بەهێز، ڕەشەبای بەهێز، بارانی بە لێزمە، تەرزەی دەنك گەورە.
**خونچەگوڵ:** بە ترسەوە جا من چۆن بەرگەی ئەم هەمووە دەگرم بەخودا پەڕ پەڕ هەڵدەوەریم.
**پیرەدار:** (بە پێکەنینەوە) نا نا بەرگە دەگری و بەوپەڕی هێزەوە بەرەنگاری هەمووان دەبیتەوە و بەوپەڕی جوانی دەمێنیتەوە.
**خونچەگوڵ:** واتە ئەمانە هەڵم ناوەرێنن.
**پیرەدار:** ئەگەر خۆت نەتەوێت هیچ شتێك ناتوانێت هەڵتوەرێنێت و ئازارت بدات.
**خونچەگوڵ:** (بە سەما و گۆرانییەوە).

**خۆمم خونچەی دارستان**
**گوڵی باغی کوردستان**
**ئەمساڵ یەکەم بەهارمە**
**جوانی لەنێو ڕووخسارمە**
**لەنێو باغێ یان لە شار**
**خۆشمدەوێن گەڵا و دار.**

شانۆگەری حەڤدەیەم

# کورسییە دارەکە

**بابەت**

**(پاك و خاوێنی و ژینگەپارێزی)**

# کەسایەتییەکان:

**ئەندازیاری پاککەرەوە"**

پیاوێك گسکێکی بەدەستەوەیە لەگەڵ گوشێك ناو باخچەکان پاکدەکاتەوە.

**کورسییە دارەکە"**

کورسییەکە لە دار درووستکراوە لەناو باخچە دانراوە.

شوێن باغی گشتی، دەنگی هاشەی گەڵای دار دێت و دەنگەدەنگی خەڵك دێتن بەم ناوە دێن و دەچن، لەگەڵ ئەم دەنگانە دەنگێك بە کزی بەر گوێ دەکەوێت.

**کورسییەدارەکە:**

**ئەندازیاری پاککەرەوە**
**ئاوڕێك لە ئێمەش بەرەوە**
**سەیرکە سەیری سەرپشتم**
**ها چیان بەسەردا ڕشتم**

ئەندازیاری پاککەرەوە کە گوێی لە قسەکانی دەبێت و پشتی ڕاست دەکاتەوە و لە گسکدان دەوەستێت و سەیرێکی کورسییە دارەکەی ناو باخچەی گشتی دەکات و دەستی چەپ لەسەر کەمەری دادەنێت و بە دەستە ڕاستی گسکەکەی دەگرێت و دوو جار بەهێزێکی زۆرەوە بە زەوی دادەدا.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** ببوور کورسییە دارەکە شۆستەکانی ناو پارك و چیمەنەکان پاکبکەمەوە دێمە لای تۆ و تۆش پاك دەکەمەوە.
**کورسییەدارەکە:** (بە ئاوازێکی گلەیی ئامێزەوە) ئەندازیاری پاککەرەوە خۆ من پیس نیم تەنیا گەشتیارەکان شتیان لەسەرم ڕشتووە.
(تۆزێك دەوەستێت لەقسەکردن) جا پاککەرەوەی ئازیز ئەوان دێن لەسەر پشتی من دادەنیشن و پشوو دەدەن، پاشان شتی پیسیشم لەسەر جێدەهێڵن.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** (بە ئاهێکی قووڵەوە) ڕاستەکەی کورسی گیان، ئەوان لە جێگەی ئەوەی سوپاسی هەبوونی تۆ بکەن دێن شتی پیس و پاشماوەی خۆراکت لەسەر پشتی جێدەهێڵن.

**کورسییەدارەکە:** ئۆفف ئۆفففف...
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** ئەوە بۆ دەڵێی ئۆف شتێك لە دڵت هەیە ناتەوێت بیدرکێنیت.
**کورسییەدارەکە:** دڵم پڕە پڕ، ئەندازیاری پاککەرەوە تۆ منت بیر نەماوە و من نایناسیتەوە، من دارێك بووم بەرز و بەهێز و جوان، لەنێو دارستان لە قەد شاخەکان دەژیام، سەدان گەڵای سەوزم هەبوو، ڕەگێکی قوڵ و بەهێزم چووبوو بەژێر زەویدا، ڕۆژانە دەیان گەشتیار و شاخەوان دەهاتنە ژێر سێبەرەکەم و پشوویان دەدات، دەیان هاوسەری جوان لەژێر سێبەرەکەی من پشوویان دەدا و هۆنراوەی جوانیان بۆ یەکتر دەخوێند.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** ئای خودایە ئێستا بیرم کەوتەوە تۆش لەگەڵ ئەم کۆمەڵە دار بووی بۆ ناو شاریان هینان و کورسی و داریان لێ دروست کردن.
**کورسییەدارەکە:** بەڵێ بەڵێ هێشتا من بەختم هەیە لێرەم، دارەکانی هاوڕێم هەندێکیان بردن بۆ خواردنگەکان و کردیانن بە ڕەژوو.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** تۆ بەختت هەیە هێشتا ناو دار و گوڵ و گەڵاکان ماوی.
**کورسییەدارەکە:** بەختی چی من کورسیم کورسی ئێستا، من پێشتر دارێکی جوان بووم هەموو ڕۆژ میوانداری سەدان چۆلەکەم دەکرد، هێلانەم دەبەخشی بە باڵندەکان، لەگەڵ سمۆرەکان دەژیام.
**ئەندازیاری پاککەرەو:** ئێستاش خراپ نییە ئەوەنییە چۆلەکەکان لە نزیکەوە دەبینی، گەڵا و دار و گوڵەکان دەبینیت، سمۆرەکانیش دەبینیت لەسەر درەختەکان یاری دەکەن.
**کورسییەدارەکە:** بەگریانەوە جا سوودی چییە من لق و گەڵام نەماوە، ڕەگ و ڕیشەم بڕاوەتەوە، ناتوانم لە جێگەی خۆم بجولێم، لە گەشە وەستاوم و بوومەتە کورسییەکی ڕەقی بێ گیان، مرۆڤەکان پاشماوەی خۆراکم لەسەر جێدەهێڵن و چۆلەکەکانیش جیقنەم پێدادەکەن.

**ئەندازیاری پاککەرەوە:** مەگری کورسییە دارە ئازیزەکە، تۆ بەمشێوەش هەر سوودبەخشی و مایەی پشووی بۆ مرۆڤەکان و بۆ چۆلەکەکان و جوانی بۆ باخچەی گشتی.
**کورسییەدارەکە:** (بە گریانەوە) جا سوودی چییە خۆ کەس نامناسێتەوە من کێ بووم پێشتر.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** نا نا من دەتناسمەوە تۆ خەم مەخۆ باشە، بەڵێن بێت هەموو ڕۆژ هاتم سەرێکت لێ دەدەم و لە هەموو درەختەکان جوانتر دەترازێنمەوە و پاکت دەکەمەوە.
**کورسییەدارەکە:** توخوا منت بیرناچێتەوە و سەردانم دەکەیت.
**ئەندازیاری پاککەرەوە:** بەڵێ، بەڵێ کورسیەدارە ئازیزەکە، بەڵێن بێت بە منداڵەکانیش بڵێم هەرگیز پاشماوەی خۆراکەکانیان لەسەر پشتی تۆ جێنەهێڵن و بیکەنە تەنەکەی خۆڵەوە.
**کورسییەدارەکە:** بە دڵێکی خۆشەوە

**من کورسییە دارەکەم**
**چاوەڕێی بەهارەکەم**
**پێشتر دارێکی جوان بووم**
**خاوەنی هەست و گیان بووم**
**ئێستا دارێکی مردووم**
**ڕەگی ژیانیان لێ بردووم**
**لەگەڵ هەموو ناخۆشیم**
**هێشتا مایەی دڵخۆشیم**
**هێشتا بەسوود و کەڵکم**
**گەرچی نەماوە پەلکم.**

## شانۆگەری هەژدەیەم

# منداڵانی دراوسێ

**بابەت**

**(ڕێز لە هاوڕێیەتی و جیاوازی یاری کچ و کوڕان)**

# کەسایەتییەکان:

**کچە قژزەرد"**

کچێکی بچوکە و حەزەکات لەناو کوڕەکان یاری بکات.

**کوڕە نیشانەشکێنەکە"**

کوڕێکە هەر یارییەك دەکات دباتەوە چونکە دەستی زۆر ڕاستە.

**سەگەکەی ماڵی داپیرە"**

سەگی ماڵی داپیرەیە و تەنیا ئەو سەگە لەو گەڕەکە هەیە بۆیە د
ێتە ناو منداڵەکان حەزی بە یارییە.

ناوەڕاستی کۆڵان دوو کچ لەگەڵ کچە قژزەرد خەریکی یاری ساپ ساپێنن
**کچی یەکەم:** کچەقژزەرد نۆرەی منە بەردەکە بدە بەمن.
**کچە قژزەرد:** بە مۆڕەکردنەوە ئەوە چییە نۆرەی منە بردوومەتەوە.
**کچی دووەم:**
بە دەنگێکی بەرزی کوڕانەوە جا چییە گیانەکەم با بردبێتەوە هەر بە نۆرە یە.
**کچە قژزەرد:** نەخێر نۆرەی خۆمە.
لەوکاتە کوڕە نیشانەشکێنەکە و دوو هاوڕێی تری تۆپێکیان پێیەوە بە قاچەکانیان شووتی بۆ یەکتر دەهاوێژن و دێنە سەر شانۆ لەگەڵ ئەمانیش سەگێکی بچوك هەیە.
**کچە قژزەرد:** کە ئەمانە دەبینێ ڕادەکات بۆ لایان و سەگەکە لە باوەش دەگرێت ئوو بەیبی گیان" سەگە جوانەکەیماڵی داپیرە" ئەوە تۆ لە کوێ بووی، لە باوشەی دەگرێت و یاری لەگەڵ دەکات.

**کچە قژزەرد:**
**گیانەکەم، گیانەکەم**
**بەیبی بچکۆلانەکەم**
**سەگی ماڵی داپیرە**
**سەگێکی وریا وژیرە**

دوو کچەکەی تر دەستەکانیان لەسەر کەمەریان دادەنێن و بە دۆشداماوییەوە سەیری ئەوان دەکەن.
**کچی یەکەم:** باشی خۆ ئێمە کێشەمان نەبوو بۆ ڕۆیشت.
**کچی دووەم:** ئێ نۆرەی ئێمە بوو ڕاستە بردییەوە.
**کچی یەکەم:** کچێ گوێی پێ مەدە ئێستا خۆی دێتەو و داوای لێبوردن

دەکات با یاری خۆمان بکەین.
**کچە قژزەرد:** (لە کوڕەکان نزیك دەبێتەوە) دەی منیش حەزم بە یاری تۆپی پێیە.
**کوڕە نیشانەشکێن:** (بە پێکەنینەوە) کچ و تۆپی پێ.
**کچە قژزەرد:** جا چییە کچ چییە منیش دەزانم یاری بکەم لە ئێوەش باشتر یاری دەکەم.
کوڕە نیشانەشکێنەکە بەهێز تۆپەکە دەگرێت و بۆ کچە قژ زەردەکەی دەهاوێت و ئەویش بۆی ناگیرێت و بەر پەنجەی دەکەوێت و هاوار دەکات.
**کچە قژزەرد:** (بە نووزەو گریانەوە) وای پەنجەم شکا فریام کەون.
**کوڕە نیشانەشکێن:** ئەی نەموت کچ و تۆ پێ چۆن دەبێت.
**کچە قژزەرد:** (بە توڕەبوونەوە دەبێت) بەڵێ دەبێت، خۆ تۆپی پێ بە دەست ناکرێت، بۆچی پێی دەڵێین تۆپی پێ یانی بە پێ دەکرێت نەك دەست.
**کوڕە نیشانەشکێن:** لە پێش دوو کوڕەکەی تر وەك پاڵەوان وەستاوە و قاچی ڕاستی لە سەر تۆپەکە داناوە و بە دەنگێکی بەرزی پڕ منەت و لە خۆباییەوە نەخێر ناسکۆڵەخانم ئەمە بە تۆناکرێت بڕۆ لای هاورێکانت
**کچە قژزەرد:** ئێوە خراپن، چیتر یاریتان لەگەڵ ناکەم و نایەم بۆ سەیرکردنی یاریشتان.
کچە قژزەرد پەنجەکانی دەستەچەپی توند گرتووە لەناو دەستی ڕاستی و بە دەبڕینی هەستی ئێش و ئازارەوە دێتە لای دوو کچە هاورێیەکەی.
**کچە قژزەرد:** ڕوو لە دوو کچە هاوڕێیەکە ببوورن من ئێوەم جێهێشت.
**کچی یەکەم:** کچە قژزەرد گیان ئێمە تۆمان خۆشدەوێت و چاکەی تۆمان دەوێت.
**کچی دووەم:** جا دەبێت بزانیت ئێمە هەر سێکمان کچین باشتر لەیەکتر تێدەگەین و هەستی یەك دەخوێنینەوە.
کچەقژ زەرد کە ئازار بە ڕووخسارییەوە دیارە سەری بۆیان دەلەقێنێت

وایە وایە جارێکی تر ناچمە ناویان.

**کچی یەکەم:** جا قژزەردگیان یاری کچان جیایە و یاری کوڕان جیایە، ئەوان بەهێز یاری دەکەن بۆیە ناتوانین لەگەڵیان یاری بکەین.

**کچەی دووەم:** جگە لەمەش خودا کچی بە جۆرێك دروست کردووە و کوڕیش بە جۆرێکی تر لەبەر ئەمە هەموو یارییەك گونجاو نییە کوڕ و کچ بەیەکەوە بیکەین.

**کچە قژزەرد:** ڕوویان تێدەکات زۆر سوپاس هاوڕێکانم جارێکی ناچمە ناو کوڕان هەموو جار کە یاریم لەگەڵیان دەکرد بە دڵشکاوی دەگەڕامەوە ماڵەوە، بەڵێن بێت ئێمە بۆخۆمان هەر پێکەوە یاری بکەین، سوپاس کە ئێوەم هەیە.

کچە قژزەرد بە دڵخۆشییەوە باوەش بۆ دوو کچەکە دەکاتەوە و لە باوەشیان دەگرێت.

## شانۆگەری نۆزدەیەم

# ئامۆژگارییەکانی داپیرە

**بابەت**
**(کارەکانت بە دەستی خۆت ئەنجام بدە)**

# کەسایەتییەکان:

**داپیرە"**
پیرەژنێکی قژ سپی خاوەن ئەزموونی دنیادیتە بە گۆپاڵێکەوە.

**شەپۆڵ"**
کوڕێکی لاساری سەر پڕ کێشە.

**باخچە"**
کچێکی وریا و زیرەك و نەرم و نیان.

داپیره لەسەر کورسییەکی دار دانیشتووە و بە گۆچانە دارەکەی خۆی گرتووە و چیرۆکێك دەگێڕێتەوە...
**داپیرە:** هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو، مێروولەیەك هەبوو ژیر و دانا، وەرزی هاوین بوو، خەریکی کۆکردنەوەی دانەوێڵە بوو .. دەیبردەوە بۆ ناو شارەکەی خۆی .. دانەوێڵەیەکی زۆر باشی کۆکردەوە .. بۆیە غەمی هاتن وەرزی زستان و سەرمای نەبوو .
ڕۆژان هاتن و چوو ڕۆژێکی زۆر ساردی پاییز، کوللەیەک لە دەرگای ماڵی مێروولەکەی دا، داوای خواردنی لە مێروولەکە کرد.
**کوللە:**
**من کوللەم ئەی مێروولە**
**وا هاتوومەتە جولە**
**پێویستم بە خۆراکە**
**گوتیان مێروولە چاکە**
**سەد جارم لە دەگەدا**
**دە شتێکم پێ بدە**

**مێروولە:** باشە باش هێندە لە دەرگە مەدە منداڵەکانم هەڵدەستن، (دواتر لێی نزیك دەبیتەوە و لێیدەپرسێت) ئەی هاوینی ڕابردوو چیت دەکرد بۆ خۆراکت بۆ خۆت هەڵنەگرت؟
**کوللەکە:** من بە درێژایی هاوینی ڕابردوو، هەر گۆرانیم دەگوت.
**مێروولە:** (بە زمانێکی گاڵتەئامێزەوە) دەبـڕۆ بە درێژایی زستانی داهاتوو..بۆ خۆت هەر هەڵپەڕە.

شەپۆڵ کە گوێی لەمە دەبێت، دەست دەکات بە پێکەنین
هێندە پێدەکەنێت سکی خۆی دەگرێت، ئەم وشەی دووبارە دەکاتەوە
بەدرێژایی زستانی داهاتوو بۆ خۆت هەر هەڵپەڕە، ئەمەی دووبارە دەك
اتەوە و هەر پێدەکەنێت.
ناوەستێت لە پێکەنین تا باخچەی خوشکی دوو سێ جار پاڵی بە شانییەو
ە دەنا تا بوەستێت، تا تۆزێك پێکەنینەکەی کەم بووەوە.
**داپیرە:** کوڕم شەپۆڵ هەموو چیرۆکێك ئەگەر شادی بێت یان خەمگین
بێت پەیامێکی تێدایە تا وانەی لێوە فێربین، بزانم ئێوە دەزانن پەیامی
ئەم چیرۆکە چی بوو.
**شەپۆڵ:** دەستی بە قسەکردن کرد بە زمانێکی تێك ئاڵاوەوە: ئەم ئەو ئەوە
مم نازانم بەخوا نازانم چیرۆکێکی خۆش بوو بۆ خۆت هەر هەڵپەڕە...
دیسان تۆزێك پێدەکەنێت..
**داپیرە:** شەپۆڵ تۆ چی لێوە فێربوویت.
**باخچە:** (دەستی لەسەر ئەژنۆی داپیرەی دادەنێت و ڕووی لە داپیرە
دەکات) داپیرە گیان من لەوە تێگەیشتم کە دەبێت هەموو مرۆڤێك بە
خۆی خەمی ژیانی خۆی بخوات و داوا لە کەس نەکات.
**داپیرە:** ئافەرین لە چیرۆکەکە تێگەیشتی، ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات کە
لەبیرت نەچێت، پێویستە هەموو کاتێک مرۆڤ خۆی بۆ بەیانی ئامادە
بکات، چاوەڕێی کەس نەکات کارەکانی بۆ بکات، ئەگەر چاوەڕێی خەڵکی
بوو هەمشە کارەکانی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە.
**داپیرە:** ئێستا شەپۆڵ گیان تێگەیشتیت.
**شەپۆڵ:** بەڵێ.. بەڵێ داپیرەگیان کەواتە من هەرگیز گۆرانی ناڵێم..
داپیرە بە زەردەخەنەوە با گۆرانی بڵێ و هەڵپەڕە بەڵام دوای ئەوەی
کارەکانی خۆت تەواو کرد و خۆت ئامادەکرد..
لە کۆتایی هەر سێکیان بە نەرمی پێدەکەنن.

شانۆگەری بیستەم

# بولبولی قسەخۆش و
# تووتی زۆربڵێ

**بابەت**
**(قسەی باش و وتەی جوان)**

## کەسایەتییەکان:

**بولبولی قسەخۆش"**
باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی قسە خۆش و نەرم و نیان.

**تووتی زۆربڵێ"**
باڵندەیەکی زۆر بڵێی دەنگ گڕی، لاسایی هەموو کەس دەکاتەوە و گاڵتە بە هەموو کەس دەکات.

لەنێو باخچەیەکی گەورە دەنگی ورشەی گەڵای دار و هاشەی ئاو و کانی و دەنگی چۆلەکە و دەنگی کەر و بزن و مەڕ دێت هەر ل دوورەوە، لەسەر دارێك بولبولی قسەخۆش جریوە جریو دەکات و دەخوێنێ
**بولبولی قسەخۆش:**

**منداڵان من بولبوڵم**
**جوانم هەر دەڵێی گوڵم**
**بە جریوە و قسەی خۆش**
**دڵەکان دەهێنمە جۆش**
**من بولبولی بێ زیانم**
**بۆ خۆم خەریکی ژیانم**

تووتی زۆربڵێ بە پێکەنینەوە لاسایی بولبولی قسەخۆش دەکاتەوە
**تووتی زۆربڵێ:** (بە دەنگێکی گڕەوە)

**منداڵان من بولبوڵم**
**جوانم هەر دەڵێی گوڵم**

**بولبولی قسەخۆش:** (بولبولی قسەخۆش قسەی پێ دەبڕێت و ڕوو لە تووتی دەکات بە دەنگێکی نەرمەوە) ئەی تووتی زۆربڵێ جگە لە لاسایی مرۆڤەکان تۆ شتێکی تر نازانی ئەنجامی بدەیت.
**تووتی زۆربڵێ:** بە دەنگێکی گڕەوە نا نا کاری من لاسایی مرۆڤەکانە.
**بولبولی قسەخۆش:** جا بۆ لاسایی هەموو شتێك دەکەیتەوە، من وتم بولبوڵم تۆ بۆچی دەڵێی من بولبوڵم خۆ تۆ بولبول نیت، تۆ تووتی.

**توتی زۆربڵێ:** دەزانم، دەزانم من تووتیم بەڵام بە دەست خۆم نییە، هەر من ئەوە دووبارە دەکەمەوە.
**بولبولی قسەخۆش:** واتە تۆ گوێ ناگریت بزانیت قسەکە خراپە یان باش.

**توتی زۆر بلێ:**

**من لاساییکەرەوەم**
**بەمشێوەم لەوەتەی هەم**
**هەرچی بڵێن دووبارە**
**دەیڵێمەوە بەم زارە**

**بولبولی قسەخۆش:** جا ئەگەر وابێت کەس ناوێرێت قسەیەك بکات تۆ لاسایی دەکەیتەوە.
**تووتی زۆر بڵێ:** جا بولبولی قسەخۆشی هاوڕێ ئێوەش بەس قسەی باش بکەن، تا تەنیا لاسایی قسە باشەکانتان بکەمەوە.
**بولبولی قسەخۆش:** ئەم تێگەیشتم قسەکەی تۆش جوانە تووتی زۆربڵێ.
**بولبولی قسەخۆش:** لەبەر خۆیەوە وایە وایە قسەیەکی جوان بوو ڕوو لە منداڵەکان دەکات کەواتە دەبێت ئێمە قسەی خراپ نەکەین تا لاساییمان نەکەنەوە و قسە خراپەکانمان بەناو خەڵك بڵاو نەبێتەوە.
**تووتی زۆربڵێ:** ئافەرین بە ئاستەم گوێم لێ بوو چیت گوت، قسەی خراپ مەکەن تا منیش دووبارەی نەکەمەوە و قسەی خراپ بڵاو نەکەمەوە.
**بولبولی قسەخۆش:** زۆر باشە تووتی هاوڕێ سوپاس بۆ ئەم ئامۆژگارییە، من بەڵێن دەدەم چیتر وشەی ناشیرین و جوێن و قسەی خراپ نەکەم، تەنانەت ئەگەر بە تەنیاش بووم قسەی خراپ بە ئاژەڵەکانیش نەڵێم.
**تووتی زۆربڵێ:** ئەگەر وابێت منیش ئەوەندە ماندوونابم قسەی خراپ و جنێوی مرۆڤەکان دووبارە ناکەمەوە.

زۆرباشە تووتی زۆر بلێی هاوڕێم هەردووکمان قسەی باش دەکەین و جوێن و قسەی ڕەق و ناخۆش واز دەهێنن.

**تووتی زۆربلێ و بولبولی قسەخۆش:**

**ئێمە باڵندەی جوانین**
**لەنێو باخچە و ماڵانین**
**بە قسە و بە دەنگی خۆش**
**دڵەکان دەخەینە جۆش**
**ئێوەش منداڵان وابن**
**هەر لەگەڵ چاکە دابن**
**بە قسەی خۆش و شیرینتان**
**بنەخشێنن ژیانتان.**

شانۆگەری بیست و یەکەم

# ئەستێرەی کڵاوسپی

**بابەت**

**(کاری گرووپ، ژینگەپارێزی)**

## کەسایەتییەکان:

**ئەستێرەی کڵاو سپی"**
کچێکی بچوکی پاکوخاوێن هەمیشە جلەکان پاك و خاوێنن.

**داستانی دەست بەڕەژوو"**
کوڕێکی شەڕانگێزی خراپەکار، بەهۆی دار سووتاندنەوە دەستەکانی سووتاون و دەستەوانی رەش لە دەست دەکات.

لەنێو باخچەیەك پڕ گوڵوگوڵزار ئەستێرەی کڵاوسپی لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی دەست لەنێو دەست یەکتر بە دەم گۆرانیەوە پیاسە دەکەین.

**ئێمە دوو هاوڕێی کچین**
**بۆ پیاسە و گەڕان دەچین**
**سەیری گوڵەکان دەکەین**
**تێنووبن ئاویان دەدەین**
**پاشماوە فڕێ نادەین**
**بۆ خاوێنی ئامادەین**
**ئێمە ژینگە پارێزین**
**بۆیە خاوەنی ڕێزین**

لەوکاتە لەکاتی پیاسەکە لە گوڵێك نزیك دەبنەوە کە تۆزێك سیس بوو، ئەستێرەی کڵاوسپی لێی نزیك دەبێتەوە.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** وای گوڵەکەم ئەوەی بۆ وا سیس بووی، پێم بڵێ تێنووتە یان تیشکی خۆر تۆی سووتاندووە، یان دڕکەکان ئازاریان داوی برینداریان کردووی؟.
**کچە هاورێ:** ئەستێرەی کڵاوسپی هەستەکەم گوڵەسوور شەو سەرمای بووە بەهۆی ئەوەی تێنووی بوونەوە و ئاویشی نەخواردووە بەرگەی سەرماکەی نەگرتووە.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** ڕاستەکەی هاوڕێ گیان (ئاوە دڵۆپێنراوەکەی دەستی کە هی خواردنەوەی خۆی بوو دەمەکەی دەترازێنێت و وردە وردە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی بەسەردا دەرژێنێت.)
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** بخۆرەوە گوڵەکەم بخۆرەوە، هەڵەی ئێمەیە تۆمان فەرامۆشکردووە.
**کچە هاورێ:** کڵاوسپی گیان دەزانی مامۆستا وتی ئەگەر دارودرەخت و گوڵەکان نەبن ئێمەش ناتوانین بژین، ئەوان دوانۆکسیدی کاربۆن بە ئێمە

دەبەخشن.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** دوانۆکسیدی کاربۆن چییە هاوڕێ گیان؟
**کچە هاوڕێ:** دوا نۆکسیدی کاربۆن ئەو هەوایەیە کە ئێمە هەڵیدەمژین ئەگەر پێنج دەقیقە لەسەرمان ببڕێت دەمرین.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** وای وای ئەم باخچە و دارستانانە چەند ئاگایان لە ئێمەیە و شەو و رۆژ هەوا و هەناسەی پاك بۆ ئێمە دابین دەکەن و ئێمەش فەرامۆشیان دەکەین تا وشك دەبن و کە وشکیش بوون دەچین دەیانبڕینەوە و دەیان کەین بە ڕەژوو.
لەو قسانە دەبن داستانی دەستبەڕەژوو دەردەکەوێت.
ئەستێرەی کڵاوسپی و کچەهاوڕێ بە خێرایی خۆیان دەپێچنەوە و توند دەستی یەکتر دەگرن و بە ترس و لەرزەوە سەیری داستانی دەستبەڕەژوو دەکەن کە هەردوو دەستەکانی بە پەنجەوانەی ڕەش داپۆشیوە.
داستانی دەستبەڕەژوو لە هەردووکیان نزیك دەبێتەوە و ئەوانیش زیاتر دەترسن.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** زیاتر نەیەیتە پێشەوە دەنا هاوار دەکەم و هەموو ئاژەڵەکانی دارستان بانگ دەکەم بێن بتخۆن.
**داستانی دەستبەڕەژوو:** بۆچی ئاژەڵەکان بانگ دەکەیت، خۆ من نەهاتووم ئازارتان بدەم، هاتووم یارمەتیتان بدەم ئەگەر پێویستتان بە من بێت.
**کچە هاوڕێ:** ئەی داستانی دەستبەڕەژوو واتە تۆش دەزانی یارمەتی خەڵك چییە؟
**داستانی دەستبەڕەژوو:** بە خەندەوە بەڵێ ئەی چۆن ئێستا هەموو کاتم لە چاکە و هاوکاری یارمەتی منداڵان دەبەخشم.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** ئەی بۆ منداڵان هەموو دەڵێن داستانی دەستبەڕەژوو مرۆڤێکی دڕندەیە و دارەکان دەبڕێتەوە و دەیان سوتێنێت و باڵندەکان دەکوژێت و سووریان دەکاتەوە و دەیان خوات.

**داستانی دەستبەڕەژوو:** ڕاستەکەن ئەمە پێشوو وابووم تا دەستم ساغ بوو، بەڵام لەم ڕۆژەی لەکاتی سووتاندنی دارەکان دەستیشم سووتاو بوو بە ڕەژوو ئیدی پەشیمان بوومەوە و بەڵێنمدا هەرگیز دارەکان نەبڕمەوە و باڵندەکان نەکوژم.
**کچە هاوڕێ:** ئەی داستانی دەستبەڕەژوو واتە وازت لەم کارە خراپانە هێناوە بەرامبەر سروشت و ژینگە و دارودرەخت و باڵندەکان.
**داستانی دەستبەڕەژوو:** بەڵێ بەڵێ وازم هێناوە ئێستا گرووپێکم هەیە لە هاوڕێکانی خۆم کارمان خزمەتی باڵندە و ئاژەڵە بێلانەکانە و سەردانەی باخچە و دارستانەکان دەکەین هەر درەختێك پێویستی بە ئاوبێت یان خزمەتکردن دەچین یارمەتی ددەین و لە مێش و مەگەز ڕزگاری دەکەین و دەرمان و چارەسەری پێدەدەین.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** وای وای کارێکی چەند باش دەکەن، زۆر دڵخۆشم بە هەبوونتان.
**کچە هاوڕێ:** من و ئەستێرەی کڵاوسپیش دەکەن بە ئەندامی گرووپەکەی خۆتان.
ئەستێرەی کڵاوسپی و کچە هاوڕێ بەوپەڕی دوودڵی و پەشێوییەوە چاوەڕێی بڕیاری داستانی دەستبەڕەژوودەبن.
**داستانی دەست بەڕەژوو:** (دەمێك دەوەستێك لە ڕووخساریان ورد دەبێتەوە و برۆکانی لەیەکتر نزیك دەکاتەوە و شێوەیەك کە لە گرژی و مۆنی دەچێت، لە پڕ ڕووخساری دەگۆڕێت و زەردەخەنەیەك دەکەوێتە سەر لێوی و بە خەندەوە) بەڵێ بەڵێ بەخۆشیاڵییەوە وەرتان دەگرین.
ئەستێرەی کڵاوسپی و کچە هاوڕێ باوەش لەیەك دەگرن و بە ئەستێرەی **کڵاوسپی و کچە هاوڕێ** ( بە دڵخۆشیەوە): سوپاس سوپاس داستانی دەست بەڕەژوو.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** داستانی دەستبەڕەژوو بەڵام من یەك مەرجم هەیە بۆ ئەوەی بەیەکەوە کاربکەین.
**داستانی دەستبەڕەژوو:** بە دوودڵی و پەشۆکانەوە بڵێ مەرجەکە چییە؟

**ئەستێرەی کڵاوسپی:** بەو مەرجەی کاردەکەین لەگەڵتان کە من وەك ئەستێرەی کڵاوسپی و هاوڕێکەم لەمەودوا پێت ناڵێین داستانی دەستبەڕەژوو.
کچە هاوڕێ ئاوڕێك لە ئەستێرەی کڵاوسپی دەداتەوە و وردەبێتەوە لێی.
**داستانی دەستبەڕەژوو:** ڕووخساری پێکدادەدات بڵێ بزانم ئەی چیم پێ دەڵێن.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** چونکە تۆ لەسەر کارە خراپەکانت نەماویت و خەریکی کاری باشیت" بۆیە ئێمە لەمەودوا پێت دەڵێن داستانی دەست سپی.
داستان ڕووخسارە گرژەکەی دەگۆڕێت بۆ خۆشی و شادمانی.
**داستانی دەست سپی:** (بەوپەڕی دڵخۆشییەوە) وای لەم ناوە جوانە زۆر سوپاس.
**کچە هاوڕێ:** پیرۆزە ناوە تازەکەت داستانی دەست سپی.
**ئەستێرەی کڵاوسپی:** پیرۆزە داستانی دەست سپی.
هەر سێکیان بە پێکەنین و دڵخۆشییەوە گۆرانی دەچڕن:

**کێ دەزانێ کە ئێمە چین**
**ئێمە گرووپی دەست سپیین**
**پاکین، ژینگەپارێزین**
**بۆیە خاوەنی ڕێزین.**

## شانۆگەری بیست و دوو

# کاکۆی چیرۆکخوان

**بابەت**

**(چیرۆك خوێندنەوە، وانە و سوودی چیرۆك)**

# کەسایەتییەکان:

**باپیرەگەورە"**
پیاوێکی ڕیش سپی بەتەمەن باپیرەی منداڵەکان.

**کاکۆی چیرۆکخوان"**
منداڵێکی قسەزانی چیرۆخوان.

**تنۆکی خوێنەر"**
کچێك حەزی بە کتێب خوێندنەوە و گوێگرتن بوو لە چیرۆك.

لەناو ماڵێك لە جێگەیەكی بەرز كاكۆكی چیرۆكخوان دانیشتووە و لە خوار ەوەش تنۆكی خوێنەر ئەژنۆكانی لە باوەشی خۆی ناوە و كتێبێكی لەبەرد ەمە و  گوێی بۆ خوێندنەوەی چیرۆكەكانی كاكۆی چیرۆكخوان گرتووە.
**كاكۆی چیرۆكخوان :**
هەبوو نەبوو مشكێك و خشتێك و پووشكەیەك هەبوو، بارانێكی بە لێزمە بارى خشتەكە تاوایەوە، بایەكی بەهێز هات پوشكەكەی برد، مشكەكە ه ێندە پێكەنی، هێندە پێكەنی تا كلكی پسا.
لەگەڵ تەواوكردنی چیرۆكەكە كاكۆی چیرۆخوان دەداتە قاقای پێكەنین و تنۆكی خوێنەریش لەگەڵ ئەو دەست دەكات بە پێكەنین و دەم نادەم تنۆكی خوێنەر دەیەوێت تۆزێك ئارام بێتەوە كەچی لە پڕ كاكۆی چیرۆكخوێن لەپڕمەی پێكەنین دەداتەوە و تنۆكی خوێنەریش دەداتەوە قاقای پێكەنین و گەرم دەبێتەوە و دەست بە پێكەنین دەكاتەوە، ئەو دوو لەم ژوورە دەمێك ئاوا دەیكەنە مەیدانی خۆیان لە تریقەی پێكەنین دەدەن.
لەناو گەرمی ئەم پێكەنینە دەبن، باپیرەگەورە دێتە ژوورێ، ئەوان بە زۆر خۆیان دەگرن و لە پێكەنین دەوەستن بەڵام دەم نا دەمێك كاكۆی چیرۆكخوان بە نزمی دەنگی پێكەنینێكی لێ بەرز دەبێتەوە..
**تنۆكی خوێنەر:** كورە كاكۆی چیرۆكخوان بەسە بێدەنگبە باپیرە گەورە لە ژوورەیە.
تا باپیرە گەورە هەگبەكەی دادەنێت و چاكەتەكەی هەڵدەواسێت، كاكۆی چیرۆكخوان لەسەر كورسییەكە دادەبەزێت.
**كاكۆی چیرۆكخوان:** باپیرەگەورە فەرموو دانیشە.
**باپیرەگەورە:** كاكۆی چیرۆكخوان دەنگی پێكەنینتان لە تەواو لادێ دەهات بزانم ئەوە چ شتێك وایكردووە وا دڵخۆش بن.

**کاکۆی چیرۆکخوان:** باپیرەگەورە چیرۆکی مشك و خشت و پوشکەکەم بۆ تنۆکی خوێنەر گێڕایەوە خۆشم زۆر پێکەنیم بە کلکی مشکەکە.
**باپیرەگەورە:** باشە کاکۆی چیرۆکخوان بزانم پەیامی چیرۆکەکە چی بوو، وا دڵخۆش بوون
**کاکۆی چیرۆکخوان:** هیچ پەیامی نەبووو تەنیا گاڵتەئامێزبوو زۆر پێکەنین.

**کاکۆی چیرۆکخوان:** کاکۆی چیرۆکخوان ئەزیزی من هەموو چیرۆکێك پەیامێکی هەیە دڵنیابە، دەبێت تۆ بیر لەو پەیام و وانەیە بکەیتەوە بۆ ژیانی خۆت سوودی لێ ببینیت، چونکە مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان هەرچیان بەسەردادێت و هەرچیان لێ ڕوودەدات وانە و پەیامن بۆ کەسانی دوای خۆیان.
**تنۆکی خوێنەر:** کاکۆی چیرۆکخوان باپیرە گەورە ڕاستەکات، من کاتێك کتێبێك دەخوێنمەوە فێری دەیان و سەدان وانە دەبم، چونکە هیچ چیرۆکێك لە خۆڕا نییە هەر دەبێت وانەیەکی تێدا بێت.
**کاکۆی چیرۆکخوان:** ئێستا تێگەیشتم کەواتە منیش لەمەودوا لە چیرۆکێکم نووسی یان چیرۆکێکم گێڕایەوە دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە باسی پەیامی چیرۆکەکەش دەکەم و باسی وانەکانی چیرۆکەکە دەکەم کە چی لێوە فێردەبین.
**باپیرە گەورە:** ئەی ئافەرین کوڕی خۆم ئەمە کارە ڕاستەکەیە.
**هەردووکیان:** (یەك لە دوای یەك دەستی باپیرە گەورە دەکەن) باپیرە گەورە سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکانت.

شانۆگەری بیست و سێ

# میوەکان

**بابەت**

**(نەهێشتنی جیاکاری، هاوڕێیەتی، دۆستایەتی)**

# کەسایەتییەکان:

**سێوە سوور"**
سێوێکی سوورە و لە قەدی دار بەربۆتەوە.

**هەناری پایز"**
هەناریکی شیرین و ڕەنگ سوور.

**شووتی شیرین"**
شووتیکی ڕەنگ سەوزی هاوینە.

**باینجان"**
سەوزەیەکی ڕەشی کلك سەوز.

سێوە سوور لەسەر تەختی شانۆ بەنازەوە هاتوچۆ دەکات و سەمادەکات و گۆرانی دەڵێت.

**سێوە سوور:**

**منداڵان سێوە سوورم**
**لەدارەکەی خۆم دوورم**
**تازە کەوتوومە زەوی**
**لە جێی بەرز بۆ نەوی**
**سێوە سووری شیرینم**
**من پڕ لە ڤیتامینم**

لەم قسانە دەبێت هەناری پایز دەکەێت بەسەر تەختەی شانۆ.
**هەناری پایز:** بە پێکەنینەوە ئەی من کێم؟
**سێوە سوور:** هەناری پایز دەبێت خۆت بڵێی کێی.
**هەناری پایز:** بە گاڵتەکردنەوە باشە باشە با پێتان بڵێم.

**هەناری پایز:**

**من هەناری پایزم**
**لای میوەکان ئازیزم**
**ترش و شیرین و مێخۆش**
**سەر و دڵ دەهێنمە جۆش**
**هاوڕێی سێو و پرتەقاڵم**
**لەسەر مێزی گشت ماڵم**

لەم قسانە دەبێت لەپڕ شووتی بەم زل و گەورەیی خۆیەوە خۆی بەسەر

تەختەی شانۆ دەکێشێت و دەکەوێت بە زەوی و ناتوانێت خۆی بەرزکاتەوە و بکەوێتە سەرپێ.
سێوە سوور بە واق وڕماوییەوە دەستی لەسەر دەمی دادەنێت و هەناری پایزیش چاوەکانی ئەبلەق دەبن و لە سەیرکردنی دۆش دادەمێنێت.
هەرچی شووتی شیرینە بە زەردەخەنەوە بە دەست داوای یارمەتی لە هەناری پایز و سێوە سوور دەکات.
**سێوە سوور:** ویی تۆ کێی بەم زل و گەورەیی خۆتەوە؟.
**شووتی شیرین:** وای خودایە یانی من ناناسن.
**هەناری پایز:** نەخێر ئێمە هاورێی وەك تۆ زل و گەورەمان نییە.
**شووتی شیرین:** هاوڕێیان منیش لە ئێوە نزیکم، منش میوەم بۆ لێم دەترسم یارمەتیم بدەن هەڵسمەو سەرپێ.
**سێوە سوور:** تۆ بەم جەستە زلەی خۆتەوو چۆن لە بنەماڵەی ئێمەیت.
**هەناری پایز:** بەڵێ لە بنەماڵەی ئێمە کەسی وەك تۆ خەپە و زلمان نییە، ئێمە پرتەقاڵ و سێو و هەرمێ و لالەنگی و ترێ و هەنجیرین لەگەڵ چەند میوەیکی تر..
**شووتی شیرین:** هاوڕێیانی ئازیز منش وەك ئێوە شیرینم، من وەرزی هاوین دەڕوێم بەهۆی گەرمای زۆرەوە ئاو زۆر دەخۆمەوە، هەر بۆیە وا زل و گەورە دەرچوومە.
لەو قسانە دەبن، ڕێك باینجان بەم جلە ڕەشانەی خۆیەوە خۆی دەکات بە ژوورەوە و هەناری پایز و سێوە سوور زۆر دەترسن و تووشی شۆك دەبن و خۆیان لە دواوەی شووتی شیرین دەشارنەوە.
**شووتی شیرین:** بە سەرسورمانەوە ئەوە ئێوە لە چی دەترسن ئەوە باینجانە هاوڕێیەکی ئازیزە لە فرۆشگاکان زۆر جار لە تەنیشت منەوە دادەنێرێت من هەر لە فرۆشگاکان بینیومە و ئاشنای یەکتر بووینە.
سێوە سوور جا خۆ ئەوە شیرین نییە و لە بنەماڵەی ئێمە نییە.
**باینجان:**

**هاوڕێیان من باینجانم**
**بە جلی ڕەشم جوانم**
**خۆراکێکی بە کەڵکم**
**خاوەن یەك دانە کلکم**
**من بۆ مەرەگە و بۆ ڕۆن**
**ئامادەم دەکەن دەمخۆن**

هەناری پایز دێتە پێشەوە تۆ باینجانی ڕەشی لە بنەماڵەی ئێمە نیت، حەزناکەین لە ئێمە نزیك بیتەوە، لەوکاتە شووتی شیرن دێتە وەڵام..
**شووتی شیرێن:** هاورێیان چۆن دەتوانن ئەم قسانە بە باینجانی ئازیز بڵێن، ئێوە چۆن جیاوازی دروست دەکەن خۆ خاك جیاوازی ناکات لەنێوان سەوزەکان و میوەکان هەمووی بەیەك چاو سەیردەکات و لەباوەش دەگرێت.
**هەناری پایز:** خۆ بینجانی بە کلك لە ئێمە نییە، چۆن دەبێت لە ئێمە نزیك ببێتەوە.
**شووتی شیرین:** تکایە ئێوە وەك مرۆڤەکان مەکەن جیاکاری بکەن، خوداش پێی ناخۆشە.
باینجان دێتە پێشەوە و هەناری پایز و سێوە سوور بە ترسەوە دەست لە قۆڵی دەدەن لێی نزیك دەبنەوە بە وردی تەماشای دەکەن.
**سێوەسوور:** شووتی شیرین دەزانی باینجانی هاوڕێکەت کەسێکی باشە.
**هەناری پایز:** نەخێر بۆ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و بنەماڵە و نەتەوە.
**سێوە سوور و شووتی شیرین:** (بەیەکەوە بە دەنگێکی بەرز) نەخێر بۆ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و بنەماڵە و نەتەوە، بەڵێ بۆ برایەتی و هاوڕێیەتی.

## شانۆگەری  بیست و چوار

# چەقۆی دەم درێژ

**بابەت**

**(گوێ نەگرتن لە قسەی خەڵك، نەچوونە ناو ژیانی خەڵك)**

## کەسایەتییەکان:

**چەقۆی دەم درێژ"**
مەقەستێکە دەمی درێژە و دەم بۆ هەموو شتێك دەبات و قسەی خەڵك دەبڕێت و قسەی ناڕاست دەکات.

**چەکوشی سەر گەورە"**
چەکوشێکی سەر گەورەی دانا، کاری پانکردنەوەی هەموو شتێکی ناشیرینە کە بزانی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن.

**بزماری باڵا باریك"**
هەمیشە بە دوای چەکوشەوەیە و هاوڕێیەی نزیکی ئەوە چونکە دەزانی ئەگەر لە دارێکی بباتە خوارەوە هەر چەکوشە فریای بکەوێت و دەریبنێت.

**مشاری دوو سەر"**
مشارێك دوو سەری هەیە هەر جارەی لەگەڵ کەسێکە، دەزانی ڕاستی چییە بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ناحەق دەستی تێکەڵ دەکات.

چەکوشی سەرگەورە لەسەر تەختەی شانۆ  سنگی دەەپەڕاندووە و دوو بز ماریش یەکێك لە دەستە چەپ و یەکێکیش لە دەستە ڕاستی دەڕوات، لە پڕ یەکێك لە بزمارەکان دەکەوێت.

**چەکوشی سەرگەورە:** (دەستی ڕاستی بۆ درێژ دەکات و هەڵیدەسێنێتەوە) هەڵسەوە بزماری باڵا باریکی هاوڕێم.

**بزماری باڵا باریك:** سوپاس چەکوشە سەرگەورەی هاوڕێم.

**چەکوشە سەرگەورە:** سوپاسی ناوێ من لە ناخۆش و خۆشی لەگەڵتم.

**چەقۆی دەم درێژ:** (لەپڕ دێتە ناو گفتوگۆکەوە) ئەی چۆن لەگەڵی نابیت بە دڵی خۆت سەری پان دەکەیتەوە و لە دار و تەختەکان دەیبەیتە خوارەوە.

**چەکوشی سەرگەورە:** ها مەقەستی دەم درێژ فێربووی گوێ بۆ خەڵکیش هەڵدەخەیت.

**چەقۆی دەم درێژ:** بە شەرم و شەرمەزارییەوە نا نا گوێم لە ئێوە نەگرتبوو تەنیا قسەکانتان خۆی هاتە ناو گوێم.

**چەکوشی سەرگەورە:** قسەکان خۆی هاتە ناو گوێت ها، دەزانی گوێ گرتن لە خەڵك چ تاوانێکی گەورەیە لای خودا و چ شەرمێکی گەورەیە لای مرۆڤەکان.

**بزماری باڵا باریك:** جا بەتۆ چی چەکوشی سەرگەورە سەری من پان دەکاتەوە، من بزمارم سروشتی من وایە هەر دەبێت چەکوش لەسەرم بدات تا لە دارەکان بچمە خوارەوە، دارکان بە توندی بە یەکترەوە بلکێنم.

**چەقۆی دەم درێژ:** جا خۆ چیم گوتووە.

**چەکوشی سەرگەورە:** من تەنیا سەری بزمار دەکوتم تا بچێتە ناو دارەکان تا باشتر دارەکان بەیەکترەوە بنووسێن.

**بزماری باڵا باریك:** بەڵێ وایە من سوپاسی چەکوشی سەر گەورەی هاوڕێم دەکەم کە هاوکاریم دەکات تا زیاتر لە دارەکان بچمە خوارەوە.

**چەکوشی سەرگەورە:** باشە ئەی کاری تۆ چییە؟
**چەقۆی دەم درێژ:** کاری من لەت لەتکردنی سەوزە و میوەکان و بڕینی سەری ئاژەڵەکان. دەمی تێك دەئاڵێت و پێی تەواو ناکرێت.
**چەکوشی سەرگەورە:** ئێ ئێ تەواوی بکە بڕینی پەنجەی چێشتلێنەرەکان و بریندارکردنی مرۆڤەکان.
**چەقۆی دەم درێژ:** نا من ئەم کارانە ناکەم و کاری من نییە مرۆڤەکان بەهەڵە بەکارم دەهێنن.
(لەو دەمە مشاری دوو سەرە دێتە ناو گفتوگۆکە)
**مشاری دووسەر:** وای وای ئەوە تۆ چی دەکەیت لێرە ئەی چەقۆی دەم درێژ، دارستانەکان ئەمڕۆ گلەییان لە خاوەنەکەم کرد، وتیان ئەی مشاری دووسەر بۆچی دارەکانی ئێمەتان بۆ دەسکی چەقۆکان بەکارهێناوە، منیش وتم جا ئەمە چییە، خاوەنەکەم وتی جا چۆن چییە، چەقۆکان بۆ تاوان بەکار دەهێنرێن و منیش بەشدار دەبم لە تاوانەکە.
**چەکوشی سەرگەورە:** ئێستا تێگەیشتی کارێك مەکە کە هی تۆ نییە.
**بزماری باڵا باریك:** چەکوشی سەر گەورەی هاوڕێم ڕاست دەکات، تۆ کارێك دەکەیت کە هی تۆ نییە.
**چەقۆی دەم درێژ:** جا من چی بکەم گوناهم چییە مرۆڤەکان تاوانم پێ دەکەن.
**چەکوشە سەرگەورە:** ئاسانە تۆ شوێنت چشتخانەیە و لەم شوێنە مەیە دەرەوە، بەمە سەرت سووك دەبێت یەك تاوانیش بەسەر تۆ ساغ ناکرێتەوە.

## شانۆگەری بیست و پێنجەم:

# مارماری کەڵۆس

**بابەت**

**(پاك و خاوێنی ددان و ڕاستگۆیی)**

## کەسایەتییەکان:

مارماری کەلۆس"
شەونمی ڕاستگۆ"
مامەی شیرینی فرۆش"

مامەی شیرینی فرۆش دێتە سەر تەختەی شانۆ و بە بووقەکەی دەستی دوو جار هۆڕن لێدەدات و هاوار دەکات.
**مامەی شرینی فرۆش:** (دوای دوو جار هۆڕن) وەرنەوە منداڵان، شیرینی خۆشم بۆ هێناون، (دووبارە دوو جار هۆڕنی بووقەی) وەرنەوە منداڵان شیرینی خۆشم بۆ هێناون.
لەوکاتە دوو سێ منداڵ بە ڕاکردنەوە دێنە بەردەمی و پارەکانیان بۆ ڕادەگرن.
**منداڵی یەکەم:** مامە با هی من ڕەنگی سەوز بێت.
**منداڵی دووەم:** مامە با هی من ڕەنگی قاوەیی بێت.
منداڵی سێیەم: مامە با هی منیش ڕەنگی زەرد بێت وەك لیمۆ.
ئەو منداڵانە تەواو دەبن و مارمار نزیك دەبێتەوە لە مامەی میوەفرۆش بە ڕووخسارێکی بێ تاقەت و داوای شیرینیشی لێ ناکات.
**مامەی شیرینی فرۆش:** چاوێلکەکەی دێنێتە خوارەوە و سەیرێکی دەکات ها مارمار بۆچی وا مات و بێدەنگی داوا شیرینی ناکەیت.
**مارماری کەلۆس:** (بە سەرلەقاندنەوە) نامەوێت حەزم پێی نەماوە.
لەوکاتە شەونمی ڕاستگۆ دەرەکەوێت و بە دڵێکی خۆشەوە دێتە ناو گفتوگۆکە بەڵام کە مارمار دەبینێت ڕووخساری دەگۆڕێت.
**شەونمی ڕاستگۆ:** سەیربکە مارماری کەلۆس نەمگوت وامەکە دەبینی ئێستا ناتوانی شیرینیش بخۆی.
**مامەی شیرینی فرۆش:** مارماری کەلۆس ئەوە چیت کردووە کە ناتوانیت شیرینی بخۆی بزانم دەتوانم یارمەتیت بدەم.
**مارماری کەلۆس:** نا نا هیچم نەکردووە تەنیا پێش خەوتن ددانم نەشۆرد بۆیە ددانەکان هەموو ڕزیبوون و کەوتن بۆیە دکتۆر گوتی دەبێت چیتر شیرینی نەخۆیت تا ددانەکانت دووبارە چاك دەبنەوە.

**شەونمی ڕاستگۆ:** (نیوەچەوانی گرژ دەکات و لە مارماری کەلۆس نزیك دەبێتەوە) کورە مارماری کەلۆس بۆچی ڕاستی ناڵێیت بە دوو شت وات لێهات یەکێکیان ددان نەشووشتن بوو ئەی ئەوەی دیکە.
**مامەی شیرینی فرۆش:** (شیرینییەکانی بە دەستەوەیە و بە سەرسامییەوە) ئەی چی بووە بۆ بە من ناڵێن ئەی من هاوڕێی منداڵان نیم.
**مارماری ڕاستگۆ:** (پشت سەری دەخورێنێت) ئێ خۆ پێم گوتی چی بووە و بۆچی ناتوانم شیرینی بخۆم.
**شەونمی ڕاستگۆ:** مامەگیان پرسیارێك.
**مامەی شیرینی فرۆش:** فەرموو شەونمی ڕستگۆ.
(شەونمی ڕاستگۆ تفی دەمی قوت دەداتەوە و زیاتر دێتە پێشەوە و ئاوڕێك لە مارماری کەلۆس دەداتەوە و تۆزێك دەوەستێت).
**مامەی شیرینی فرۆش:** پرسیارەکەت بکە کچم بۆچی شەرم دەکەیت.
**شەونمی ڕاستگۆ:** (سەیرێکی مارماری کەلۆس دەکاتەوە دووبارە) مامەگیان وایە درۆ دوژمنی خودایە.
**مامەی شیرینی فرۆش:** بێگومان بە تایبەت منداڵەکان دەبێت ڕاستگۆبن لەگەڵ دایك وباوکیان لەگەڵ خوشك و براکانیان و لەگەڵ هاوڕێکانیان و لەگەڵ مامۆستاکانیشیان.
**شەونمی ڕاستگۆ:** ئێ ئێ مامەگیان مارماری کەلۆس لە جێگەی ئەوەی بچێتە ناو پۆلی قوتابخانە وانە بخوێنێت چووبوو بۆ یاریگەی گەڕەك و لەگەڵ منداڵەکان یاری کردبوو و بە دایکیشی گوتبوو چووبوومە قوتابخانە
**مارماری کەلۆس:** ئێ بۆیە ڕاستیم لە لە دایکم شاردەوە نەوەك خەمبار بێت.
**مامەی شیرینی فرۆش:** ئووو بەداخەوە مارمارگیان تۆ کوڕێکی ژیر و بەڕێزی دڵنیام جارێکی تر ئەوکارە ناکەیتەوە.

**شەوبمی ڕاستگۆ:** جا مامە گیان ئەوکاتەی بە دایکی گوتبوو لە قوتابخانە بووم ڕێك ددانێکی دیکەشی هەڵوەری بوو.
**شەوبمی ڕاستگۆ:** (دەست لە ملی مارماری کەلۆس دەکات) جگە لەمەش ئێواران پێش خەوتن ددانەکانی نەدەشۆری، ئینجا من مارماری کەلۆسم خۆشدەوێت بۆیە ئەم قسانە دەکەم تا وازیان لێ بێنێت و وەك من بێت.
**مامەی شیرینی فرۆش:** هەموو شەو پێش خەوتن ددانتان بشۆن هەمیشە ددانتان پاك و خاوێن دەبێت و هەرگیزیش ناکەوێت، تۆش مارماری کەلۆس تەنیا ڕاستی بڵێ ئەگەر بشزانی ڕاستی گوتن ناخۆشە بۆت چونکە هەر جارێك مرۆڤ درۆ بکات ددانێکی دەکەوێت.
**مارماری کەلۆس:** بە دڵێکی خەمگینەوە ئی چی بکەم مامە گیان بەڵێنم داوە ڕاستگۆبم لەمەودوا، بەس ددانەکانم بۆ بگەڕێنەوە هەموو ڕۆژ شیرینیت لێ دەکڕم.
**مامەی شیرینی فرۆش:** تۆ کوڕێکی باشی و زیرەکی مارمار، دڵنیام هەر وادەکەیت.
**شەوبمی ڕاستگۆ:** مارماری هاوڕێ تەنیا واز لە هاوڕێیەتی هاوڕێکانی دەرەوەی قوتابخانە بێنە لەمنیش باشتر دەبیت، چونکە تۆ زیرەکترین قوتابی قوتابخانەکەمانی.
**مامەی شیرینی فرۆش:** ڕاستەکات شەوبمی ڕاستگۆ ئەم ماوەیە واز لە هاوڕێکانت بێنە کە بەرەو خراپەت دەبەن بزانە ژیانت چۆن دەگۆڕێت و یەك ددانی تریشت ناکەوێت.
**مارماری کەلۆس:** (بەهۆی کەلۆسییەوە کە قسەکردنی بە فسەفس بوو) بەڵێن بێت شەوبمی ڕاستگۆ و مامەی شیرینی فرۆش چیتر هاوڕێیەتیان نەکەم.

**مامەی شیرینی فرۆش:** مادەم تۆ هێندە بەهێزی فەرموو ئەو شیرینییەش دیاری من بۆ خوشك و برا بچوکەکەت.
دیارییەکیش لە شیرینییەکی دەکاتە دیاری بۆ شەونمی ڕاستگۆ.
**مامەی شیرینی فرۆش:** ئەوەش دیاری من بۆ تۆ شەونمی ڕاستگۆ مادەم هاوڕێیەکی هێندە خەمخۆر و بەوەفایت بۆ مارماری ڕاستگۆ.
**شەونمی ڕاستگۆ و مارماری کەلۆس:** شیرینییەکەیان بە دەستەویە سوپاس مامەی شیرینی فرۆش سوپاس
**مامەی شیرنی فرۆش:** بە بوقەکەی دوو دانە هۆڕن لێ دەدات بە هاوارکردنەوە وەرنەوە منداڵان شیرینی خۆشم هێناوە دەی وەرنەوە..

## شانۆگەری بیست و شەشەم

# ڕێوی فێڵباز

**بابەت**
**( ڕەوشتی هۆشیاری و دانایی لە بڕیار)**

## کەسایەتییەکان:

ڕێوی فێڵباز"
مەڕی خۆشباوەڕ"
گورگی دڕندە"

بەهارێکی خۆش و سەوز دەنگی جریوەی بولبول و چۆلەکە و هاشەی ئاو دێت.

**مەڕی خۆشباوەڕ:**

**منداڵان ئەمن مەڕم**
**لە خۆشیان هەڵدەپەڕم**
**لە خۆشی گەڵای کەسك**
**خۆشی گژوگیای ناسك**
**بە بەهاران دڵخۆشم**
**بۆ ئەم وەرزە پەرۆشم**
**خۆراکی من گیای تەڕە**
**دڵخۆشی هەرچی مەڕە**

لەوکاتە ڕێوی فێڵباز لە دەوروبەری دەخولێتەوە و بە شێوەیەکی نامۆم و بە چاوێکی تەماح کارانە لێی دەڕوانێت زمانی بۆ دەردێنێت و دەمی ئاو دەکات و تفی دەمی قوت دەداتەوە، کلکی خۆی لە دواوە هڵدەگرێتەوە لە بە دەستی ڕاستی دەیگرێت.

**ڕێوی فێڵباز:**

**منداڵان من ڕێویمە**
**ئاژەڵێکی کێویمە**
**میهرەبان و دڵ نەرمم**
**خاوەنی ئابڕ و شەرمم**

( لەو کاتەیە بە شێوەیەکی کۆمیدی پێدەکەنێت)
**ئاژەڵێکی هەژارم**
**لە گورگ و شێر بێزارم**

لەو کاتە ڕێك گورگی دڕندە دەردەکەوێت، ڕێوی بەردەوام دەبێت لە گۆرانی گوتن

**ڕێوی فێڵباز:**

**من گورگم زۆر خۆشدەوێ**
**هەر چاکەی ئەوم دەوێ**
**گورگ هاوڕێکی باشە**

لەو کاتە گورك لە سەر تەختەی شانۆ نامێنێت و دەڕوات و ئەویش دەبینی دەڕوات ون دەبێت، لەشێوەی پرسیار گۆرانیەکەی دووبارە دەکاتەوە

**گورگ هاوڕێیەکی باشە؟؟**

(بە پێکەنینەوە ) **باشی چی تەڕەماشە**

ڕێك گورگ دەردەکەوێتەوە و دێتەوە سەر ستەیج، ڕێوی فێڵباز بە ترس و لەرزەوە و ترس بە دەنگیەوە دیارە بەردەوام دەبێت لە گۆرانییەکەی.

**ڕێوی فێڵباز :**

**گورگ پاشای هەمووانە**
**خۆی ڕێ نیشاندەرمانە**

گورگ لە ڕێوی فێڵباز نزیك دەبێتەوە و لە دەوروبەری دەخولێتەوە و بۆنی دەکات، هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکات و لێی دەکشێتەوە
**گورگی دڕندە:** ها ڕێوی فێڵباز بۆنی فێڵ و خیانەت و دزیت لێ دێت، تۆ هەر نابیت بە ئاژەڵ.
**ڕێوی فێڵباز:** بۆ گەورەم شتێکم کردووە زیانی ئێوەی هەبێت، فەرمان بکە چیتان بۆ بکەم.
**گورگی دڕندە:** هیچ مەکە تۆ هەر لەسەر پاشماوەی خۆراکی ئێمە دەژیت، بزانم دەتوانی چی بکەیت و چیت لە دەست دێت.
(لەوکاتەیە مەڕی خۆشباوەڕ بەو ناوە ڕەت دەبێت و گوگی دڕندە چاوی دەکەوێـە سەری).
**گورگی دڕندە:** ئمممم مەڕە گیان گۆشتێکی باشت پێوە.
(لەوکاتەیە ڕێوی فێڵباز دەیەوێت بڕوات" گورگی دڕندە بانگی دەکات)
**گورگی دڕندە:** ڕێوی فێڵباز ئا وەرە.
(ڕێوی فێڵباز بە ڕاکردنەوە دێتە بەردەمی).
**ڕێوی فێڵباز:** فەرمان بکە گەورەم.
**گورگی دڕندە:** ئەم مەڕەت دیوە وای لێبکە بێتە ئەشکەوتەکەی من کە هات من دواتر پاداشتت دەکەمەوە و لە پاشماوەکەشی بێ بەشت ناکەم.
**ڕێوی فێڵباز:** (سەرەتا تۆزێك دەوەستێت، دواتر بە زەردەخەیەکەوە) بەسەرچاو گەورەم ئاسانە.

ڕێوی فێڵباز بازدان و ڕاکردنی فێڵزانانەوە خۆی دەگەیەنێتە نزیك مەڕ و گۆڕانی دەڵێت.

**ڕێوی فێڵباز:**

**گشت هاوڕێی دارستانین**
**ئاژەڵی کوردستانین**
**لە ئاسمانین و لە زەوین**
**هەندێکمان ماڵی و کەوین**
**ئاشتیخواز و هاوکارین**
**وەك نێرگزی بەهارین.**

مەڕی خۆشباوەڕ کە گوێی لەم وشانە دەبێت لە جێگەی خۆی دەوەستێت و سەری دەهێنێتە پێشەوە و بەوردی سەیری ڕێوی فێڵباز دەکات و دوو سێ جار سەری دەلەقێنێت و ڕێوی فێڵبازیش لە گوتنی گۆرانییەکەی هەر بەردەوام دەبێت.

**ڕێوی فێڵباز:**
**ژینمان لە دارستانە**
**ماڵمان لە کوردستانە**
**ئەم باخ و ئەم سرووشتە**
**بۆ ئێمە وەك بەهەشتە**

مەڕی خۆشباوەڕ پشت سەری دەخورێنێ و هەرچەند دەکات ناتوانێت باوەڕ بکات ئەم قسانە هی ڕێوی بن کە هەموو ژیانی فێڵە بەدوای پاشماوەی ئاژەڵە دڕندەکانە.

ڕێوی فێڵبازیش لە گوتنی گۆرانییەکەی ناکەوێت بۆ لە خشتەبردنی مەڕی خۆشباوەڕ.

**ڕێوی فێڵباز:**

**ئەم باخ و ئەم سرووشتە**
**بۆ ئێمە وەك بەهەشتە**
**جوانیمان، سروشتمانە**
**ماڵی گەورەی گشتمانە**

کە لە گۆرانییەکە تەواو دەبێت سەیرێکی مەڕی خۆشباوەڕ دەکات.
**ڕێوی فێڵباز:** ئۆوو مەڕی هاوڕێم سڵاو، ئەوە چی دەکەیت لەم ناوە.
**مەڕی خۆشباوەڕ:** خەریکم زوو بگەمە لای شوانەکەم و مێگەلەکەمان و کەری هاوڕێم.
**ڕێوی فێڵباز:** دەستی لەسەر شانی دادەنێت و ئەم پەلە پەلەت لەچییە؟
**مەڕی خۆشباوەڕ:** خۆ ئێمەش وەك تۆ نین هەزار فێڵمان هەبێت و لە شێرو پڵنگ و گورگی دڕندە خۆمان ڕزگار بکەین.
**ڕێوی فێڵباز:** گیانەکەم ئەو قسانە چییە بۆ تۆ هەواڵت نییە لە کۆبوونەوەی شێری پاشای دراستان و گشت ئاژەڵەکانی دارستان.
**مەڕی خۆشباوەڕ:** نەخێر بۆ چی بووە؟
**ڕێوی فێڵباز:** گیانەکەم شێری پاشای دارستان بەڵێننامەی مۆرکردووە کە ئەم بەهارە هەمووان بە ئاشتی بژین و هیچ ئاژەڵێك ڕاو نەکرێت و گیانی هەموو ئاژەڵەکان پارێزراوە تەنیا ئەو ئاژەڵەی کە ئەم بەڵێننامەیان لەگەڵ شێر مۆر کردبێت.
**مەڕی خۆشباوەڕ:** وای خاك بەسەرم خۆ من هەر ئاگام لەم کۆبوونەوە نییە و بەڵێننامەکەشم مۆر نەکردووە.

**ڕێوی فێڵباز:** کێشە نییە گیانەکەم شێری پاشای دارستان پاشایەکی بە بەزەییە منی ڕاسپاردووە هەر ئاژەڵێك  ویستی پارێزراو بێت با بچێتە لای گورگە (کە ناوی گورگ دێنێت مەڕی خۆشباوەڕ لە جێگەی خۆی ڕادەچڵەکێت) کاغەزی بەڵێنەکە لای مام گورگە لە ئەشکەوتەکە.

**مەڕی خۆشباوەڕ:** جا من چی بکەم؟

**ڕێوی فێڵباز:** گیانەکەم زۆر ئاسانە خێراکە زوو تا کات ماوە.

مەڕی خۆشباوەڕ بێ خوداحافیزی لە ڕێوی فێڵباز دەڕوات بەرەو دەمی ئەشکەوت.

**مەڕی خۆشباوەڕ:** سڵاو ئەی گورگ منیش هاتووم بۆ ئەوەی بەڵێننامەکە پڕ بکەمەوە.

**گورگ:** تۆ کێیت؟

**مەڕی خۆشباوەڕ:** منم مەڕم مەڕ" ئەی گورگ.

**گورگ:** مەڕ وەرە وەرە مەڕە گیان دەرگە کراوەتەوە.

مەڕی خۆشباوەڕ هەر دەچێتە ژوورەوە و سڵاو دەکات و دەبێت و هاوار ناڵە و گریان.

ڕێوی فێڵبازیش لە دەرەوە گوێییەکانی خۆی دەگرێت و جولەکەی فێڵبازانە دەکات.

**ڕێوی فێڵباز:** ئای مەڕی خۆشباوەڕ، هەر ژیر نابیت و تێ ناگەیت ئاژەڵ کە دڕندەبوو هەر دەبێت خۆت بپارێزی و باوەڕی پێنەکەیت، کێشەی مەڕەکان ئەوە نییە گورگەکان ئازان، بەڵکو کێشەی مەڕەکان ئەوەیە بەخۆیان لاواز و خۆشباوەڕن و ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن.

شانۆگەری بیست و حەفت

# مام ورچی دانا

**بابەت**

**( ڕەوشتی ڕێزگرتن )**

## کەسایەتییەکان:

مەیموونی گاڵتەچی"
ئاسکە دڵ ناسکەکە"
مام ورچی دانا"

لەنێو دارستان لەگەڵ دەنگی چۆلەکە و بولبول و دەنگی ئەسپ و ئاو و کانی و هاشەی جۆگەلەئاو، مەیموونی گاڵتەچی بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز دەسووڕایەوە و جولەی گاڵتەئامێز و وشەی گاڵتەئامێزی لە دەم دەردەچوو.

**میموونی گاڵتەچی:**

**منداڵان من مەیموونم**
**خۆشە دڵ و دەروونم**
**من زۆر جوان و زۆر قۆزم**
**شەیدای خواردنی مۆزم**
**لەسەر لقی دارەکان**
**پێکەوە دەکەین گەمان**

لەوکاتەیە ئاسکە دڵ ناسکەکە بە لەنجە و لارەوە بەوێ ڕەت دەبێت و جوولەی ناسك دەکات و وشەی ناسك و کچانە لە دەمی دەردەچێت، بۆ گاڵتەکردن بە ئاسکە دڵ ناسکەکە مەیموونەکە توند قاچی بە زەویدا دەکێشیت و ئاسکە دڵ ناسکەکەش لە جێگەی خۆی ڕادەچڵەکێت و دەست لەسەر دڵی دادەنێت و بە خێرایی هەناسە دەدات و لە جێگەی خۆی دەوەستێت و ناتوانێت ئاوڕی دواوە بداتەوە.

**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** وای خودایە ئەم دەنگە گەورەیە شێرە، (لە جێگەی خۆی دەلەرزێت).

**مەیموونی گاڵتەچی:** (هەندێك جولەی ئاسکە دڵناسکەکە دەکاتەوە) وای خودایە ئەم دەنگە گەورەیە شێرە.

ئاسکە دڵناسکەکە ئاوڕی تەنیشتی دەداتەوە دەبینێت مەموونی گاڵتەچییە، دەست لەسەر دڵی دادەنێت.

**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** ئای خودایە سوپاس، هەی مەیموونی گاڵتەچی بۆ منت ترساند.
**مەیموونی گاڵتەچی:** من تۆم نەترساندووە خۆت ترسنۆکی.
**ئاسکەکە دڵ ناسکەکە:** من ترسنۆك نیم نا، بەڵام لە شێر دەترسم دڕەندەیە.
لەو کاتەدا مام ورچی دانا دەردەکەوێت و مەیموونی گاڵتەچی لە جێگەی خۆی هەڵدەپەڕێت.
**مەیموونی گاڵتەچی:** (بە گاڵتەو هاوارەوە) مام ورچی دانا، مام ورچی دانا، مام ورچی دانا.
مام ورچی داناش مۆزێك لە گیرفانی دەردێنێت و بۆی هەڵدەدات و مەیموونی گاڵتەچیش مۆزەکە دەگرێتەوە و بە تامەزرۆییەوە تۆێکڵەکەی لێدەکاتەوە و دەیخوات.
مام ورچی دانا لە ئاسکە دڵ ناسکەکە نزیك دەبێتەوە و دەستێك لەسەر شانی دادەنێت.
**مام ورچی دانا:** تەماشا بکە گیانلەبەرە گاڵتەچییەکان دەبێت ئاوا بە شتێکی کەم خەریکیان بکەیت و دەمیان چەور بکەیت بۆ ئەوەی لەکۆڵ خۆتیان بکەیتەوە.
**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** جا مام ورچی دانا کێ وەك تۆ ئاوا دانا و زانایە تا لە هەموو گیاندارەکان تێبگات.
**مام ورچی دانا:** هەموو گیاندارێك خودا بەهرەیەکی پێداوە، تەنیا ئەوەندە ژیر بێت بەهرەکەی خۆی بدۆزێتەوە.
**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** (بەخەمبارییەوە) تازە مەیموون بە منی گوت تۆ ترسنۆکی.
**مام ورچی دانا:** دەی منیش کە ئەمەم گوێ لێبوو بۆیە هاتمە لات.
**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** ئۆوو زۆر سوپاس بۆ خەمخۆریت مام ورچی دانا.

**مام ورچی دانا:** گیانەکەکەم خودا لەم دونیا بە یەکسانی بەهرەی داوەتە گشت گیان لەبەرەکان، بەهرەی شێر ئازایەتییە، بەهرەی تۆش خێراییە.
**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** جا بەهرەی خێرایی من سوودی چییە.
**مام ورچی دانا:** چۆن سوودی نییە، تۆ دەتوانیت بەخێراییت هێزی شێر ببەزێت و نەتگریت و ڕزگارت بێت.
ئەی بۆچی هەموو جار هاوڕێکانم دەگرێت و دەبنە خۆراکی ئەو.
**مام ورچی دانا:** سەیربکە شتەکە زۆر ئاسانە ئەگەر تێبگەیت.
**ئاسکە دڵ ناسکەکە:** چۆن حەزەکەم تێبگەم و نەبمە نێچیر و خۆراکی شێرەکان و پڵنگەکان.
**مام ورچی دانا:** هیچ ئاسکێك نابێت بە نێچیری شێرەکان ئەگەر خۆیان نەیانەوێت.
**مام ورچی دانا:** ئی دە پێم بڵێ دڵم شەقی برد.
**مام ورچی دانا:** ئا ئافەرین منیش ئەمەوێت جوان گوێبگریت، کاتێك شێرەکان ڕاوی ئاسکەکان دەکەن، هەرچەند دەکەن ناگەن بە ئاسکەکان و ناتوانن ڕاوی بکەن" بەڵام ئاسکەکان لەناوەڕاست ڕاکردنەکان ئاوڕی دواوە دەدەنەوە و سەیری شێر دەکەن بزانن چەند دوورە یان نزیکە، لەم کاتەیە ترس دەکەوێتە ناو دڵی ئاسکەکان و خێراییان کەم دەبێتەوە و بەم جۆرە دەبنە نێچیری شێر و پڵگەکان و دەیانگرن.
ئاسکە دڵ ناسکەکە: وای وای ئەم قسەیە چەند ڕاستە چونکە من بیرمە دایکم و براکەم هەر ئاوڕی شێریان دایەوە بوونە نێچیری شێرو کەوتنە دەست شێرەکان.
**مام ورچی دانا:** ئەی چۆن نابێت ئاوڕ بدەیتەوە بۆ دەنگی هیچ گیاندارێك" بۆ وەڕینی هیچ گیاندارێك، تەنانەت قسەی مرۆڤەکانیش چۆن نابێت بە ئاسانی متمانە بەکەس بکەیت و گوێ لە کەس بگریت تەنیا

دایك و باوك و خوشك و براكانت بەس گوێ لەوانە بگرە، لەگەڵ ماموٚستاكانت كە فێری خێراییت دەكەن و ئاموٚژگاری باشت دەكەن.
**ئاسكە دڵ ناسكەكە:** زوٚر سوپاس مام ورچ بوٚ وشە جوانەكانت ئیدی دەزانم چوٚن بژیم و هاوڕێیەتی كێ بكەم و چوٚن گوێ بە دەنگ و قسەی هەموو گیاندارێك نە دەم و بیر لە بەهرەی خوٚم بكەمەوە و سوودی لێ ببینم.
مەیموونی گاڵتەچی خەریكی گاڵتە كردە بە توێكڵی موٚزەكە و هەڵدەپەڕێت، ئاسكە دڵ ناسكەكە و مام ورچی داناش سەیرێكی دەكەن.
**مام ورچی دانا:** سەیر بكە ئاسكە دڵ ناسكەكە هەرگیز هاوڕێیەتی ئەم جوٚرە گیاندارانە مەكە هەموو ژیانیان لاسایی كردنەوە و گاڵتەكردن و هیچ شتێك بە گرنگ نازانن، ئەم جوٚرە گیاندارانە لەپڕ تووشی داو خوٚیان دەبن و دەبنە خوٚراكی ئاژەڵە دڕندەكان.
**ئاسكە دڵ ناسكەكە:** مام ورچی دانا من بەم بچوكی خوٚمەوە دەتوانم ببم بە هاوڕێی توٚ.
**مام ورچی دانا:** بەڵێ دەتوانیت بەڵام دەبێت خوٚت پارێزگاری لە ژیانی خوٚت بكەیت و ژیری خوٚت بەكار بهێنیت و بەهرەی خوٚت بەگڕبخەیت كە خودا بەهرەی خێرایی بەتوٚ بەخشیوە و بە ئێمەی نەبەخشیوە.
**ئاسكە دڵ ناسكەكە:** (لە خوٚشیا هاورێكی لێ هەڵدەستێت) زوٚر سوپاس بوٚ هاوڕێیەتیت بێگومان بەهرەكەی خوٚمم بیر ناچێتەوە و سوپاس بەهرەكەی منت بوٚم ئاشكرا كرد.
بەمجوٚرە هەردووكیان لەسەر تەختەی شانوٚ ون دەبن و مەیموونیش هەر خەریكی گاڵتە خوٚیەتی و لەپڕ نەڕە و دەنگی شێر دێت و مەیموون یەك بەگەرووی دەقیژێنیت و ڕادەكات قاچی لە توێكڵە موٚزكە دەخزێت و بەردەبێتەو و هەڵدەسێتەوە و تەختەی شانوٚ جێدەهێڵێت.

# شانۆگەری بیست و هەشت

# خاکی دایك

**بابەت**

**( ڕەوشتی دەست نەدان لە هەموو شتێك )**

## کەسایەتییەکان:

شەپۆڵی تورە"
کڵپەی ئاگر "
خاکی دایک"

دەنگی باران لەسەر تەختەی شانۆ دێت و کرێوەی باو باران تێکەڵ بەیەکتر دەبن و دەنگی سەرما و سۆڵە دەردەکەوێت.
لەوکاتە شەپۆلی تورە دێتە سەر تەختەی شانۆ و چەترێکی ڕەشی بە دەستەوەیە وەك گۆچان پێی دەڕوات، بە جلێکی سەرتاپا سپییەوە و دەستەوانەی سپی و پێڵاوی سپی و کڵاوی سپی.

**شەپۆلی تورە:** (بە دەنگێکی گڕ و پیاوانەوە).

**هەر من شەپۆلی تورەم**
**زستانە نۆرە و سڕەم**
**چی بکەوێتە پێشم**
**لە ڕەگ هەڵیدەکێشم**
**لە بارانی زۆرەوە**
**بە لێزمەو بە خوڕەوە**
**دەبم بە شەپۆلی ئاو**
**هەڵدەچم هەر لە ناکاو**

لەگەڵ ئەم قسانە کڵپەی ئاگر دەردەکەوێت، بە جلێکی سەرتاپا سووری ئاگرینەوە هێرش دەکات و دێتە پێشەوە و بە دوو ژێر چاوی سوورەو قژێکی سوورەوە و جلوبەرگێکی سوورەوە" لەگەڵ دەرکەوتنی کڵپەی ئاگر" شەپۆلی تورە پشتاوپشت دەچێتە دواوە و ترس و لەرز دایدەگرێت.
**شەپۆلی تورە:** وای خودایە ئەم بەڵایە چییە.
کڵپەی ئاگر بە دەنگێکی ترسناك و هەندێك وشەی بێ واتا و دەنگە دەنگی ترسناك لە دەمی دەردەچێت و دواتر باسی خۆی دەکات.

**کڵپەی ئاگر:**

**منداڵان من ئاگرم**
**لە ڕووی ئاو خۆراگرم**
**لە من زوو دوورکەونەوە**
**نەکەن ئاگر کەنەوە**
**کە من گرتم کڵپە وگڕ**
**دنیا دەکەم بە ئاگر**
**دەسووتێنم وشك و تەڕ**
**ئاگری دەخەمە سەر**

لە گۆرانییەکەی تەواو دەبێت و تەواو نابێت، خاکی دایك دێتە سەر تەختەی شانۆ بەجلێکی خاکی شەپوشۆڕ و دڕێژەوە" بە لەچکێکی شەپوشۆڕی خاکییەوە کە تا کەمەری شۆڕبۆتەوە بە دەستەوانەی ڕەنگ خاکی و پێڵاوی ڕەنگ خاکییەوە.
شەپۆلی تورە و کڵپەی ئاگر ئاوڕی لێدەدەنەوە، هەردووکیان بە دەنگە ترسناکەیانەوە خۆیان بۆی دەسووڕێنن و بەیەك دەنگ پرسیاری لێ دەکەن.
**شەپۆلی تورە و کڵپەی ئاگر:** ها تۆ کێت بەم جلە سەیر و سەمەرە و بەم ڕووخسارە میهرەبانەتەوە لە کوێ هاتوویت.
**کڵپەی ئاگر:** (بەدەم پرسیارو سەرسامییەوە) تۆ لە ئاسمان دابەزیویت؟
خاکی دایك بە زەردەخەوە سەیران دەکات.
**شەپۆلی تورە:** ئوو نا نا من تۆ دەناسم، تۆ خاکی خاکی دایك.
**کڵەی ئاگر:** (بەسەرسامییەوە) چی چی خاکی دایك!

**خاکی دایك:**

**بەڵی من خاکی دایکم**
**بۆ هەمووتان هەر چاکم**
**من سەرچاوەی ژیانم**
**باوەشی هەمووتانم**
**دایکی ئاو و ئاگرم**
**بەرگەی هەمووتان دەگرم**
**لە باوەشم ئارام دەبن**
**ئەگەر هەرچەند تورەبن**

شەپۆلی تورە و کڵپەی ئاگر ڕووخسارییان دەگۆڕێت و تورەییەکەیان کەم دەبێتەوە و نزیك دەبنەوە لە خاکی دایك.
**شەپۆلی تورە:** خاکی دایك من شەپۆلمە شەپۆلی تورە.
شەپۆلی تورە قسەکانی تەواو دەبێت و نابێت کڵپەی ئاگر دێتە پێشەوە ڕێز دەنوێنێت و پاشان ئەویش خۆی دەناسێنێت.
**کڵپەی ئاگر:** منیش کڵپەم، کڵپەی ئاگر.
**خاکی دایك:** (بەزەردەخەنەوە) ڕۆڵەکانم من ئێوە دەناسم.
**کڵپەی ئاگر:** باشە خاکی دایك خۆ منداڵەکان ئێمە ناناسن؟
**شەپۆلی تورە:** بەڵێ ئەوان ئێمە ناناسن چۆن پێیان بڵێین" لە ئاو و ئاگر نزیك مەکەونەوە و یاری بەم دوو شتە مەکەن چونکە ئێمە زیانیان پێ بگەیەنین و ببینە هۆی مردنیان.
**خاکی دایك:** زۆر ڕاستە بەڵام دایك و باوکیان ڕێنموویان دەکات و ماموستاکیانیشان لە قوتابخانە پیان دەڵێن کە یاری بەدوو شت مەکەن" ئاو و ئاگر.

**کڵپەی ئاگر:** ئوو خاکی دایك ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو، ترسمان هەبوو ئەوان ئێمە نەناسن و یاری بە ئێمە بکەن.

**خاکی دایك:** نا نا منداڵەکان ژیر و وریان ئێوە دەناسن و یاریتان پێ ناکەن، ئەوان تەنانەت یاری بە مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان و دار ودرەخت و منیش ناکەن.

( خاکی دایك لە قسەکانی بەردەوام دەبێت)

هەروەها ئێوەش هەوڵبدەن لە منداڵەکان دوور بکەونەوە.

**شەپۆڵی تورە و کڵپەی ئاگر:** بەڵێن بێت، بەڵێن بێت.

**خاکی دایك:** دەی منیش جێتان دەهێڵم و دەچمە دەمە باوەش بۆ منداڵەکان یاری بکەن.

شەپۆڵی تورە و کڵەپی ئاگر دەستی یەکتر دەگرن و لە دەست چەپی تەختەی شانۆ ون دەبن لە چاوان و خاکی دایکیش لە دەستە ڕاستی شانۆ ون دەبێت لە چاوان.

## شانۆگەری بیست و نۆ

# کینۆی ئاژەڵدۆست

**بابەت**

**( ڕەوشتی ئاژەڵدۆستی )**

# کەسایەتییەکان:

بەچکە پشیلە"
کینۆی ئاژەڵدۆست"
ئامانی چەپان"

لە کۆڵانێکی گەورە و بەرین دەنگی هات و هاواری یاری و گەمەی منداڵان دێت، منداڵێکیان بەچکە پشیلەیەکی لە باوەشە و ئەوانی تریش لەگەڵ سەگێکن و سەگەکەس دەحەپێت وەك ئەوەی بیانەوێت ئازاری بدەن.
کینۆی ئاژەڵدۆست بەڕاکردن دێتە سەر تەختەی شانۆ و بەشۆکان و شڵەژان بە ڕووخسارییەوە دیارە.
**یەکێك لە منداڵەکان:** وریابن هاوڕێیان وریابن، کینۆی ئاژەڵدۆست هات.
منداڵەکان کە کینۆی ئاژەڵدۆست دەبینن خۆیان ژیر و ئارام دەکەنەوە و سەگەکە لە باوەش دەگرن.
کینۆی ئاژەڵدۆست لە منداڵەکان نزیك دەبێتەوە و پەشۆکان بە ڕووخسارییەوە دیارە.
**کینۆی ئاژەڵدۆست:** هاوڕێیان گوێم لە دەنگی سەگێك بوو لە لایەن منداڵانەوە ئازار دەدرا.
**منداڵێك لەنێو منداڵەکان کە سەگەکەی لە باوەشە:** (بەو پەڕی متمانە و لالووتییەوە) ئێمە نازانین و ئێمە سەگی خۆمان خۆش دەوێت و ئەزیەتی نادەین.
**منداڵی یەکەم:** (بەشێوەیەکی کۆمیدی) پیییووو.
منداڵەکان بەنەرمی پێدەکەنن دەکەن و دەستیان لەسەر دەمیان دادەنین، تا پێکەنینەکەیان بشارنەوە.
**کینۆی ئاژەڵدۆست:** (ڕوو لە منداڵەکە دەکات) تۆ گوتت چی هاوڕێ گیان؟
**منداڵی دووەم:** گوتم بەڵێ، واتە بەڵێ ڕاستەکە ئێمە ئاگامان لێ نییە و سەگی خۆمان خۆشدەوێت.
ئامانی چەپان کە بەچکە پیشلەکەی لە باوەشە، دێتە ناو گفتوگۆکە.
**ئامانی چەپان:** ئەی هاروهاجینە ئەگەر کینۆی ئاژەڵدۆستیش نەتان ناسێت، خۆ من دەتان ناسم.

**منداڵی سێیەم:** باشە باش ئەی ئامانی چەپان مەگەر تۆ نەبوو بەم دەستە چەپەت بەردەت لە پشیلەیەك دا و قاچی ڕاستیت شكاند.
**كینۆی ئاژەڵدۆست:** (بە سەرسوڕمانەوە سەیرێكی ئامانی چەپان دەكات) ئامانی چەپان ئەم قسەیە ڕاستە؟
**ئامانی چەپان:** بەڵێ ئەی كینۆی ئاژەڵدۆست ڕاستە" ئەم ڕووداوە هی ساڵێك پێش ئێستایە، من ئێستاكە كەسێكی دیكەم و ئاژەڵەكانم خۆشدەوێت و لە هەركوێ ئاژەڵێك ببینم پێویستی بە یارمەتی هەبێت یارمەتی ئەدەم.
**كینۆی ئاژەڵدۆست:** (دەست لەسەر پشتی پشیلەكەی باوەشی ئامانی چەپان دادەنێت) ئەی ئافەرین ئامانی چەپان، هیوادارم هەموو منداڵەكان چاو لە تۆ بكەن و زوو پەشیمان ببنەوە و نەك ئاژەڵەكان ئەزیەت نەدەن بگرە یارمەتیان بدەن و خۆراكیان پێبدەن.
**ئامانی چەپان:** زۆر سوپاس كینۆی ئاژەڵدۆست، لەو ڕۆژەوەی مامۆستاكەمان گوتی ئاژەڵەكانیش وەك ئێمە ئازاریان پێدەكات و خەم دەخۆن ئیدی منیش وازم لێ هێنان و بگرە بوومە هاوڕێیان.
(منداڵەكانیش تر هەموو شەرم و پەشیمانی و بێ تاقەتی لە ڕووخساریانەوە دەردەكەوت).
**كینۆی ئاژەڵدۆست:** نەك هەر ئەوەندە ئاژەڵەكان وەك ئێمە خێزانیان هەیە و منداڵیان هەیە و باوك و دایكیان هەیە و ئەوانیش وەك ئێمە برسی دەبن و تینوو دەبن و دڵخۆش دەبن و خەمبار دەبن.
(منداڵەكان زۆر هەست بە شەرمەزاری دەكەن منداڵی یەكەم دێتە پێشەوە).
**منداڵی یەكەم:** ئەی كینۆی ئاژەڵدۆست ئێمە چی بكەین بۆ ئەوەی وەك ئێوە ببین بە هاوڕێی ئاژەڵەكان و لە دەستمان ڕانەكەن.
**كینۆی ئاژەڵدۆست:** (بە زەردەخەنەوە) هاوڕێیان ئەمە كارێكی گران نییە، تەنیا لە ئەمڕۆوە بەڵێنێك لەگەڵ خۆتان بدەن، كە ئاژەڵەكانت خۆشبوێت و چۆن حەز ناكەیت كەس ئازاری دایك و باوكت بدات یان ئازاری خوشك

و برات بدات، ئاواش ئازاری ئاژەڵەکان مەدە ئەوانیش خوشك و برایان هەیە و دایك و باوکیان هەیە و خەمبار دەبن.

(منداڵەکان هەموو بەیەکەوە لە ڕیزێك دەوەستن و دەستی ڕاستیان بەرز دەکەنەوە ڕوو لە ئامانی چەپان و کینۆی ئاژەڵدۆست).

**منداڵەکان:** ئێمە وەك منداڵانی کۆڵانی سەرەوە بەڵێن دەدەین کە چیتر ئازاری ئاژەڵەکان نەدەین و تەنانەت یارمەتی ئاژەڵەکان بدەین.

(ئامانی چەپان و کینۆی ئاژەڵدۆست زۆر دڵخۆش دەبن، هەموویان باوەش بەیەکتر دەکەن و دڵخۆشی دەردەبڕن و دەستی یەکتر دەگرن و لەسەر تەختەی شانۆ دەچنە دەرەوە).

## شانۆگەری سییەم

# داوای لێبوردن

**بابەت**
**( ڕەوشتی لێبوردن )**

## کەسایەتییەکان:

ڕێدووری دەم پاک"
کارەی کڵاو گەورە"
کۆمەڵێک منداڵ"

لەسەر تەختەی شانۆ، دەنگی منداڵان دێت و هەر کەس لە ڕاست خۆیەوە قسە دەکات و لە نۆرەگرتن دە دوانزدە منداڵ وەستاون، لەو کاتەیە کوڕێك بەناوی کارە پێ گەورە دێتە پێشی پێشەوەی نۆرەکە و منداڵەکان هاواردەن.

**منداڵەکان:** هۆی کورە بۆچی هاتیتە پێشەوەی نۆرەکە؟

**کارەی کڵاو گەورە:** چی چی ئەوە کێ بوو گوتی بۆ هاتیتە پێشەوە.

**کارەی کڵاو گەورە:** (کڵاوەکەی سەری دادەنت و ڕێك دەخاتەوە و بە پێکەنینەوە) من نەهاتوومەتە پێشەوە بەڵکو ئێوە هاتوونەتە دواوەی من.

منداڵەکان توڕو دەبن و لەنێوان خۆیان دوو دوو دەبێتە پسکە پسك و قسە و گفتوگۆیان.

ئەو منداڵەی کە لە کۆتایی هەمووانە یەك بە یەك قسەیەك دەخاتە بنا گوێیان و دێتە تەنیشت کارەی کڵاو گەورە، منداڵەکانی تریش یەك لە دوای یەك بە نۆرە دەچنە دوای یەکتر و کارەی کڵاو گەورە بە تاقی تەنیا دەمنێتەوە.

کارە کلاو گەورە تووشی سەرسوڕمان دەبێت و سەیری چەپ و ڕاست و پێشەوە و دواوەی خۆی دەکات کەسی لێ نییە و دواتر سەیری نۆرە بەستنەکەی منداڵەکان دەکات.

**منداڵەکەی دواوە:** (کە هاتۆتە پێشی پێشەوە» بەڕێز کاك کارەی کڵاو گەورە تۆ گوتت ئێوە هاتوونەتە دواوەی من و من نەهاتوومەتە پێشەوەی ئێوە، ئێستا تێگەیشتی تۆ نە لە پێشەوەی و نە لە دواوەی بەڵکو بێ کار و ئیش وەستاویت).

**کارەی کڵاو گەورە:** (تورە دەبێت و بە توڕەییەوە لە کوڕەکەی پێشەوە نزیك دەبێتەوە، دەست دەنێتە یاخەی) دەزانیت هەر من یەکەمی لە نۆرەکەم و لە پێشەوەم نەك تۆ.

**منداڵەکەی پێشەوە:** هەموومان لە پێشەوەین و تۆش بە تاقی تەنیا لە دواوەیت.

ئەم قسەیە زیاتر تووڕەی دەکات هەوڵی شەڕ دەدەن و دەنگە دەنگی منداڵەکان بەرز دەبێتەوە هەموو منداڵەکان داوا دەکەن کارەی کڵاو گەورە بچێتە دواوەی نۆرەکە، لەم کاتەیە نۆرەی دەم پاك دێنە ناو ململانێ و شەڕەکەوە.

**ڕێدووری دەم پاك:** منداڵەکان ئەوە ئێوە چی دەکەن، منداڵەکانی دەرەوەی قوتابخانە چاوەیان لە ئێوەیە فێرە ڕەوشت بن، کەچی ئێوە بەم جۆرە کەوتوونەتە گیانی یەکتری.

**منداڵەکان**: هەموو بەهۆی کارەی کڵاو گەورەوە کە دواین کەس هاتووە کەچی هاتۆتە پێشی پێشەوەی نۆرەکە وەستاوە و نۆرە بڕی دەکات.

**ڕێدووری دەم پاك:** تکایە کەس قسەی ناشیریم و جنێو و تانە و تەشەر لە کەس نەدات، ئێوە هەموو بران.

**منداڵەکەی پێشەوە:** باشە ڕێدووری دەم پاك تۆ خۆت دادوەربە ئەمە ڕاستە کارەی کڵاو گەورە، یەکەم کەس ناوی خۆی بنووسێت بۆ پێشبڕکێکە ڕاکردنی سبەی ناو شار .

**ڕێدووری دەم پاك:** زۆر باشە کارەی کڵاو گەورە و هاوڕێیان هەرچی هەتانە هەڵیگرن بۆ بەیانی و لە پێشبڕکێکە نۆرەی یەکتر بگرن بە بردنەوەی پلەکەم.

**منداڵەکەی پێشەوە:** جا خۆ کارەی کڵاو گەورە ئەم شتانە نازانێت.

**ڕێدووری دەم پاك:** ئێستا هەمووتان ناوتان دەنووسرێت بۆ ماراسۆنەکەی بەیانی ناو شار، بۆیە کەس نۆرە بڕی نەکات، بۆ بەیانی خۆتن ئاماد بکەن لەێ ببنە پلە یەك لەوێ نەوەك لێرە.

**کارەی کڵاو گەورە:** ئمم زۆر باشە، لە ماراسۆنەکەی بەیانی دەتان بیممەوە، پێتان دەڵێم کێ یەکەمە و لە ڕیزی پێشەوەیە.

**ڕێدووری دەم پاك:** ئافەرین ململانێکە بگوازنەوە بۆ ماراسۆنەکەی بیان.

**منداڵەکەی ڕیزی پێشەوە:** زۆر باشە من داوای لێبوردن دەکەم لە کارەی کڵاو گەورە.

**کارەی کڵاو گەورە:** نا نا ئەبێت من داوای لێبوردن بکەم چونکە من نۆرە بڕیم کرد.

ڕێدووری دەم پاك: کەواتە هەردوو لا دەست لە ملی یەك بکەن و هەردوکتان داوای لێبوردن لە یەکتر بکەن، هەرکەسێکیش یەکەم کەس بێت داوای لێبوردن بکات ئەو براوەیە.

کارەی کڵاو گەورە یەکەم کەس دەبێت داوای لێبوردن دەکات.

**منداڵەکەی پێشەوە:** « بە پێکەنینەوە» ڕێدووری دەم پاك کارەی کڵاو گەورە لەمەش نۆرە بڕی کرد و بووە یەکەم.

**ڕێدووری دەم پاك:** « بە زەردەخەنەوە» نۆرە بڕی بۆ کاری باش کێشە نیە و پێویستە هەمووومان بۆ داوای لێبوردن هەوڵبدەین یەکەم بین و دەستپێشخەری بکەین.

هەموو منداڵەکانی تر بە نۆرە داوای لێبوردن لە کارەی کلاو گەورە دەکەن و ئەویش داوای لێبوردنیان لێ دەکات.

بەم چەشنە هەموو دەستی یەك دەگرن و ڕێدووری دەم پاکیش لە پێشیانەوە لە سەر تەختەی شانۆ ون دەبن.

## شانۆگەری سی و یەکەم

# سوپاس

**بابەت**

**( ڕەوشتی سوپاسگوزاری )**

# کەسایەتییەکان:

سۆفیای کەزی درێژ"
دایە یانینا"
گەنیمەی بچوک"

لەنێو کۆڵانێك کە پڕە لە کۆنە شت و دار وبەرد و یاری کردن و ڕۆیشتن تیایا ئاسان نییە،
سۆفیای کەزی درێژ بەجلوبەرگێکی شڕی گەورەوە کە لە منداڵێکی هاروهاجی شەڕانگێز دەچێت، بە ڕێگا دەڕوات و گەنیمەی بچوکیش بە دواوەی ئەو دێتە.
سۆفیای کەزی درێژ بە جۆرێك لە خۆبای بوونەوەدەتوات و لە پڕ قاچی گیر دەبێت لە بەردێك و بەردەبێتەوە، لەگەڵ بەربوونەوەکە خێراهەڵدەستێتەوە بە توڕەییەوە شووتێك دەدات لە تەنەکەیەك کە لەوێ کەوتووە.
**گەنیمەی بچووك:** (بە خێرایی دێت بۆ لای) ئۆو چۆنی ئازارت هەیە، یارمەتیت دەوێت؟
**سۆفیای کەزی درێژ:** نا یارمەتیم ناوێت، ئەو بەردانە کێ دایناوە؟.
**گەنیمەی بچوك:** من نازانم کێ دایناوە!
(لەو کاتەیە دایە یانینە دێتە ناو گفتوگۆکەوە).
**دایە یانینە:** بەڵێ دەبێت سوپاسی خودا بکەیت کە لەوە خراپتریش هەیە، بەڵام بەسەری نەهێنایت.
**سۆفیای کەزی درێژ:** (بە پێکەنینەوەە) بەربوومەتەوە، هێشتا سوپاسی خودا بکەم.
**دایە یانینە:** هەندێك سوپاس هەیە بۆ خودا و
هەندێك سوپاسیشش هەیە بۆ مرۆڤەکان.
**گەنیمەی بچوك:** واتە چۆن دایە یانینە.
**دایە یانینە:** کچی خۆم واتە کاتێك بە ڕێگا دەڕۆیت، مرۆڤێکی نابینا دەبینیت، دەڵێیت: سوپاس خودا چاوت بە من بەخشیوە دەتوانم شتەکان ببینم، یان کاتێك منداڵێك دەبینی باوکی نەماوە و تۆش باوکت هەیە، تۆش دەڵێت سوپاس خودایە باوکم لامان و ئاگای لێمانە.

**گەنیمەی بچوك:** ئەی ئەگەر هەژارێكمان بینی ؟
**دایە یانینە:** ئەوكاتەش دەڵێیت سوپاس خودایە ئێمە ژیانمان باشترە لەم هەژارە.
**سۆفیای کەزی درێژ:** (بە پێکەنینەوە) ئەی ئەگەر سەگێك یان پشیلەیەکمان بینی؟
**گەنیمە بچوك:** (بەسورسوڕمانەوە سەیرێکی سۆفیای کەزی سپی دەکات) سەگ و پشیلە ؟!
**دایە یانینا:** بێگمان کە سەگ یان پشیلەتان بینی باشترین سوپاس ئەوەیە ئەزیتی ئەو ئاژەڵانە نەدەن، چونکە ئەوانیش دایك و باوك و خوشك و برایان هەیە و چاوەڕانیانن.
**گەنیمەی بچوك:** وای خودایە سۆفیای کەزی درێژ خۆ تۆ بەردت لە سەگەکەی کۆڵانەکەی ئەو سەر گرت؟
**سۆفیای کەزی درێژ:** (بەشەرمەزارییەوە، سەری دەخاتەوە بەرەخۆی) جا خۆ من نەمدەزانی ئەوانیش وەك ئێمە دایك و باوك و خوشك و برایان هەیە!
(بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و ئەمجارە سەری بەرز دەکاتەوە و بە زەردەخەنەوە) قەینا من ئەمجارە سوپاسیان دەکەم.
**دایە یانینا:** نا سوپاس نا، مرۆڤ کاتێك هەڵەیەکی بەرامبەر مرۆڤەکان کرد داوای لێبوردن لە مرۆڤەکە دەکات، ئەگەریش هەڵەیەکی بەرامبەر ئاژەڵەکان کرد داوای لێبوردن لە خودا دەکات، چونکە ئاژەڵەکان زمانیان نییە و لێت تێ ناگەن، دوای ئەوەش دەچیت یارمەتیان دەدەیت.
**سۆفیای کەزی درێز:** (دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە) خودایە ببوورە جارێکی دیکە ئەم کارە بەرامبەر ئاژەڵەکان دووبارە ناکەمەوە و سوپاس دایە یانینەش دەکەم فێری کردم.
**دایە یانینە:** ئەی ئافەرین ئێستا تەواوە.
(دایە یانینەش دەست دەخاتە سەر شانی هەر دووکیان و بەو پەڕی دڵخۆشی و بەختەوەرییەوە).

**دایە یانینە:** منیش سوپاستان دەکەم کە ئاوا ژیر و گوێڕایەڵن و گوێتان لە ئامۆژگارییەکانی من گرت.
**گەنیمەی بچوك و سۆفیای کەزی درێژ:** ئێمەش سوپاست دەکەین دایە یانینە، خودا بۆ ئێمەت بهێڵێت، سوپاس، سوپاس.
گەنیمەی بچوك و سۆفیای کەزی درێژ و دایە یانینە دەستیان دەخەنە ناو دەستی یەك لە تەنیشت یەکەوە دەوەستن و هەر سێکیان ڕوو لە منداڵەکانی بینەر دەکەن و یەك قسە دەکەن.
**گەنیمەی بچوك و سۆفیای کەزی درێژ و دایە یانینە:** منداڵەکان ئێوەش بڵێن سوپاس.
**ئەوان هەر سێکیان پێکەوەبە:** (بە دەنگێکی بەرز بە دوو بڕگە دەڵێن) سوو پاسس.
**منداڵە بینەرەکان:** (ئەوانیش دووبارەی دەکەنەوە): سووو پاسس
(دوو سێ جار ئەو دووبارە گوتنەوە لە نێوان هەر سێکیان و بینەرە منداڵەکان ڕوودەدات و دووبارە دەبێتەوە)
(لە کۆتایی هەرسێکیان گەنیمەی بچوك و سۆفیای کەزی درێژ و دایە یاننە کە دەزانن منداڵەکان بە جوانی دەڵێن سوپاس، ئەوانیش هەر سێکیان بە هەموو هێزی خۆیان چەپڵە بۆ منداڵە بینەرەکان لێ ددەن، چەپڵە بەردەوام دەبێت تا پەردەی شانۆ دادەخرێتەوە).

## شانۆگەری سی و دووەم

# ملّچەملّچ

**بابەت**

**( ڕەوشتی خواردن )**

# کەسایەتییەکان:

فاتیمەی میهرەبان"
عایشەی دڵ گەورە"
فارسی پاڵەوان"

شەقامێکی گشتی لە شوێنی وەستانی پاسەکان کۆمەڵێك منداڵ بە جلی قوتابخانە و جانتای قوتابخانەوە وەستاون، خەریکی وتووێژ گفتوگۆن لەگەڵ یەکتر تا پاسەکە بێت و سەرکەون.

هەر لە دوورەوە فارسی پاڵەوان بە ملچەملچی بنێشت جوینەکەی دەردەکەوێت بە جلی قوتابخانەوە بەڵام بلوزێکی وەرزی لەسەر لەبەر کردووە لەگەڵ کڵاوێکی وەرزشی و جیاواز لە منداڵەکانی دیکە کە جانتاکەیان داوە بە هەر دوو لای شانیانەوە، فارسی پاڵەوان جانتاکەی داوە بە لای ڕاستی شان و کۆڵییەوە، لەم کاتەیە دێتە ڕیزی منداڵە چاوەڕوانەکان، هەمووان بە جۆرێکی نامۆ سەیری یەکتر دەکەن

**یەکێك لە م منداڵەکان:** (بە هاوڕێکەی تەنیشتی ئەڵێت) ئەمڕۆ وانەی وەرزش هەیە لە قوتابخانەکان.

**منداڵەکەی هاوڕێی:** نەخێر نەخێر بێدەنگ بە ئەوە فارسی یاریزانە، بەهرەی یاریکردنی نییە و خۆشی وەك یاریزانەکان لێ دەکات.

**فارسی پاڵەوان:** ئاوڕ دەداتەوە وەك ئەوەی گوێی لە دەنگی ئەمان بێت باسی ئەو دەکەن، دەنگی مڵچە مڵچەکەی بەرزتر دەکاتەوە، بە دوو سێ جولەی دەم وچاوی وەك ئەوەی بیەوێت بێ بێدەنگ بن.

لەو کاتە فاتیمەی میهرەبان دێتە ڕیزی منداڵەکانەوە پێڵاوەکەی تۆزێك ژێرەکەی ڕەقە و لە کاتی ڕۆیشت تەقە تەق دەکات و دەنگی لێوە دێت، هەر بۆیە کە دەگاتە لایان فارسی پاڵەوان و فارسی پاڵەوانیش بە بنێشت جوینەکەی مڵچەملچ دەکات و بە ڕۆیشتنیشی لەسەر موزیکی ملچە مڵچەکە دەڕوات.و لاسایی رۆیشتنی فاتیمەی میهرەبان دەکاتەوە.

(یەك دوو دانە لە منداڵەکان بە ئاستەم پێدەکەنن و ئەوانی دیکە چاویان لێ زەوق دەکەنەوە و وەك ئەوەی کارێکی شەرمهێنە کە لاسایی شتێك بکەیتەوە گاڵتەکردن بێت بە مرۆڤ).

(فاتیمەی میهرەبان تۆزێك لە فارسی پاڵەوان دوور دەکەوێتەوە).
**فاتیمەی میهرەبان:** هەر منداڵێك لاسایی منداڵێکی دیکە بکاتەوە واتە ئەو منداڵە خۆی بەهرەی نیە و تەمبەڵە بۆیە لاسایی منداڵەکانی دیکە دەکاتەوە.
منداڵەکان هەموو بەیەکەوە: ئۆۆووو قسەیەکی بەهێز بوو.
**فارسی پاڵەوان:** من لە هەمووتان بەهرەم زیاترە.
**فاتیمەی میهربان:** بەهرەکەت لاساییکردنەوە و مڵچەمڵچی بنێشت جوینە؟
**منداڵەکان:** هەموو بەیەکەوە پێدەکەنن هەر کە فارسی پاڵەوان ئاوڕ دەداتەوە بێدەنگ دەبن.
فارسی پاڵەوان فارس لە منداڵەکانی دیکە بەژنوباڵای گەورەترە ئەمەش وای لیکردووە تۆزێك لە خۆبایی بوونی پێوە دیار بێت.
**فارسی پاڵەوان:** من لە ئێوە بەهێزترم.
**فاتیمەی میهرەبان:** ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە،کات درەنگە و هێشتا پاسەکەمان نەهاتووە دیارە کێشەیەك هەیە.
**فارسی پاڵەوان:** (بە گاڵتەکردن و بە دەم مڵچەمڵچی بنێشت جوینەوە) جا چی فەرمان دەکەیت خاتوو فاتیمەی میهرەبان.
**فارسی پاڵەوان:** پاڵەوان ئەو کەسەیە بە پێیان و لەسەر قاچەکانی خۆی بگاتە قوتابخانە و بە وانەی یەکەم ڕابگات.
**منداڵەکان هەموو پێکەوە:** ئێمە ئامادەین.
**فارسی پاڵەوان:** باشە باش فاتیمەی میهرەبان دە با ببینین بزانین کێ پاڵەوانە.

**فاتیمە میرەبان:** خۆیان کۆدەکەنەوە و بەڕێدەکەون و فارسی پاڵەوان پێشیان دەکەوێت و یەکەم کەس دەگات و دەچێتە ناو پۆل و سەر کورسییەکەی خۆی، منداڵەکانی دیکەش لە دوای ئەو دەگەنە ناو پۆل و دادەنیشن.

**فارسی پاڵەوان:** (بە پێکەنینەوە) ئێستا زانیتان پاڵەوان کێیە؟

لەو کاتەیە عائیشەی دڵ گەورە دێتە ژووریٰ و بەیانی باش دەکات لە منداڵەکان.

**فاتیمەی میهربان:** عائیشەی دڵ گەورە تۆ زۆر کتێب دەخوێنێتەوە تۆ وەڵامی فارسی پاڵەوان بدەوە، یەکەم کەس هاتۆتە ناو پۆل و دەپرسێت کێ پاڵەوانە.

**عائیشەی دڵ گەورە:** پاڵەوانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە مێشك و بەهرەی بەهێزە نەك جەستە و ماسولکەی، پاڵەوان ئەو کەسەیە کە ڕەفتاری بەرز و جوانە نەك باڵا و لەش و لاری.

**منداڵەکان:** ئۆوووو ئەو قسە زۆر بەهێزبوو.

**فاتیمەی میهرەبان:** (ئاوڕ لە منداڵەکان دەداتەوە)

ئێوە هەر بێڵێن قسەیەکی بەهێزبوو.

(لەو کاتەیە فارسی پاڵەوان بێدەنگ دەبێت و دەنگی ملچەملچەکە لە خێراییەکی زۆر کەم دەکاتەوە، ملچەملچەکەی هەر وەك خۆی گەورەو بەهێزە بەلام تۆزێك هێواشی دەکاتەوە).

**عائیشەی دڵ گەورە:** فارسی پاڵەوان دیارە تۆ بە بنێشت و ملچەملچ قسە دەکەیت؟

**فارسی پاڵەوان:** هەست بە شەرمەزاری دەکات و بنێشتەکەی دەخاتە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە.

**فاتیمەی میهرەبان:** فارسی پاڵەوان ئێستا تۆ پاڵەوانی.

**عایشەی دڵ گەورە:** بەڵێ پاڵەوان ئەو کەسەیە ڕەوشتە خراپەکان واز

لێبێنێت و گرنگی بە ڕەوشتە جوانەکان بدات.
**فاتیمەی میهرەبان:** دەستت خۆش بێت ئەو کارە جوانەت کرد و وازت لە بنێشت جوین هێنا لە ناو پۆل و ناو خەڵك.
**فارسی پاڵەوان:** سوپاس ئێوە واتان لێکردم شەرم لە خۆم بکەم.
**عائیشەی دڵ گەورە:** ببوورە ئەگەر شێوازی پێگوتنەکەمان جوان نەبێت، گرنگە ئێمە هەموومان لە یەك پۆل وەك خوشك و براین.
فارسی پاڵەوان ئاوڕی لە هەمووان دەداتەو و یەك بە یەك سەیری هەمووان دەکات.
**فارسی پاڵەوان:** (بە پێکەنینەوە) ئەو هەموو خوشك و برایەم هەیە، هەر خۆم برا گەورەتانم باشە.

## شانۆگەری سی و سێیەم

# بروسکی دەنگ گەورە

**بابەت**

**( ڕەوشتی قسەکردن)**

# کەسایەتییەکان:

برووسکی دەنگ گەورە"
بارانی سپی"
شەونمی بچوك

دوو خوشك و برایەك بە نیازن خۆیان ئامادە بکەن، بۆ گەشت کردن بۆ دەرەوەی شار لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەکەیان" بۆ ئەم مەبەستە خەریکی ئامادەکردنی کەل وپەلەکانیانن.

برووسکی دەنگ گەورە لە ژوورەکە لەنێو کەلوپەلەکانی ماڵەوە دەخولێتەوە دانە بەدانە دەیان پشکنێت، جۆرێك لە هەڵچوون و تورەبوون بە هەڵسووکەوتییەوە دیارە.

بارانی سپی کە کچە منداڵی ناوەڕاستە ئەویش خەریکی قەدکردنی جلە پێویستەکانییەتی بۆ گەشتە یەك ڕۆژییەکەیان، لەولاتر شەونمی بچوك کە کچە بچووك و هەمو منداڵی بچوکی ماڵەوەیە گڵاسێکی بە دەستەوەیە دەیەوێت ئاوەکە بخواتەوە.

**برووسکی دەنگ گەورە:** (لەپڕ یەك بە گەرووی بە دەنگێکی گەورەوە) کوانێ لایتەکەم بچووکەکەم؟

بارانی سپی یەك بە گەرووی دەقیژێنێت.

شەونمی بچوکیش لەتاو دەنگە گەورەکەی برووسکی برای ئاوەکەی دەکات بە دەم و چاوی خۆیەوە و خێرا هەناسە دەدات، بارانی سپیش دەستی لەسەر دڵیەتی خێرا هەناسە دەدات و ترس بە ڕووخساری هەر هەردووکیانەوە دیارە.

**برووسکی دەنگ گەورە:** (بە سەرسووڕمانەوە) ئەوە چیتانە بۆ واتان لێهاتووە.

**بارانی سپی:** (بە تورەییەوە) لە دەنگە گەورەکەی خۆت بپرسە، دەنگ گەورە، دەنگ گەورە، دەنگ گەورە.

**شەونمی بچووك:** دایکم بێتەوە پێی دەڵێم برووسکە دەنگ گەورە دیسان ئێمەی ترساند.

**برووسکی دەنگ گەورە:** بۆ ئێوەم ترساند تەنیا گوتم کوانێ لایتە بچوکەکەم، چونکە پێویستمان دەبێت نەوەك درەنگ بگەڕێینەوە ماڵەوە و شەومان بەسەر بێت.

**شەونمی بچوك:** جا مرۆڤ ئاوا داوای شت دەكات.
**بارانی سپی:** وایە بڕۆ بەر ئاوێنە سەرێكی خۆت بكە بزانە گوێیەكانت گەورەن یان بچووك.
**برووسكی دەنگ گەورە:** (بە پێكەنینەوە) خۆ من بە دەم قسە دەكەم نەك بە گوێ، بڵێ بڕۆ سەیری ئاوێنە بكە بزانە دەمت گەورەیە یان نا.
**بارانی سپی:** نا نا مەبەستم ئەوەیە بزانم گوێت گەورەیە یان نا، خۆت ئەزانی كامە گیانداری گوێ گەورە دەنگی گەورەیە.
**شەونمی بچووك:** بە دەنگی گەورە كەس بێزار مەكە، دەنگی گەورە لە دەنگی ئاژەڵێك دەچێت كە گوێیەكانی گەورەیە، تۆ مرۆڤی گوێت بچوكە بۆیە دەبێت دەنگیشت بچوك و نزم بێت.
(برووسكی دەنگ گەورە بە سەرسوڕمانەوە گوێ لە قسەكانیان دەگرێت و یەك یەك سەیریان دەكات).
بارانی سپی نایەڵێت شەونم قسەكانی تەواو بكات و پەتی قسەكردن وەردەگرێتەوە.
**بارانی سپی:** بەڵێ مرۆڤ كە بە دەنگی گەورە و بەرز قسە دەكات مرۆڤەكانی دیكە تەنیا گوێیان لە دەنگی دەبێت نەك قسەكانی و نازانن چی دەڵێت.
**برووسكی دەنگ گەورە:** وەی وەی دوو پرۆفیسۆر لە ماڵەكەمان هەیە و نەشم زانیوە.
**بارانی سپی:** تۆ برای ئێمەی دەبێت ڕاستیت پێبڵێین با پێشت ناخۆش بێت.
**برووسكی دەنگ گەورە:** ( هەر بەردەوام بە دەنگی گەورەوە و بە گاڵتەكردنەوە) دەی ئاوازێكم بۆ دابنێن چۆن قسە بكەم؟
**بارانی سپی:** لە دوای من بڵێوە، شەونمی بچوك كوانی لایتەكەم.
**برووسكی دەنگ گەورە:** هەر بە دەنگە گەورەكەی خۆی بەڵام وەك كچان لاسایی بارانی سپی دەكاتەوە.

**بارانی سپی:** تۆ لاسایی من مەکەوە، تەنیا دەنگت ئارام بکەوە و تۆزێك نزمی بکەوە.
**برووسکی دەنگ گەورە:** (بە دەنگێکی هێواش و نەرمونیان) باشە.... شەونمی بچوك کوانێ لایتەکەم؟
**شەونمی بچوك:** دەست لەناو جانتاکەی خۆ دەردێنێت و لایتەکەی لەنێو دەستە و ڕوو لە برووسکی دەنگ گەورە دەکات.
**شەونمی بچووك:** هانێ ئەوەتە لایتە بچووکەکەت.
**برووسکی دەنگ گەورە:** ( بەسەر سوڕمانەوە) ئۆوو ئەی بۆ سەرتا گوتم کوانێ لایتە بچووکەم پێت نەوتم لای منە!!.
**شەونمی بچووك:** بیرت بارانی سپی خوشکم چی گوت، گوتی: مرۆڤ کە بە دەنگی گەورە و بەرز قسە دەکات مرۆڤەکانی دیکە تەنیا گوێیان لە دەنگی دەبێت نەك قسەکانی و نازانن چی دەڵێت.
(شەونم لە برووسکی دەنگ گەورە دێتە پێشەوە و جوانتر دەیەوێت بۆی ڕوون بکاتەوە کە ئەو دەنگی گەورەیە و ناخۆشە).
**شەونمی بچوك:** سەرەتا بەم دەنگ گەورە و ناخۆشە هاوارات کرد کوانێ لایتەکەم، من تەنیا گوێم لە دەنگە ناخۆش و گەورەکەت بوو هەر نەمزانی داوای چی دەکەیت.
**برووسکی دەنگ گەورە:** باشە باش جارێکی دیکە بە دەنگ گەورە و ناخۆش قسە ناکەم.
**بارانی سپی:** ئەی ئافەرین برووسکی گوڵ، دەی ئێستاش با بەڕێ بکەوین ئێستا پاسەکە دێت.
**برووسکی دەنگ گەورە:** (لایەتەکە لە پێش قاچیان هەڵدەکات)، (بە پێکەنیەوە) فەرموون فەرموون.
ئەوانیش پێدەکەنن و بە پێکەینینەوە شانۆکە کۆتایی دێت.

## شانۆگەری سی و چوارەم

# ئۆلانی کڵاوشین

**بابەت**

**( ڕەوشتی ڕێزگرتن لە مرۆڤ)**

# کەسایەتییەکان:

ئۆلانی کڵاوشین"
لیای قوتابی"
سانی هاوڕێ"
مامۆستا چرا"

لە کۆڵانێك کۆمەڵە منداڵێك یاری دەکەن و دەنگە دەنگ و هەرایەکیان ناوەتەوە ئەو سەری گەڕەك گوێی لێیانە، سێ ناو لەناو ئەو منداڵانە زۆر ناویان دێت سان و لیا و ئۆلانی کڵاو شین، یارییەکە یار پەت ڕاکێشانە بزانن کێ پلەی یەکەم و براوەیە و کێش پلەی دووەم، گرووپی ئۆلانی کڵاوشین و گرووپی لیای قوتابی و سانی هاوڕێی لیا، منداڵێکیش لەناوەڕاستی هەردوو گرووپ وەستاوە، پێی دەڵێن دادوەر.

**دادوەر:** گرووپی ئۆلانی کڵاوشین ئامادەن؟

**گرووپی ئۆلانی کڵاوشین:** (بەیەك دەنگ) بەڵێ ئامادەین.

**دادوە:** گروپی لیای خوێندکار و سانی هاوڕێی ئامادەن؟

**گرووپی لیای قوتابی و سانی هاوڕێی:** (بەیەك دەنگ) بەڵێ ئامادەین.

گرووپی ئۆلانی کڵاوشین زۆر بەهێزەوە هەوڵی ڕاکێشانی پەتەکە دەدەن بۆی لای خۆیان تا گرووپی بەرامبەر بکەون و ببنە براوەی یەکەم، لەبەرامبەر گرووپی لیای قوتابی و سانی هاوڕێی بە هێزەوە دەیانەوێت بەرگەی مانەوە بگرن و هەوڵبدەن بمێننەوەو نەکەون.

**ئۆلانی کڵاوشین:** منداڵەکان هەوڵبدەن ڕایانکێشن و بکەون، دەی ئێوە بەهێزن، دەبێت بیبینەوە.

**لیای قوتابی:** منداڵەکان وره بەرنەدەن زۆرمان نەماوە، تەنیا تۆزێکی دیکەش بەرگە بگرن.

(دوای هەوڵێکی زۆر گرووپی ئۆلانی کڵاوشین دەتوانن گرووپی لیای خوێندکار و سانی هاوڕێی ڕاکێشن بۆ ئەو دیو هێڵە کێشراوەکەکە و هەموویان بکەون بە زەویدا و سەرکەوتووبن و ببەنەوە).

لەوکاتەیە هەردوو گرووپ دوای هەوڵێکی زۆر بە سەر کەوتنی گروپی ئۆلانی کڵاوشین سەردەکەون بەسەر گروپی لیای قوتابی و سانی هاوڕێی و هەردوولایان دەکەون بەسەر زەوی و گرووپی گرووپی ئۆلانی کڵاوشین لە خۆشیا لەسەر زەوی هەڵناستنەوە و گرووپی لیای قوتابی و هاوڕێیشی بەهۆی دۆڕانیانەوە تاقەتیان نییە هەڵسنەوە.

**ئۆلانی کڵاوشین:** ئافەرین منداڵەکان، سەلماندتان ئێوە بەهێزن، سوپاس مانەوە لەگەڵم و توانیتان خۆتان بسەلمێنن.
**لیای قوتابی:** کێشە نییە منداڵەکان یاری وایە جاری وایە دەبەیتەوە جاریش وایە دەدۆڕێنیت.
(لەو کاتەیە کە هەردوو گرووپ خەریکی گفتوگۆی دوای کۆتایی یارییەکەن لەگەڵ گرووپەکەی خۆیان، مامۆستا چرا لێیان نزیك دەبێتەوە بەڵام هیچ لە منداڵەکان نایبینن تا تۆزێکی تر نزیك دەبێتەوە لیای خوێندکار دەیبینێت و بەپەلە خۆی کۆدەکاتەوە و وەك ڕێزێك لەبەر مامۆستا چرا هەڵدەستێتەوە و سڵاو لە مامۆستا چرا دەکات و بەخێرایی بە دەست و دەنگێکی نزم هاوڕێکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵسنەوە و ئەوانیش هەڵدەسنەوە، بەڵام ئۆلانی کڵاوشین و گرووپەکەی هەڵناسنەوە بەهۆی ئەوەی ئۆلانی کڵاوشین هەڵنەساوەتەوە ئەوانیش هەڵنسانەوە).
(کە مامۆستا دەڕوات هەموویان جێدەهێڵێت).
**لیای خوێندکار:** ئەی ئافەرین منداڵەکان ئاوا لەبەر مامۆستاکانمان دەبێت هەڵسینەوە.
لیای قوتابی قسەکانی تەواو دەکات و ڕوو لە ئۆلانی کڵاوشین دەکات.
**لیای قوتابی:** (بەسەرسوڕمانەوە) ئەی ئۆلانی کڵاوشین ئەوە بۆ لەبەر مامۆستا هەڵنەسایتەوە؟
**ئۆلانی کڵاوشین:** (بەسەرسوڕمانەوە) خۆ مامۆستای ئێمە نییە بۆ لەبەری هەڵسینەوە!!
**سانی هاوڕێی لیای قوتابی:** باشە ئۆلانی کڵاوشین تۆ ئەگەر دایکێکت بینیی ڕێزی لێ ناگری لەبەر ئەوەی دایکی تۆ نییە، (لە شێوەی پرسیار دەپرسێت) ئەمە ڕاستە ئۆلانی کڵاوشین.
**ئۆلانی کڵاوشین:** (بەدەم ئمێکەوە کە لەدەمی دەردەچێت) ئمم بەڵێ قسەکەت ڕاستە.

**لیای قوتابی:** کەواتە ئەمجار هەر مامۆستایەکمان بینی هی قوتابخانەی ئێمەش نەبوو ڕێزی لێ دەگرین و سڵاوی لێ دەکەین.
**ئۆلانی کڵاوشین:** ( بەدەم خەندە و پێکەنینەوە) ئەمجار من نەك سڵاوی لێ دەکەن (کڵاوشینەکەی دەهێنێتە خوارەوە وەك ڕێك) من ئەم کڵاوەشی بۆ دادەگرم.
**سانی هاوڕێی لیای قوتابی:** (بەدەم خەندە و پێکەینەوە) ئەی ئافەرین ئەمە زۆر باشە.
**لیای قوتابی:** (بەدەم پێکەنینەوە ڕوو لە ئۆلانی کڵاوشین) کەواتە ئەمڕۆ هەردوو لامان براوەبووین، ئێوە لە یارییەکە براوەبوون و یەکەم بوون و ئێمەش لە ڕەفتارمان بەهۆی ڕێزگرتن لە مامۆستاکانمانەوە یەکەم بووین.
**ئۆلانی کڵاوشین:** زۆر باشە بۆ جارێکی دیکە لە هەردوو یارییەکە لێتان دەبەینەوە.
هەردوو گروپکە دەبێت بە پێکەنینیان و دڵخۆش و خەندە و پێکەنین دەدەبڕن  و لەگەڵ دەنگی قاقای پێکەنین شانۆ تەواو دەبێت.

# شانۆگەری سی و پێنجەم

# مرۆڤ

**بابەت**

**( ڕەوشتی ڕێزگرتن لە کات )**

## کەسایەتییەکان:

سەعات"

ساڵ"

ڕۆژ"

مرۆڤ"

(لەسەر تەختەی شانۆ دەنگی چرکە چرکی سەعات دێت و لەگەڵ ئەم چرکە چرکە چەند دەنگێك دەردەکەون و مرۆڤێکیش بە تاقی تەنیا لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆ ڕەق وەستاوە و بە واق وڕماوی و سەرسامییەوە گوێی گرتووە لەم دەنگانە و وەك تووشی شۆك بووبێت لەگەڵ گۆڕینی دەنگەکان ئەویش سەری بۆ لای چەپ و ڕاست و پێشەوە و دواوە هەڵدەسوڕێنێت و قاچەکانیش وەك ئەوەی دارێك بن لە زەوی چەقبن توند پەیوستی بە زەوی کردووە نایجولێنێت).

**دەنگی یەکەم:** خێراکەن زووبن، سەعات زۆر زوو تەواو دەبێت.

**دەنگی دووەم:** نا نا پەلە مەکەن کاتێکی زۆرتان لای من ماوە.

**دەنگی سێیەم:** قەینا هەر دەبێت کاری خۆتان زوو تەواو بکەن، چونکە هەر بە ئاوابوونێك ئیدی ئێوە دەست بە تاڵ دەمێننەوە.

مرۆڤەکە کە گوێی لەم قسانە دەبێت بێ تاقەت و ماندوویەتی پەشۆکان و سەرسامی بە تەواو جەستە و جۆڵەی دەست و دەم و چاوییەوە دەرکەوێت و لەپڕ هاوار دەکات.

**مرۆڤ:** تکایە ئێوە کێن خۆتان بناسێنن دەنگتان هەیە، بەڵام شێوەتان نابینم، بزانم ئێوە کێن ئەوەند باسی تەمەنی من دەکەن؟.

دەستەکانی دەخاتە بنا گوێی و گوێی هەڵدەخات بەڵام هیچ دەنگێك نایەت و کەش و هەوایەکە کشت و ماتە.

**مرۆڤ:** (دیسان دەست دەخاتەوە بنە گوێی و بۆ هەر چوار لا خۆی دەسوڕێنێت)،(بەهاوار کردنەوە) ئێوە کێن دەنگتان؟.

تۆزێك دەوەستێت و ئەمجار لە جێگەکەی خۆی دەجولێت و دەچێتە دواوە.

**مرۆڤ:** ئەی دەنگی یەکەم تکایە پێم بڵێ تۆ کێی؟

(لەوکاتەدا ڕێك دەنگی یەکەم دێتە سەر تەختەی شانۆ).

کەسێك بە جل و بەرگێکی سپی سادەی درێژ لە سەرەوە تا کۆتایی هەموو قۆچپەی گەورەی ڕەش ڕەش و لەسەر سنگیشی سێ هێڵکێشراوە هێڵێکی کورتی پان و هڵێکی درێژی پان و هڵێکی درێژی زۆر باریك.

**دەنگی یەکەم:** ئەی مرۆڤ من سەعاتم سەعات، من کاتەکانی تۆم.
**مرۆڤ:** بە زمانی گرتنێکەوە، تۆ تۆ کێی؟
**سەعات:** من چرکە و دەقە و سەعاتی تۆم، من تەواوی کاتەکانی تۆم لەڕۆژێك.
**مرۆڤ:** جا من چیت لێ بکەم؟
**سەعات:** تۆ ڕێز لە چرکە و دەقەکانم بگرە تا منیش کاتەکانت بە بەلاش لێ خەرج نەکەم.
**مرۆڤ:** واتە چی بکەم، واتە کاتەکان هی منن و بەتۆی دەدەم و تۆ لە قسەی جوان و ڕەوشتی جوان و زانستی باش و کتێب خوێندنەوە و هاوڕێیەتی مرۆڤی باش خەرجی بکە.
**مرۆڤ:** (بەسەر لەقاندنێکەوە) ئمم باشە باش ئێستا تۆم ناسی، ئەی دەنگی دووەم نۆرەی تۆیە بزانم تۆ کێی، خۆت بناسێنە؟
(دەنگی دووەم کەسێکی بالابەرزە کە چوار ڕەنگی لەبەرە پێلاوێکی شین و پانتۆڵێکی سەوز و قەمسێکی زەورد و کڵاوێکی سەوز).
**دەنگی دووەم:** من باوکی هەموو کاتەکانم من ساڵم، لە سەعات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ پێك دێم.
**مرۆڤ:** جا ئەی ساڵ من چی لەتۆ بکەم؟
**ساڵ:** چۆن دەبێت بیربکەیتەوە وەك کاتەکانی سەعات، منیش مانگەکانم زوو تێدەپەڕن.
**مرۆڤ:** جا ئەو هەموو ڕۆژەت هەیە پێویست ناکا خەم لە تۆ بخۆم.
**ساڵ:** خەم لەمن مەخۆ بەلام کە هاوڕێکانت لێیان پرسی ئەم ساڵ چۆنت بەسەربرد، دەبێت بە شانازییەوە بڵێیت ساڵی خۆش بوو و زۆر شتیش فێربووم.
**مرۆڤ:** (بەسەر لەقاندنەوە) ئێستا تێگەیشتم واتە هەموو ساڵێك هەوڵ بدەم شتێك فێرببم و خۆم فێرە بەهرە و زانستێك بکەم.
**مرۆڤ:** زۆر باشە دەنگی سێیەم ئێستا نۆرەی تۆیە بزانم تۆ کێی؟

**دەنگی سێیەم:** بە جلێکی سەرتاپا زەرد و پێڵاوی زەرد و دەستەوانەی زەرد و ڕوخساری زەرد و قژێکی گەورەی زەرد دێتە پێشەوە.
**دەنگی سێیەم:** من ڕۆژم ڕۆژەکانی تۆ، هەر ڕۆژێکم لە بیست و چوار سەعات پێك دێت.
**مرۆڤ:** (بە دەنگێکی بێمنەتەوە) جا ناسینی تۆ سوودی چییە؟
**ڕۆژ:** چۆن ناسینی من سوودی نییە، من تەواوی ڕۆژەکانی تۆم، ئەگەر ڕێزی من نەگریت و کاتەکان لەلای من بەش نەکەیت بەسەر خوێندن و یاری و خەوتن و گوێگرتن لە دایك و باوك ڕێك ئەو ڕۆژە تۆ دەبیت بە کەسێکی تەمبەڵ و دواکەوتوو و نەخۆش و نەزان بەرامبەر منداڵەکانی دیکە.
**مرۆڤ:** (بەسەرلەقاندنەوە) ئەم ئێستا تێگەیشتم، واتە کاتەکانم دابەش بکەم و کاتەکانم بەشتی بێ سوود بەسەر نەبەم و ئاگام لە خواردنم بێت تا بەهێزبم و ئاگام لە خوێندن بێت تا یەکەم بم و ئاگام لە پاکوخاوێنیم بێت تا نەخۆش نەکەوم و ئاگام لە کاتەکانی خەو بێت تا دوا نەکەوم و نەبم بە قوتابییەکی تەمبەڵ.
سەعات و ساڵ و ڕۆژ لە تەنیشت یەك ڕیزێکی بازنەیی خڕیان بەستووە و مرۆڤیش دێتە پێشەوە لێیان و دەڵێت ئێوە هەر سێکتان تەمەنی منن، بۆیە دەبێت ڕێزتان لێ بگرم و هەرگیز پشتتان لێ نەکەم.
مرۆڤ ناو لەپی دەستی دەکاتەوە و لێیان نزیك دەکاتەوە و سەعاتیش دەستی دەخاتە ناو دەستی و ساڵیش دەستی دەخاتە سەردەستی و دواتر ڕۆژیش دەستی دەخاتە ناو دەستی و پاشان مرۆڤ دەستی دەخاتە سەر دەستی هەموویان، بەم جۆرە شانۆ کۆتایی دێت.

## شانۆگەری سی و شەشەم

# کیسەڵی دنیادیتە

بابەت

(ڕەوشتی ئارامگری)

## کەسایەتییەکان:

کیسەڵی دنیادیتە"
کەروێشکی بزۆك"
مامزی خێرا"

لەنێو دارودرەختی چڕی دارستان دەنگی بولبول و حیلەی ئەسپ و فڕینی
 باڵی کۆتر و چۆلەکەکان دێت، کیسەڵی دنیادیتە بە جلو بەرگێکی سەوز
ی زەیتوونی و جانتایەکی ڕەقەوە کە بە پشتییەوە هەڵیگرتووە، هەنگاوی
هێواش هیواش دەنێت تا دەگاتە ناوەڕاستی سەر تەختەی شانۆ، زۆر بە هـ
ێواشی ئاوڕ دەداتەوە بۆ بینەران دوای کاتێکی زۆر کە ئاوڕی بینەرە مندا
ڵەکان دەداتەوە زەردەخەنەیەك دەکات، لەپڕ زەردەخەنەکە تەواو ناکات
مامز زۆر بەخێرایی بە هەنگاوەکانی خۆی وەك مامز کە پێ دادەنێتە سە
ر زەوی بە چاونوقانێك بە تەنیشتی تێ دەپەڕێت و لە چاو ون دەبێت و
دەیەوێت ئاوڕی دواوە بدات بزانێت ئەوە کێ بوو، کەچی ئەو لە پێشی
لەبەرچاوان ون بووە.
دەیەوێت سەری خۆی بسوڕێنێت بۆ پێشەوە کەچی ئەمجارە مامزی خێرا
بە خێراییەکی زۆر بە تەنیشتی ڕەت دەبێت ون دەبێت دیسان ئەمجارە
بە پێچەوانەوە بە هیواشی ملی ەەسوڕێنێت تا بزانێت بۆ کوێ ڕۆیشت و
کێ بوو، بەڵام هەر پێ ڕاناگات و بتوانێت چاوی بخاتە سەری و بزانێت
کێیە.
کیسەڵی دنیا دیتە واز دێنێت لەوەی بزانێ لێیە ئەو خێرا ڕۆیشتنە و لە
ڕۆیشتنی بەردەوام دەبێت، ئەمجارە کەروێشکی گوێ قیت بەخێراییەکی
زۆر بە تەنیشتی ڕەت دەبێت و کیسەڵی دنیادیتەش لە جێگەی خۆی
دەوەستێت دەیەوێت بزانێ کێیە، بەڵام سوودی نابێت ون دەبێت.
کیسەڵی دنیادیتە: «بە دەنگێکی هێواش و لەسەرخۆوە» ئەوە تۆ کێی
بەس خۆت دەرخە .
کە کەوێشکی بزۆك گوێی لە دەنگی کیسەڵی دنیادیتە دەبێت بەخێرایی
دەگەڕێتەوە لای کیسەڵی دنیا دیتە.
**کەروێشکی بزۆك:** بەڵێ کیسەڵی دنیادیتە فەرموو شتێکت پێویستە؟
**کیسەڵی دنیا دیتە:** نا هیچم پێویست نییە سوپاس، تەنیا دەمەوێت بزانم

ئەوە تۆی یەك سەعات بە تەنشت بەم خێراییە ڕەت دەبێت و دێیتەوە دەچیت، بەس بزانم چیتە و چی ڕوویداوە؟.
**کەروێشکی بزۆك:** نا نا من نەبوومە، من تازە هاتووم.
لەگەڵ ئەم گفتوگۆیانە دەبن لە پڕ مامزی خێرا دەردەکەوێت و بە خێرایەکی زۆر ڕەت دەبێت و کیسەڵی دنیادیتە نایبینێت.
**کیسەڵی دنیا دیتە:** ئا ئەوە کێ بوو کەروێشکی بزۆك؟.
**کەروێشکی بزۆك:** ئەمە مامزی خێراییە نازانم لە ترسانە ئاوا بە خێرایی دێت و دەچێت یان لە خۆشی گژوگیای سەوزە لەم ناوچەیە.
**کیسەڵی دنیادیتە:** هەرچی بێت ئەو منی ترساند.
**کەروێشکی بزۆك:** بە دەنگێکی بەرز ئادەی ئی مامزی خێرا وەرە بزانم چیتە ئاوا دێت و دەڕێت.
**مامزی خێرا:** بە ڕاکردن دێتەوە و لەبەر دەم کیسەڵی دنیادیتە و کەروێشکی بزۆك دەوەستێت.
**مامزی خێرا:** (بە دەنگێکی ناسکەوە) سڵاوتان لێ بێت ها کەروێشکی بزۆك چیتەوە بۆ بانگت کردووم؟
**کەروێشکی بزۆك:** تۆ ئەم هاتوچۆ و پەلەپەلەت لە چییە، کیسەڵی هاوڕێمت ترساند.
**مامزی خێرا:** من چۆن کیسەڵی دنیادیتە دەترسێنم، هەر خۆم وام ژیانی ئێمەی مامز وایە، بەهۆی ئەوی دوژمنمان زۆرە ناچاریم هەموودەم بیر لە خێرا ڕاکردن بکەینەوە متمانە بە کەس نەکەین و لای کەس نەمێنینەوە جگە لە خێزانەکەمان.
**کیسەڵی دنیادیتە:** ئافەرین ئەوە شتێکی باشە کە لای کەس نامێنیتەو و متمانە بە هەموو کەس ناکەیت جگە لە خێزانەی خۆت، بەڵام نابێت واش بترسی کە ژیانت هەموو ڕاکە ڕاك بێت و چێژ لە خۆشی ژیان نەبینیت.
**کەروێشکی خێرا:** زۆ ڕاستە منیش دوژمنم زۆرە بەڵام هەرگیز ئاوا بە ترسەوە ناژیم، هەر کات دوژمنەکانم هاتم بۆ ڕاوکردنم خێرایی خۆم بەکار دێنم و خۆم ڕزگار دەکەم.

**مامزی خێرا:** ئەی چی بکەین ئێمە دوژمن و ناحەزمان زۆرە.
**کیسەڵی دنیادیتە:** هەموو گیاندارێك دوژمن و ناحەزی هەیە و کەسێك هەر هەیە خۆشی نەوێت و بیەوێت ئەزیەتی بدات بەڵام گرنگ ئەوەیە بەقەد ئەو تۆش گرنگی پێبدە نەك زیاتر.
**کەروێشکی بزۆك:** قسەی کیسەڵی دنیادیتە زۆر ڕاستە نابێت بیرکردنەوە لە ناحەز و ڕکابەرەکانمان وابکات ئێمە چێژ لە ژیان نەبینین.
**مامزی خێرا:** زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکەتان ئێستا تێگەیشتم چۆن بژیم بە ئارامی و بە هێمنی و دوژمن و ناحەز و ڕکابەرەکانم لە خۆم گەورەتر و بەهێزتر نەبینم.
**کیسەڵی دنیادیتە:** (بە دەنگێکی هێواش و لەسەرخۆوە) ئاوا وەك من بە هێواشی و لەسەرخۆ هەنگاوبنێ، بەڵام بە ژیری و وریایی و دانایی و لێزانانە.
**مامزی خێرا و کەروێشکی بزۆك:** زۆر سوپاس بۆ وشە جوانەکانت.
**کیسەی دنیادیتە:** منیش سوپاس ئێوە دەکەم ئاوا ژیرن گوێ لە قسەی باش دەگرن.
کەروێشکی بزۆك مامزی خێرا دەستی یەکتر دەگرن و ئەمجارە لەسەرخۆتر و بە شێوەیەکی هیواش بە شادی و خۆشی دەڕۆن و لە تەختەی شانۆ ون دەبن و کیسەڵی دنیادیتەش بە هێواشی بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتنەکەی.

شانۆگەری سی و حەفتەم

# منداڵانی باکوور

بابەت

(جەژنی نەورۆز)

## کەسایەتییەکان:

باشوور"
باکوور"
ڕۆژهەڵات"
ڕۆژئاوا"

گەرمیان"
ڕانییە"
زاخۆ"
سۆران"

تەختەی شانۆ ڕازاوەتەوە بە میزەڵان و گوڵ و دار و درەخت و وێنەی ڕەنگاورەنگ، لەگەڵ ئەمانە دەنگی موزیك دێت دەنگێكی خۆشی شایی و هەڵپەڕكێ.
چوار منداڵ بە جلوبەرگی كوردییەوە خەریكی شایی و هەڵپەڕكێن، ماوەیەك ئەم شایی و هەڵپەڕكێیە بەردەوام دەبێت لە گەرمەی شایی و هەڵپەركێكە گەرمیان دێتە ناو ئاهەنگەكە و ئەوەی سەرچۆپی دەكات بە دەنگێكی بەرز هاواری گەرمیان دەكات بەوپەڕی دڵخۆشییەوە دەست بۆ دواوە هەڵدەبڕێت.
**سەرچۆپی:** كاكە ئەم موزیكە ڕاگرن گەرمیان هاتووە.
(گەرمیان سڵاویان لێ دەكات و بەوپەڕی سەرسامی و واق وڕمانەوە تەماشایان دەكات).
**گەرمیان:** ئەوە بۆ هەڵپەڕكێكەتان وەستاند، (ڕوو لە سەرچۆپییەكە دەكات و لێی نزیك دەبێتەوە) باشە باوكە ئەمانە كێن؟ لەگەڵ تۆ هەڵدەپەڕن؟
(سێ كەسەكەی دیكەی سەر تەختەی شانۆ بە پێكەنینەوە).
**سەرچۆپی گرەكە:** ڕۆڵە مەگەر من باشووری وڵات نیم و باوكی ئێوە نیم،
گەرمیان: بەڵێ بێگومان.
**باشووری وڵات:** ئێ ئەمانەش سێ براكەی منن و مامەی تۆن و دوژمن لە ئێمەی دابڕاندووە.
**گەرمیان:** (بەوپەڕی دڵخۆشییەوە) ئۆوو خودایە مامەكانم، چەند حەزم دەكرد لە نزیكەوە بیانبینم.
باكووری وڵات، (دەست بۆ دەستی چەپی دەبات) ئەمەش مامەت.
ڕۆژهەڵاتی وڵات، (دەست بۆ دەستی ڕاستی دەبات) ئەمەش مامەت.
ڕۆژئاوای وڵات، (دەست بۆ دواوەی درێژ دەكات) ئەمەش مامەت.
**گەرمیان:** (بەوپەڕی دڵخۆشی و كامەرانییەوە) ئای خودایە من ئێستا كێ دەبینم، چەند حەزم دەكرد هەر چوارتان بەیەكەوە ببینم.
**باشووری وڵات:** منیش حەزم دەكرد تۆ و منداڵەكانی دیكەش بە براكانم بناسینم.

**گەرمیان:** (بە دڵێکی خۆشەوە) وای لەم هەواڵە خۆشەتان پێ بڵێم من ئێستا ژوانمان داناوە لەگەڵ منداڵەکانی دیکە کە لێرە یەکتر ببینین و جەژنی نەورۆز لەگەڵ ئاگرێ بکەینەوە.
**باکووری وڵات:** واتە منداڵەکانی باشوور هەموو دێن؟
**گەرمیان:** بەڵێ سۆران و زاخۆ و ڕانییە وا لە ڕێگەن هەر بزانە هاتن.
**ڕۆژهەڵاتی وڵات:** خۆزگە لەم ڕۆژە خۆشە منداڵەکانی منیش لێرە دەبوون.
**ڕۆژئاوای وڵات:** خۆزگە منداڵەکانی منیش لێرە دەبوون.
**باشووری وڵات:** خەم مەخۆ براکانم ڕۆژێك دێت هەر هەموومان بەیکەوە لەگەڵ منداڵەکانمان کۆدەبینەوە و لە نیشتمانی خۆمان ئازادی دەژین.
(لەم قسانە دەبن سێ منداڵ بە دوای یەك دێنە سەر تەختەی شانۆ.
کە منداڵی یەکەم دێتە سەر تەختەی شانۆ گەرمیان دەستی بۆ هەڵدەبڕێت).
**گەرمیان:** ئەوە زاخۆیە، (ڕوو لە زاخۆش دەکات) ئەمانەش باوکت و مامەکانت باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
**زاخۆ:** وای وای چەند دڵخۆشم بۆ یەکمجار مامەکانم دەبینم.
هەر کە زاخۆ قسەکانی تەواو ناکات منداڵی دووەم دێتە سەر تەختەی شانۆ.
**گەرمیان:** ئۆوو ئەوەش سۆران، (ڕوو لە سۆران دەکات) ئەمەش باوکت و مامەکانت.
**سۆران:** (بەوپەڕی دەنگی نزم و سەرسامییەوە) ئەوە بەڕاستتە (گەرمیان بە زەردەخەنەوە سەری بەڵێی بۆ دەلەقێنێت) (لەپڕ هاواری لێ هەڵدەستێت) وای خودایە مامەکانم باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
سۆران باوەش دەکات بە هەر سێکیان و دەچێتە نزیك باوکی.
لەوکاتەیە منداڵی کۆتا دێتە سەر تەختەی شانۆ.

**گەرمیان:** (دەستی بۆ هەڵدەبڕێت) ئەمەش ڕانییە، (دەست بۆ ڕانییەش هەڵدەبڕێت) ڕانییە ئەمانەش باوکت و سێ مامەکەت باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
**ڕانییە:** (بەوپەڕی سەرسامییەوە) باوەڕناکەم ئەوانە چۆن یەکیان گرتووە لەگەڵ باوکم.
**گەرمیان:** ئاسان نەبووە هەر سێکیان ڕێگەیەکی زۆر دوور و درێژ و پڕ ترس و ئازاریان گرتووە تا گەیشتوون بە ئێرە.
**ڕانییە:** (بەو پەڕی میهرەبانییەوە) باوەڕناکەم کەس بە قەد من دڵی خۆش بێت بە بینینەوەی مامەکانم.
(ڕانییە باوەش بە هەموویان دەکات و لە نزیك باوکیانەوە دەوەستێت).
**باشووری وڵات:** (ڕوو لە براکانی و دەست لەسەر شانی منداڵەکانی) من زۆر دڵخۆشم ئەمڕۆ ئێوە دەبینم و بەیەکەوە بۆ یەکەمجار ئاگری نەورۆز دەکەینەوە.
**باکووری وڵات:** هیوادارم ئاهەنگی داهاتوو لە ماڵی ئێمە بێت تا منداڵەکانمان یەکتر بناسن و بگەنەوە یەکتر.
**ڕۆژهەڵاتی وڵات:** منیش منداڵەکانی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی وڵات دێنم.
**ڕۆژئاوای وڵات:** منیش منداڵەکانی خۆم لە ڕۆژئاوای وڵات دێنم بەتایبەت کچەکانم زۆر دڵخۆش دەبن بەجلی کوردییەوە بێن.
**باشووری وڵات:** کەواتە با ئێستا ئاهەنگی سەرکەوتن و دڵخۆشی ئەم بەهارەمان بکەین.
(شایی و هەڵپەڕکێ دەست پێدەکاتەوە و هەموو دەستی یەك دەگرن، بەم چەشنە تاکۆتایی شانۆ هەر هەڵپەڕکێ و شایی بەردەوام دەبێت).

## شانۆگەری سی و هەشتەم

# مامۆستا زارا

بابەت
(زمانی کوردی)

## کەسایەتییەکان:

مامۆستا زارا"

مەهاباد"

هەولێر"

ئامەد"

قامیشلۆ"

لەنێو پۆلێکی قوتابخانە کە کورسیەکان بە شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکی ڕەنگاو ڕەنگ دانراون، تەختەیەکی وانە گوتنەوە دانراوە کە لەسەر نووسراوە وانەی کوردی، لەژێریش نووسراوە مامۆستای وانە لەتەنیشت مامۆستای وانە نووسراوە مامۆستا زارا.

(سێ منداڵ لە ژوورەوە دانیشتوون هەر چواریان بە جلوبەرگی کوردی هەمەجۆر و سەر بەناوچەی جیاواز، خەریکی گفتوگۆکردنن بەڵام ناوەڕۆکی قسە و گفتوگۆکانیان ڕوون نییە، لەپڕ منداڵی چوارەم دێتە ژوورەوە و ئەوەی پێشەوەیان کە ناوی ئامەدە هەر زوو بەسەرسوڕمانەوە دەکەوێتە قسەکردن.

**ئامەد:** هەولێر ئەوە تۆ لەکوێی بینیوتە ماموستای کوردیمان گۆڕاوە.

**هەولێر:** هەر ماموستا باڵدار وانەی کوردیمان پێ دەڵێتەوە تا ئێستا، تۆ چوزانی گۆڕاوە؟

(هەولێر لە تەنیشتیانەوە دادەنیشێت).

**مەهاباد:** هەولێر گیان سەیرێکی سەر تەختەکە بکە بزانە چی نووسراوە.

**هەولێر:** (بە دەنگێکی هێواشی پڕ لە سەرسامییەوە) ماموستا زارا، (تۆزێك دەوەستێت و دووبارە دەیخوێنێتەوە) ماموستا زارا.

**هەولێر:** منداڵینە دەزانن ماموستا زارا کێییە؟

**مەهاباد:** من گوێم لێ بووە پێم وابێت خزمی ئێمەیە.

**ئاماد:** ئا دەی پێمان بڵێ کێیە؟

**قامیشلۆ:** دەبێت ماموستایەکی باش بێت.

**هەولێر:** باشترین و چاکترین ماموستای کوردییە لە ئێستا، دەزانن چەند دڵخۆشم کە ئەو ببێت بە ماموستامان.

**ئاماد:** تۆ چۆن ئەو دەناسی دە پێمان بڵێ.

**هەولێر:** مەهاباد کە گەڕایتەوە ماڵەوە بڵێ دایە ماموستا زارا کێیە، ئەو دەیناسێت.

**مەهاباد:** دە تۆ ئێستا بۆمان باس بکە تا دەگەمەوە ماڵەوە زۆری دەوێت.

**هەولێر:** (لەسەر کورسییەکەی هەڵدەسێتەوە) منداڵەکان مامۆستا زارا بەهۆی ئەوەی بەخۆرایی سەدان و هەزاران منداڵی کوردی فێرە نووسین و خوێندنەوە کردووە بۆیە دوژمنان لێی دەترسن کە ئەوەندە زیرەك و بەتوانایە دەچن دەیگرن و زیندانی دەکەن دوای ماوەیەکی درێژ لە زیندان بەردەبێت و دەگەڕێتەوە ناو منداڵەکان، کاتێك دەگەڕێتەوە ناو منداڵەکان ئەوان گەورەبوون و بوونەتەوە مامۆستا و دکتۆر و ئەندازیار و هونەرمەند و نووسەر و پاڵەوانی گەورە.
**قامیشلۆ:** ئای کە خۆشە ئەو مامۆستامان بێت واتە ئێمهش هەموومان دەبین بە پاڵەوان.
**ئامادە:** بەڵێ ئەگەر وابێت ئێمەش دەبین بە دکتۆر و هونەرمەند و پاڵەوان بەڵام دەبێت خۆشمان بخوێنین و زیرەك بین.
**مەهاباد:** بەڵێ منیش لەگەڵ بۆچوونی ئامەدم دەبێ وانە خوێندن و گوێڕایەڵی مامۆستا و دایك و باوك هەرگیز نابین بە پاڵەوان.
(لەم گفتوگۆیە گەرمەیان دەبن لەپڕ مامۆستا زارا بە جلێکی کوردی جوان و ناسکی ڕەنگ زەردی کەوا سەوزی لەچك سپی دێتە ژوورەوە).
**مامۆستا زارا:** ڕۆژ باش، ( دوای ئەم وەڵامە منداڵەکان لە جێگەی خۆیان دادەنیشنەوە).
منداڵەکان لەتاو سەرسامییەوە لە بینینی مامۆستا زارا لە جێگەی خۆیان هەڵدەستنەوە و چاوەکانیان ئەبلەق دەبن و بیریان دەچێتەوە وەڵامی مامۆستا زارا بدەنەوە.
**هەولێر:** (دەست بە هاوڕێکانی هەڵدەبڕێت بۆ ئاماژەی ئەوەی لەگەڵ ئەو بڵێنەوە) ڕۆژ باش مامۆستای بەڕێز و باش.
(مامۆستا زارا لە منداڵەکان نزیك دەبێتەوە).
**مامۆستا زارا:** منداڵەکان من ناوم زارایە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتم، پێم خۆشە ئێوەش یەك یەك هەڵسنەوە خۆتان بناسێنن.
**هەولێر:** (هەڵدەسێتەوە سەرپێ) من هەولێرم، خەڵکی باشووری وڵاتم.

**مامۆستا زارا:** ئۆوو هەولێر من داکت دەناسم باسی تۆی بۆم کردووە، تۆ سی برا و خوشکێکت هەیە، ڕاستە؟
**هەولێر:** (بە ڕووخسارێکی گەشەوە) بەڵێ ڕاستە مامۆستا گیان.
**مامۆستا زارا:** بزانم ناوەکان تەواوە، سلێمانی و دهۆك و کەرکوك و لەگەڵ تاقە خوشکەکەتان هەڵەبجە؟
**هەولێر:** ( بەدەم زەردخەنەوە) بەڵێ زۆر ڕاستە.
**ئامەد:** (هەڵدەستێتەوە سەرپێ) من ئامەدم، خەڵکی باکووری وڵات.
**مامۆستا زارا:** ئەی خوشك و براکانت.
**ئامەد:** ( بەدەم خەندەوە) مامۆستا خوشك و براکانم زۆر زۆرن ئەگەر بیانژمێرم وانەکەمان تەواو دەبێت.
(مامۆستا زارا پێدەکەنێت و منداڵەکانی دیکەش هەموو پێدەکەنن).
**مامۆستا زارا:** (بە دەم پێکەنینەوە) دەباشە مادەم لێگەڕێ بۆ ڕۆژێکی دیکە، (ڕوو لە قامیشلۆ و مەهاباد دەکات) کەواتە ئێوەش تەنیا ناوی خۆتان بڵێن دوای ناوی خوشك و براکانتان بڵێن.
**قامیشلۆ:** (هەڵدەستێتە سەرپێ) مامۆستا من ناوم قامیشلۆیە، خۆشحاڵم وانەی کوردیمان پێ دەڵێیتەوە.
**مامۆستا زارا:** منیش خۆشحاڵم مامۆستای ئێوەی ژیر و زیرەکم.
**مامۆستا زارا:** (ڕوو لە مەهاباد دەکات و تۆزێك سەرسامی بە ڕووخسارییەوە دیارە) تۆ ناوی خۆت بڵێ هەستەکەم تۆم دیوە.
**مەهاباد:** من مەهابادم، کچی ڕۆژهەڵات.
**مامۆستا زارا:** کچی ڕۆژهەڵات وای خودایە ڕۆژهەڵاتی دایکت زۆر هاوڕێمە و زۆر یەکترمان دیوە و من بە منداڵی لە لای ئەو گەورەبوومە.
**مەهاباد:** مامۆستا گیان منیش گوێم لەناوی تۆ بوو دایکم هەر باسی ئازایەتی و زیرەکی تۆی بۆمان دەکرد.
**مامۆستا زارا:** زۆر سوپاس مەهاباد، (تۆزێك دەکشێتەوە دواوە) منداڵەکان زۆر سوپاس بۆ ئێوەش و خۆشحاڵبووم بە ناسینتانەوە.

**هەولێر:** مامۆستا زارا ئێمەش خۆشحاڵبووین و دڵخۆشین تۆ مامۆستای ئێمەی و وانەی کوردیمان پێ دەڵێیتەوە.
**مامۆستا زارا:** ئەمڕۆ هیچ ناخوێنین با بەس یەکترناسین بێت بەڵام دەمەوێت لە کۆتایی پێش تەواوبوونی کاتی وانەکەمان چەند قسەیەکتان بۆ بکەم.
**ئامەد و هەولێر و مەهاباد و قامیشلۆ:** (بەیەك دەنگ) بەڵێ مامۆستا.
**مامۆستا زارا:** منداڵەکان گرنگترین شت زمانی دایکە، زمانی دایك واتە ئەو زمانەی دایکتان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکات، واتە زمانی کوردی.
**مەهاباد:** مامۆستا ئێمە بەم زمانە لەگەڵ دایکمان قسە دەکەین.
**مامۆستا زارا:** هەر ئەوەندە بەس نییە، تۆ دەبێت شانازی بکەیت بە زمانی کوردی، یەکێکە لە خۆشترین و دەوڵەمەنترین زمانەکانی دنیا.
(مامۆستا زارا لە منداڵەکان دێتە پێشەوە زیاتر) زمانی کوردی واتە بوونی تۆ، ئەگەر تۆ زمانی کوردی بە جوانی نەزانیت تا لە ژیان بیت هەمیشە هەست بە بۆشاییەك دەکەیت لە ژیانت و بەختەوەر و سەرکەوتوو نابیت، چونکە زمانی دایکت فەرامۆش کردووە، جگە لەوەش نابێت وشەی بێگانە و بیانی بخەیتە ناو قسەکردنتەوە.
**هەولێر:** من لەمەودوا هەوڵدەدەم هەرچی وشەی زمانی بێگانەیە لە قسەکرد واز لێ بهێنم.
**ئامادە:** منیش بەڵێن بێت وشەی بێگانە وازی لێ بێنم.
**مەهاباد:** منیش بەڵێن بێت.
**قامیشلۆ:** منیش بەڵێن بێت.
**مامۆستا زارا:** زۆر باشە ئافەرین لە وانەی داهاتوو ئەوەی لەهەمووان کوردییەکەی پاکتر بێت و هەوڵبدات کەمترین وشەی بێگانە بەکار بهێنێت خەڵاتەکەی ئەو لە هەمووان گەورەترە.
**هەولێر:** مامۆستا واتە چەند زیاتر هەوڵبدەین بۆ باشکردنی زمانی کوردی خەڵاتەکە گەورەترە.
**مامۆستا زارا:** (بە زەردەخەنەیەکەوە) بەڵێ، بەڵێ.

**ئامەد:** (بەدەم خەندەوە) کەواتە گەورەترین خەڵات هی منە هەر لە ئێستاوە.
**مەهاباد:** نا نا کوردییەکەی من پاکتر هی منە.
**قامیشلۆ:** من لە هەمووتان زیاتر هەوڵدەدەم و بۆمنە.
**مامۆستا زارا:** ئێوە هەر چوارتان زمانی کوردیتان زۆر پاك و خاوێنە و هەر چوارتان خەڵات وەردەگرن بەڵام زیاتر هەوڵبدەن بۆ ئەوەی خۆتان لە وشەی بێگانە بپارێزن منیش خەڵاتتان دەکەم.
مامۆستا زارا قسەکەی تەواو دەکات و زەنگی چوونە دەرەوە لێدەدرێت.
**مامۆستا زارا:** دەی منداڵەکان خۆشحاڵ بووم کاتێکی خۆش.
(منداڵەکان لەبەر مامۆستا هەڵدەستنەوە و بە دڵخۆشییەوە لە یەکتر نزیك دەبنەوە دەست دەکەنەوە بە گفتوگۆ و قسەکردن بەڵام ڕوون نییە قسەکانیان لەسەر چییە و باسی چی دەکەن، بەم چەشنە شانۆکە کۆتایی دێت).

## شانۆگەری سی و نۆیەم

# مافەکانی منداڵان

بابەت
(منداڵپارێزی)

# کەسایەتییەکان:

پەپوولەی دەسترەنگین"
هەڵۆی ئازا"
یاسەمینی بۆن خۆش"

شەقامێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغ دەنگی ئۆتۆمبێل و هاواری شت فرۆشتن دێتن.
سێ مێزی شت فرۆشتن دانراوە لە تەنیشت یەکەمەوە و بەشێوەیەك لە یەك ئاست و هەر کەسیان ناوێکی کەلوپەلەکەی لەسەر داناوە.
**یەکەم:** مێزی فرۆشتنی جلوبەرگ.
**دووەم:** مێزی کێك و نوقڵ و شیرنەمەنی.
**سێیەم:** مێزی کەلوپەلی یاری منداڵان.
هەر یەکێکیان بانگەشەی کەلوپەلەکەی خۆ دەکات تاکو کڕیارەکان لێی بکڕن.
لەوکاتە کچێك بەناوی پەپولەی دەستڕەنگین دێت ناو بازاڕ و سێ فرۆشیارەکەی بەشێوەیەکی کۆمیدی بانگی دەکەن تاکو شتەکانی خۆیانی پێ بفرۆشن.
پەپولەی دەستڕەنگین ڕاستەوخۆ دەچێتە لای مێزی جلوبەرگ فرۆشەکە و سڵاوی لێ دەکات و تورەگەکەی دەکاتەوە کە هەندێك کڵاوی بە دەست چنراوی تێدایە لەگەڵ بلوز و دەستەوانە و گۆرەوی.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** من پەپولەی دەستڕەنگین دایکم منی ناردووە بۆ لای تۆ ئەمانەم لێ بکڕیت.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** (بەشێوەیەکی نا بەدڵییەوە) ئەم ئەمانە خۆت درووستت کردووە؟
**پەپولەی دەستڕەنگین:** من و دایکم پێکەوە دروستمان کردووە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بەکەڵکی من نایە ئێستا خەڵك ئەمانە ناکڕێت.
پەپولەی دەستڕەنگین بە دڵێکی شکاو دەگەڕێتەوە و لە ڕێگە تووشی هەڵۆی ئازا دەبێت و سەری بەرز دەکاتەوە هەڵۆی ئازایە.
**هەڵۆی ئازا:** ئەوە بۆ وا خەمگینی پەپولەی دەستڕەنگین.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** هیچ نییە.
**هەڵۆی ئازا:** بێگومان شتێك بووە بزانم چییە؟

پەپولەی دەستڕەنگین ڕێك دەمی تورەگەکەی دەکاتەوە و بەرهەمە چنراوەکانی خۆی و دایکی نیشان دەدات.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** ویستم ئەمانە بفرۆشم بۆ ئەوەی خەرجی قوتابخانە بەدەست بێنم بەڵام گوتیان ئێمە ناکڕین،( هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت) ئەگەر وابێت ئەمساڵ ناتوانم کەلوپەلی قوتابخانە بکڕم و بێم بۆ قوتابخانە.
**هەڵۆی ئازا:** کوا ئەمانە بدە بە من.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** بوەستە هەڵۆی ئازا دەتەوێت چیان لێ بکەیت دوو مانگە لەگەڵ دایکم خەریکین تا تەواومان کردووە.
**هەڵۆی ئازا:** زۆر باشە من دەناسی من هەڵۆی ئازام وایە؟.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** بەڵێ بێگومان.
**هەڵۆی ئازا:** کەواتە دوام کەوە ( هەڵۆی ئازا دەچێتەوە لای هەمان کابرا جلوبەرگ فرۆش و سڵاوی لێ دەکات.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ها هەڵۆی ئازا چۆنە ڕێت بەم ناوە کەوتووە.
**هەڵۆی ئازا:** من کارێکم پێتە دەبێت بۆم بکەیت.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بەسەرچاو باوکت چاکەی زۆرە بەسەرمەوە لە خزمەتم.
**هەڵۆی ئازا:** ئەم جلوبەرگانەی پەپولەی دەستڕەنگین لای خۆت دابنێت جێگەی بەتاڵت زۆرە، کە فرۆشرا شتێك بۆخۆت لە پارەکە بگێڕەوە ئەوەی تریش بیدەوە بە پەپولەی دەستڕەنگین.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ئاخر ئەمە، چۆن بڵێم نازانم، بازار خۆی....
**هەڵۆی ئازا:** واز لەم قسانە بێنە تۆ ئەمە بکە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ئێ بۆ بەخۆی نایەت بۆ ئێرە وەك ئێمە مێزێك دابێت و شتەکانی بفرۆشێت.
**هەڵۆی ئازا:** (بەسەرسوڕمانەوە) لەم تەمەنە بێتە بازار لە جێگەی بچێتە قوتابخانە؟؟!!.

**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بۆچی نا ئەوە نییە وەك ئەون لێرەن.
**هەڵۆی ئازا:** ڕاستە ئەم منداڵانە لێرەن لەم بازاڕە، بەڵام ئایندەیان دیار نییە، کە گەورەبن کەسانی نەخوێندەوار و بێ توانا و نەخۆش و خەمگینیان لێ دەردەچێت.
(لەو کاتە یاسەمینی بۆنخۆش دەردەکەوێت و پەپولەی دەستڕەنگین دەیبینێت).
**پەپولەی دەستڕەنگین:** ئۆوو یاسەمینی بۆنخۆش.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** ئۆوو پەپولەی دەستڕەنگین.
توند باوەش یەکتر دادەکەن و هەڵۆی ئازا بە زەردەخەنەوە سەیریان دەکات و کابرای جلوبەرگ فرۆشیش بە مڕومۆچی و مۆنی سەیریان دەکات.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** پەپولەی دەستڕەنگین ئەوە چی دەکەیت لێرە.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** هاتووم کارە دەستییەکانم دەفرۆشم.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** چی چی بۆ تۆ مافەکانی منداڵت نەزانیوە، چۆن لەم بازاڕە بەم تەمەنە بچوکەتەوە کار دەکەیت.
**هەڵۆی ئازا:** (بەزەردەخەنەوە) نا نا کار ناکات، تەنیا کارە دەستییەکانی خۆی و دایکی هێناوە بیانفرۆشێت و بگەڕێتەوەماڵەوە.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** (دەست لەسەر دڵی دادەنێت) ئەها ئەوە زۆر باشە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** گوتت مافەکانی منداڵ، ئەوە چییە تازە گوێم لێ بێت.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** (ڕووی پرسیاری لێ دەکات) ئایا تۆ منداڵت هەیە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بەڵێ سێ دانە منداڵم هەیە.
**یاسەمینی بۆن خۆش:** پۆلی چەندن و لە چ قوتابخانەیەك دەخوێنن.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ( بەدەم پێکەنینەوە دە ساڵ و دوانزە ساڵ و پازدە ساڵ لە هیچ قوتابخانەیەك ناخوێنن و پازدە ساڵەکەم لە کارگەی چپس کار شاگردە و دوازدە ساڵەکەشم لە لە چێشتخانەیە لەلای مامی و دە ساڵەکەشم لەگەڵ دایکی کاری بەرگدووری دەکەن.

**هەڵۆی ئازا و پەپولەی دەستڕەنگین و یاسەمینی بۆنخۆش:**
(بەسەرسامییەوە سەیری یەکتر دەکەن) چ چ چ .
**پەپولەی دەستڕەنگین:** تۆ خۆت کار دەکەیت چۆن دڵت دێت منداڵەکانت لە مافەکانیان بێ بەش بکەیت.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** کوا بێ بەشم کردوون ئەوە نییە ئازادن و بۆخۆیان کاری خۆیان هەیە و پێویستیان بە پارەی من نییە.
**هەڵۆی ئازا:** یەکێك لە مافەکانی منداڵ ئەوەیە کە تا دەگاتە زانکۆ دەبێت باوك پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات و کار نەکات.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** بەڵێ کارکردن لەسەر منداڵە نەك دایك و باوك.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** ئەگەر دەتزانی ئەو منداڵانەت پێ نابردرێت بۆ قوتابخانە بۆ دەتهێشت لە دایك بن.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ئەی خاتوو پەپولەی دەستڕەنگین بۆ تۆ کارە دەستڕەنگینەکانی خۆت بۆ من دێنی بیانفرۆشم بۆچی باوکت کارت بۆ ناکات.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** (تۆزێك لە جێگەی خۆی دەوەستێت و بە دەنگێکی خەمگینەوە) چونکە باوکم شەهیدبووە.
**کابرای جلوبەرگ فرۆش:** ئوو ببوورە توخوا نەمزانی.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** پێشتر کە باوکمان لە ماڵ بوو ئێمە ژیانمان خۆش بوو بە ئاسانی هەموو ساڵ دهچووم بۆ قوتابخانە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** ئووو واتە من منداڵەکانی لە داهاتوو هەر وەك خۆم لە بازار شت دەفرۆشن و نابن بە دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر.
**هەڵۆی ئازا:** بێگومان وەك تۆیان لێ دەردەچێت چونکە تۆ ئاگات لە مافەکانی منداڵان نییە و دەیانێریتە سەر شەقام وچێشتخانە و کارگەکان تا خزمەتی خەڵك بکەن.
**کابرای جلوبەرگ فرۆش:** ئێستا تێدەگەم من هەرگیز نەمدەویست منداڵەکانم لە قوتابخانە دەربێنم بەڵام هاوڕێیەکم دەیگوت دەریان بێنە

خوێندنیان بۆچییە و با خوێندنیش تەواو بکەن چ سوودێکیان بۆ تۆ دەبێت.
**پەپولەی دەستڕەنگین:** ئێستاش درەنگ نەبووە.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** (بە هەردوو دەست لەسەری خۆی دەدات) وای من چ زوڵمێکم لەم منداڵە جوانانەی خۆم کردووە.
**یاسەمینی بۆنخۆش:** ئێستاش درەنگ نییە تەنیا بەڵێنێك بدە خۆت ببیتەوە بە باوکیان و منداڵەکانت لەلای خەڵك بگەڕێنیتەوە بۆ ماڵ و قوتابخانە بۆ ئەوەی ئایندەیان نەفەوتێت.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بەڵێن بێت لە بەیانییەوە منداڵەکانم لە کارکردن دەربێنم و بیان گەڕێنمەوە بۆ قوتابخانە.
(کابری جلوبەرگ فرۆش کەمێك دەوەستێت و بە زەردەخەنەوەیەکەوە ڕوو لە پەپولەی دەستڕەنگین).
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** پەپولەی دەستڕەنگین بەڵێن بێت هەموو مانگێك من کارە دەستییەکانی تۆ بفرۆشم و هیچ قازانجێکیش بۆ خۆم نەگێڕمەوە تاکو تەمەنت دەبێت بە هەژدە ساڵ و دەچیتە زانکۆ من لە جێگەی باوکت دەبم.
(هەڵۆی ئازا و یاسەمینی بۆنخۆش و پەپولەی دەستڕەنگین زۆر دڵخۆش دەبن و پەپولەی دەستڕەنگین و یاسەمینی بۆنخۆش دەست لە ملی یەکتر دەکەن).
**پەپولەی دەستڕەنگین:** زۆر زۆر سوپاست دەکەم ئەمە بۆ من زۆر گرنگە ئێستا دەتوانم بە ئاسانی خوێندنی خۆم تەواو بکەم.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** سوپاس بۆتۆش هەڵۆی ئازا کە ئەمڕۆ هاتی بووی بە هۆکاری ئەوەی بەهۆش خۆم بێمەوە.
**هەڵۆی ئازا:** ئێمەش سوپاسی دڵپاکی و میرەبانی تۆ دەکەین، (بە زەدەرخەنەوە ڕوو لە کابرای جلوبەرگ فرۆش دەکات) کەواتە ئێستا زانیت مافەکانی منداڵەکان چییە؟.
**فرۆشیاری جلوبەرگ:** بەڵێ ئێستا دەزانم ( بە پێکەنینەوە) با بۆت بژمێرم:

(بە پەنجەکانی دەستی ئاماژەی یەك و دوو سێ دەکات)

**یەکەم:** دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ منداڵەکان.

**دووەم:** مافی خوێندن.

**سێیەم:** مافی ڕێزگرتن لەخەون و ئارەزووەکانی.

**چوارەم:** هەر کەسیك خوار هەژدە ساڵ بوو بە منداڵ ئەژمار دەکرێت.

**فرۆشیاری جلوبەرگ:** (بە پێکەنینەوە) هەر ئەوەندە دەزانم.

**پەپولەی دەستڕەنگین:** ئەوەندە هەر زۆر زۆر باشە، هیوادارم هەموو دایك و باوکێك وەك تۆ ئاوا لە مافەکانی منداڵ بزانێت.

**فرۆشیاری جلوبەرگ:** هیوادارم ئێوەش لە ئایندە ببنە مرۆڤی زۆر سەرکەوتوو و بۆ خزمەتکردن نیشتمان و مرۆڤەکان.

**یاسەمینی بۆنخۆش و هەڵۆی ئازا و پەپولەی دەستڕەنگین:** ڕوو لە کابری جلوبەرگ فرۆش دەکەن دەبێت ئێمە بڕۆین بۆ قوتابخانە تا بەخوێندن ڕابگەین.

**فرۆشیاری جلوبەرگ:** منیش ئێستا دەڕۆم بۆ ئەوەی بەزووترین کات منداڵەکان بگەڕێنمەوە بۆ قوتابخانە.

هەردوولا خوداحافیزی لە یەکتری دەکەن و بەم چەشنە کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دێت.

## شانۆگەری چلەم

# چرۆی نوقڵ

بابەت
(ددان شۆرین)

# کەسایەتییەکان:

شیرین"
دکتۆر زانا"
چرۆی نوقڵ"

نورینگەی دکتۆری ددانە و منداڵێکی زۆر لە نۆرەکە وەستاون و لەناویان کچێکە بەناوی شیرین کە توند دەمی خۆی گرتووە و کەمێك دەمی هەڵئ اوساوە و ئازارێکی زۆری پێوە دیارە، لە جێگەی دەجولێت،
خۆی بۆ ناگیرێت و جولە جولی زۆر دەکات و دەیەوێت زوو بگاتە لای دکتۆر، سەیری چەپ و ڕاستی خۆی دەکات و سەیری منداڵەکانی بەرامبەری دەکات بزانێت چەند کەس چوونەتە ژوورەوە و سەیری ژمارەکەی ناو دەستی دەکات کە بزانێت کەی بانگی ئەویش دەکەن.
لەو کاتە چرۆی نوقڵ دێتە ژوورەوە و شیرین بە بینینی چرۆی نوقڵ سەرسام دەبێت هەر خێرا یەکتر دەبینن و بۆ لای یەکتر دەچن.
**چرۆی نوقڵ:** شیرین گیان ئەوە چی دەکەیت لێرە.
**شیرین:** (بەوپەڕی بێزارییەوە و لە داخان دەیەوێت گاڵتە بکات) هاتوومەتە بۆ وێنەیەك لەگەڵ دکتۆر بگرم.
**چرۆی نوقڵ:** (بە دەم پێکەنینەوە) دەی بەم حاڵەشتەوە هیشتا لە گاڵتەی خۆت ناکەویت.
**شیرین:** (بەوپەڕی پەرێشانی و خەمبارییەوە و بە دەنگی خەمگین) چرۆی نوقڵ بینیوتە حاڵم چۆنە ئازارم زۆر زۆرە، خەریکم چاوم دێتە دەرەوە.
**چرۆی نوقڵ:** (بەسەرسامییەوە) باشە بۆ وات لێ هات، خۆ تۆ شیرینیت واز لێهێنابوو ؟.
**شیرین:** بەڵێ بەڵام لەپڕ بەهۆی هاوڕێکانی قوتابخانەوە منیش دەستم کردەوە بە شیرینی خواردن.
**چرۆی نوقڵ:** جا منیش جار جارە دەیخۆم بەڵام هەموو بەیانییەك پێش چوون بۆ قوتابخانە و هەموو ئێوارانێك پێش خەوتن ددانەکانم دەشۆم و بیرم ناچێت.
**شیرین:** ئێ دە کێشەکەی من لەوەیە، چرۆی نوقڵ من ئەم ماوەیە بیرم دەچوو شەوان ددانم بشۆم و ئاوا دەخەوتم، هەر فەرامۆشم دەکرد تا لەپڕ کەوتمە ناو ئەو ئازارەوە ددانەکانم کلۆربوون.

**چرۆی نوقڵ:** شیرین گیان خەم مەخۆ تۆ بیرت من ئەوەندەم شیرینی دەخوارد و هێندە حەزم بە نوقڵ بوو تا ناویان لە من نا چرۆی نوقڵ، کەچی یەك ساڵە یەك دانە نوقڵیشم نەخواردووە.
**شیرین:** (بەسەرسامییەوە) ئەی ئافەرین بۆتۆ، جا کێ وەك تۆ پاڵەوانە بتوانێت شیرینی خراپ واز لێ بێنێت.
**چرۆی نوقڵ**: زۆر ئاسانە هەر کات حەزت چووە شیرینی، سێوی شیرین، قەیسی، یان مۆز، یان خورما هەر میوەیەکی دیکەی شیرین هەیە بخۆ هەم سوودی هەیە هەم چێژی خۆشترە.
**شیرین:** (هەناسەکی قوڵ هەڵدەمژێت) چرۆگیان دەبێت وابکەم، بەڵام هێزی دەوێت.
**چرۆی نوقڵ:** من لەگەڵت دەبم، تا ئەوکاتەی بە یەکجاری واز لە شیرینی خراپ دێنیت.
**شیرین:** (بە دەستێکی شانێکی چرۆی نوقڵ دەگرێت و لایەکی شانی دەخاتە باوەشی خۆی) زۆر سوپاس چرۆی نوقڵ زۆر سوپاس.
(لەم کاتە ڕێك دەنگی سکرتێری دکتۆر زانا دێت کە ژمارەی تازە دەخوێنێتەوە بۆ لای دکتۆر).
**سکرتێر**: ژمارە سێزدە، سکرتێرەکە ئەم ژمارەیە دووبارە دەکاتەوە.
**شیرین:** ئوو ئەوە ژمارەی منە، (دەست هەڵدەبڕێت بۆ سکرتێرەکە) منم ژمارە سێزدە منم.
**شیرین:** (هەڵدەسێتە سەرپێ و بە پێکەنینەوە سەیرێکی چرۆی نوقڵ دەکات) گوێت لێ بوو ژمارەکەشم ژمارەیەکی بێ بەخت و بێ چانسە.
**چرۆی نوقڵ**: کچێ نا نا ژمارە سێزدە خۆی ژمارە بەختە جوانترین ژمارەیە و ژمارەکانیش ناتوانن مرۆڤ خەمبار بکەن ئەگەر خۆی نەیەوێت.
(شیرین زەردەخەنەیەك دەکات و بای بای لە چرۆی نوقڵ دەکات بۆی دکتۆر زانا).
(سڵاو لە دکتۆر زانا دەکات و دکتۆر زانا بە پێوە دەوەستێت).

**دکتۆر زانا:** فەرمووو خاتوو شیرین دانیشە.
(شیرین دادەنیشێت و دەستی بە دەمییەوە و هەستی ئازارێکی زۆر لە دەمیایە).
**دکتۆر زانا:** بڵێ بزانم کێشەت چییە؟
**شیرین:** دکتۆر شیرینم زۆر خواردووە و ددانیشم نەشۆریوە ماوەیەکی زۆر ئیدی لەپڕ کەوتمە ناو ئەم ئازارەوە.
**دکتۆر زانا:** ( بەدەم پێکەنینەوە) جا تۆ ناوت شیرینە چ پێویستیت بە شیرینییە.
**شیرین:** (خەندەیەك ناو ئازار و پێکەنین تێکەڵ) بەخودا دکتۆر لەتاو ئازاری ددانم خەریکە ناوی خۆم بگۆڕم بیکەمە خاتوو تاڵ.
(دکتۆر زانا پێدەکەنێت و شیرینیش پێدەکەنن بەیەکەوە).
**دکتۆر:** زانا نانا ناوەکەت زۆر زۆر خۆشەو لەسەر زار ئاسانە و کوردییە، من ئێستا سەیرێکی ددانەکانت دەکەم و یەك ئازاریش نابێت و ( بە پێکەنینەوە) ناو گۆڕینی ناوێت ئەگەر ددان گۆڕینی بوێت.
**شیرین:** زۆر سوپاس دکتۆر ڕازیم ددانم دەربێنە تەنیا لەم ئازارە ڕزگارم بێت.
**دکتۆر زانا:** پێش ئەوەی دەست بەکارەکانمان بکەین هەندێك ڕێنمایی هەیە پێت دەڵێم بۆ ئەوەی کە تەواوبوویت زوو بگەڕێیتەوە ماڵەوە.
**شیرین:** زۆر باشە سوپاست دەکەم دکتۆر.
**دکتۆر زانا:** هەموو کەسێك جا منداڵ یان گەورە دەبێت ڕۆژی دوو جار ددانی بشوات.
(دکتۆر زانا قالیبێکی ددانی گەورەی مرۆڤی لایە، لە تەنیشتی مێزەکەی خۆیەوە و دەیهێنێتە ناو دەستی و فلچەیەکی ددان شۆرینیش دەهێنێت)
**دکتۆر زانا:** ئێستا کە زانیت ڕۆژی دوو جار ددان شۆرین هەر دەبێت ئەنجامی بدەیت، پێویستە شێوازی ئەنجامدانی ددان شۆرینیش بزانیت.
(شیرین تۆزێك سەری دێنێتە پێشەوە و دەستێکیشی هەر لەسەر لایەکی ڕوومەتیەوە بەهۆی ئازارەکەیەوە).

**دکتۆر زانا:** (فلچەکە دەگرێت و دەیخاتە سەر ددانەکانی سەرەوە و فلچەکە بەرەو خوارەوە ڕادەکێشت ئەمە شێوازی شۆرینی ددانی سەرەوە، واتە لەسەرەوە فلچەکە ڕادەکێشین بۆ خوارەوە).
**شیرین:** ( بەسەرسوڕمانەوە) ئوو دکتۆر من ئاوا نەمدەشۆریی لە چەپ بۆ ڕاست و لە ڕاست بۆچەپ دەمشۆری.
**دکتۆر زانا:** ئمم بەداخەوە زۆربەی خەڵکی وا ئەنجام دەدەن کە تۆ کردووتە ئەمەش سوودی نابێت بۆ پاککردنەوەی ددان.
**دکتۆر زانا:** (ئەمجارە فلچەکە دەگرێت دەیخاتە سەر ددانەکانی خوارەوە و فلچەکە لە خوارەوە ڕادەکێشێت بۆ سەرەوە و بۆ هەموو ددانەکانی خوارەوە ئاوا دەیخشێنیت بەگشتیان) ئەمەش شێوازی شۆرینی ددانەکانی خوارەوە.
شیرین: (بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە) ئممم ئێستا تێگەیشتم.
**دکتۆر زانا:** دوو هەنگاو ماوە (ددانە دەستکردەکەی پێشی دەکاتەوە تا ددانەکانی دواوە هی هاڕینی خواردن دەرکەون جا فلچەکەی لەسەر دادەنێت) ئهم ددانانەش سەرەوەی کە زۆرترین جار خواردنیی تیا دەمێنێتەوە بەم شێوەیە بەسەری دەخشینی ( بەپێکەنینەوە) وەك چۆن دەست بەسەر پشیلەیەك دەخشینیت.
**شیرین:** ( بەپێکەنینەوە) هەزار جار وادەکەم بەس ئازارەم نەمێنێت.
**دکتۆر زانا:** ( بەدەم خەندە و پێکەنینەوە) نا نا هەزار جاریش نا بچیت ددانەکانت هەمووی هەڵوەرێنیت، یەك دەقە و بۆ سێ دەقە خەریکی ددان شۆرین بە بەسە.
**شیرین:** ( بەسەرلەقاندنەوە) ئممم.
**دکتۆر زانا:** یەك کارەی دیکەش ماوە ئەویش بە پشتی فلچەی ددانەکە دەتوانیت سەر زمانت پاك بکەیتەوە بەهۆی خواردنەوە خواردنی وردی لەسەر جێدەمێنت و دەبێتە هۆی گەشی بەکتریا.

**شیرین:** ( بە ڕوویەکی خۆشەوە) زۆر باشە دکتۆر زۆر جوان تێگەیشتم ئیدی لەمەودوا هەموو ڕۆژ دوو جار ددانم دەشۆم و وازی لێ ناهێنم و بەم شێوازە ڕاستەش دەیشۆم کە تۆ وتت.

**دکتۆر زانا:** ( بە پێکەنینەوە) زۆر باشە مادەم وا زیرەکی و وا زوو تێگەیشتی فەرموو بۆ ئەم ژوورە با پشکنینی ددانت بۆ بکەم و لەم ئازارە ڕزگارت بکەم.

**شیرین:** ( بەڕوویەکی خۆشەوە) زۆر باشە، زۆر سوپاس دکتۆر.

شیرین و دکتۆر زانا دەچنە پشتی پەردەی شانۆوەوە و بەم جۆرە شانۆکە کۆتایی دێت و پەردە دادەخرێتەوە.

## شانۆگەری چل و یەکەم

# چیرۆکی ئەمشەو

بابەت
(زوو خەوتن)

# کەسایەتییەکان:

لەنیای گەنم ڕەنگ"
شوانەی قسەخۆش"
ڕامای بێ خەو"

لە ژووری خەو دوو سیسەم دانراوە کە یەکێکیان شوانەی قسەخۆش لەسەری پاڵکەوتووە و دەیەوێت بخەوێت ئەوەی تریش ڕامای بێ خەو لەسەری دانیشتووە و لە ڕووخساری دەردەکەوێت هەر بەنیازی خەو نییە و ئاگاشی لە خەو نییە.

(شوانەی قسەخۆش یاری بە پەنجەکانی دەکات و منداڵێکی لەسەرخۆیە لە قسەکردن و زۆر بە پرسیارە، هەرچی ڕامای بێخەوە زۆر پەلە قسە دەکات و بەس خەریکی وڵام دانەوەیە و کێشەی لەگەڵ خەو هەیە).

**شوانەی قسەخۆش:** (لە جێگەی خۆی ژمارەکان دەژمێرێت) یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت.

**ڕامای بێخەو:** (ئاوڕی لێدەداتەوە) ها ئەوە چی دەکەیت شوانەی قسەخۆش؟

**شوانەی قسەخۆش:** ڕامای بێخەو ژمارەکان دەژمێرم کە تەواوبم خەوم لێ دەکەوێت.

**ڕامای بێخەو:** ( بەدەم قاقای پێکەنینەوە) وەی باوکەڕۆ تۆ دەتەوێت هەموو ژمارەکان بژمێر باوك و باپیرەشم بیان ژماردایە هەتا ئێستا هەر تەواو نەدەبوو.

**شوانەی قسەخۆش:** ئی هەر تۆزیك بژمێرم خەوم لێ دەخەوێت.

**ڕامای بێخەو:** (بە گاڵتەکردنەوە) جا کەس بووە بە ژمارە بخەوێ خۆ تۆ ماراسۆن ناکەی بڵێت یەك دوو سێ دەست بەڕاکردن بکەن، ( بە دەم پێکەنیەوە) گیانەکەم شتێك بژمێرە زوو تەواو بێت.

**شوانەی قسەخۆش:** باشە مرۆڤ دەژمێرم لەم ژوورە، (دەست بۆ سنگی خۆی درێژ دەکات) یەك(دەست بۆ ڕامای بێخەو درێژ دەکات) دوو.

(هەرکە ژمارە دوو دەڵێت ڕێك سەری بەسەر سەرینەکە لار دەکاتەوە و پرخە پرخەی خەو دەکات).

**ڕامای بێخەو:** (بەدەم پێکەنینێکی نەرمەوە) وای لەم کەروێشکە چ زوو خەوی لێکەوت.

شوانەی قسەخۆش لەگەڵ پرخەکە زەردەخەنەیەك لەسەر لێویەتی و وردە وردە زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت و تا دەبێت بە پێکەنین و قاقای پێکەنینێکی گەورە.
**شوانەی قسەخۆش:** (لەجێگەی خۆی قیت دەبێتەوە و سەری بەرز دەکاتەوە) جا کاك ڕامای بێخەو بەس بزانم ئێستا من چۆن زوو بخەوم.
**ڕامای بێخەو:** بخەوە خەوت لێدەکەوێت، مەخەوە خەوت لێناکەوێت.
**شوانەی قسەخۆش:** من ئاوا خەوم لێ ناکەوێت تا لەنیا گەنمڕەنگ نەیەت چیرۆکمان بۆ نەخوێنێتەوە.
**ڕامای بێخەو:** باشە بەس وەك شەوانی پێشوو خۆی خەوی لێنەکەوێت باشە.
(لەکاتی ئەم قسانە دەبن ڕێك لەنیای گەنمڕەنگ دەکەوێتە ژوورەوە).
**لەنیای گەنمڕەنگ:** (لەنیا بەخۆی و کتێبێکی چیرۆکی منداڵان دێتە ژوورەوە) ئەوە چییە گوێم لەناوی خۆم بوو.
**شوانەی قسەخۆش:** وتم کەی دێت چیرۆکمان بۆ بخوێنێتەوە تا زوو بخەوین.
**لەنیای گەنمڕەنگ:** بەو مەرجە چیرۆکی ئەم شەوتان بۆ دەخوێنمەوە باسی کورتەیەك لە چیرۆکی شەوی پێشووم بۆ بکەن.
**ڕامای بێخەو:** هەبوو نەبوو کەروێشکێکی لەخۆبایی و کیسەڵێکی هێواش و مامزێکی ترساو هەبوو، هەموو ڕۆژ دەبوایە بچنە لای مام ورچ وانە بخوێنن، مامزی ترساو زوو پێش کاتی دیاریکراو دەگەیشتە لای مام ورچ و مام ورچیش هەموو ڕۆژ گلەیی ئەوەی لێدەکرد زوو هاتووە.
**شوانەی قسەخۆش:** (بە زۆر قسەکە لە ڕامای بێخەو وەردەگرێتەوە) هەرچی کەروێشکی لەخۆبایی بوو کە دەیزانی لەهەمووان خێراترە بۆیە دەیووت با جارێ بخەوم من بە دوو هەنگاو دەگەمە لای مام ورچ.
ئیدی دوای ئەوە لەنیا چاوەڕوانی ڕامای بێخەوە چیرۆکەکە تەواو بکات، بەڵام بێدەنگ دەبێت و سەیرێکی شوانەی قسەخۆش دەکات ئەویش بێدەنگە.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** (بەسەرسوڕمانەوە) دەی بۆ تەواو ناکەن چیرۆکەکەتان بیر نەماوە.

(شوانەی قسەخۆش و ڕامای بێخەو لەژێرەوە پێدەکەنن، شەرم و پێکەنینیان تێکەڵ بەیەکتر دەبێت).

**لەنیای گەنمڕەنگ:** (بەسەرسامییەوە) ئەوە بەچی پێدەکەنن.

**ڕامای بێخەو:** (بەدەم خەندەوە) چیرۆکەکە لێرە کۆتایی هات چونکە لەنیای گەنمڕەنگ خەوی لێکەوت.

(لەنیای گەنمڕەنگ سەرەتا نێوچەوانی گرژ دەکات و دواتر وردە وردە گرژییەکەی نامێنێت و دواتر دەبێت بە زەردەخەنەوە و دوای کەمێك دەبێت بە پێکەنین و دواتر دەبێت بە قاقای پێکەنین).

دوای پێکەنینێکی زۆر لەنیای گەنمڕەنگ خۆی کۆنترۆڵ دەکاتەوە و دەمی کتێبەکەی دەستی دەکاتەوە.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** زۆر باشە با چیرۆکەکەی شەوی ڕابردوو تەواو بکەین.

**ڕامای بێخەو:** (بەدەم خەندەوە) جا چیرۆکەکە تەواو مەکە با دیسان پێش ئێمە خەوت لێ نەکەوێت.

**شوانەی قسەخۆش:** (بەوپەڕی تامەزرۆییەوە) نا نا با تەواوی بکات، بەڵام بڕۆ کۆتاییەکەی بزانین چی ڕوو دەدات.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** زۆر باشە لە کۆتاییەکەی دەستپێدەکەم.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** دوای ئەوەی کەروێشکی لەخۆبایی بەهۆی لەخۆباییبوونی بە خێراییەکەی هەر خەریکی خەو دەبوو و هەموو ڕۆژ لە وانەکانی دوا دەکەوت، هەرچی مامزی ترساو ئەویش بەهۆی ترسی ڕێگە و وانەکان هەموو ڕۆژ زووتر پێش کاتی وانەکان دەگەیشتە لای مام ورچ.

**ڕامای بێخەو:** (بەدەم پێکەنینەوە) ئەی کیسەڵی خێرا؟

**لەنیای گەنمڕەنگ:** مەڵێ کیسەڵی خێرا بڵێ کیسەڵی زیرەك و دانا، کیسەڵی ژیر و وریا.

**شوانەی قسەخۆش:** چۆن واتە کیسەڵ لەوان ژیر و وریاترە.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** بێگومان چونکە کیسەڵی زیرەك و دانا هەموو شەو لەکاتی خۆی تێر دەخەوت و بەیانی زوو هەڵدەستا و نانی بەیانی دەخوارد و بەرەو لای مام ورچ بە ڕێدەکەوت.
**ڕامای بێخەو:** (بەسەر سوڕمانەوە) ئەی چۆن لەکاتی خۆی دەگەیشت خۆ ئەو زۆر هێواش و لەسەرخۆیە.
**شوانەی قسەخۆش:** ( بەسەرسامییەوە) بەڵێ، بەڵێ چۆن دەگەیشت.
**لەنیای گەنمڕەنگ:** دەزانن چۆن کیسەڵ لەوە ژیر و دانابوو، پێشتر حسابی خۆی کردبوو ڕێگەی ماڵەوە تا قوتابخانەکەی مام ورچ چەند کاتی دەوێت، ڕێك ئەوەندە کاتەی دادەنا لەکاتی یەکەم هەنگاوی لەماوە بۆ قوتابخانەکەی مام ورچ.
**ڕامای بێخەو:** وای وای کیسەڵی دانا.
**لەنیای گەنمڕەنگ:** ئێستا دەزانن وانەکانی ئەمە چیرۆکە چییە.
**شوانەی قسەخۆش:** (بەپەلەوخێرا) من، من بیڵێم چییە.
**لەنیای گەنمڕەنگ:** زۆر باشە چەندی لێوە فێربووی بیانژمێرە.
**شوانەی قسەخۆش:**
**یەکەم:** زوو بخەوە تا بەیانی زوو هەڵسە.
**دووەم:** بەیانی نانی خۆت باش بخۆ، تا نیوەڕۆ زوو برسیت نەبێتەوە و بێ تاقەت نەبیت.
**ڕامای بێخەو:** ( قسەکەی لێ وەردەگرێتەوە) لەوە گرنگتر، سوودی سێیەمی ئەم چیرۆکەیە.
**سێیەم:** دەبێت بزانیت نێوانی ماڵەوە بۆ قوتابخانە چەند کاتی دەوێت تا نە درەنگ بگەیت بە قوتابخانە و نە زووش پێش مامۆستا بگەیت بە قوتابخانە.
**لەنیای گەنمڕەنگ:** ئەی ئافەرین ئەوە زۆر گرنگە، ئەی شتی تر، (ئاوڕ لە شوانەی قسەخۆش دەداتەوە) دەبینێت خەوی لێکەوتووە و پڕخەی دێت.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** (سەرچەفەکە بەسەر دەم و چاوی شوانەی قسەخۆش دەداتەوە) ڕامای بێخەو تۆش بخەوە با وەك مامزی ترسا و کەوێشکی لەخۆباییت لێ نەیە و درەنگ نەگەیت بە قوتابخانە.

**ڕامای بێخەو:** زۆر باشە لەنیای گەنمڕەنگ سوپاس بۆ ئەم چیرۆکە بەسوودە.

**ڕامای بێخەو:** دەچێتە سەر جێگە خەوەکەی وسەرچەفەکە بەسەری خۆی دادەدات.

**لەنیای گەنمڕەنگ:** شەوشاد ڕامای بێخەو.

**ڕامای بێخەو:** شەوشاد.

(لەنیای گەنمڕەنگ گلۆپەکانی ژوورەکەی دەکوژێنێتەوە و دەردەچێت و دەنگی پڕخەی خەوی شوانەی قسەخۆش و ڕامای بێخەو دێت و کۆتایی بە شانۆکەش دێت).

## شانۆگەری چل و دووەم

# سێ کچە هاوڕێکە

بابەت

(ڕەوشتی ڕاستگۆیی، دەستپاکی، متمانە)

## کەسایەتییەکان:

ڕاستگۆ"
دەستپاک"
متمانە"
کوڕە دەم بەخەندەکە"

لەسەر تەختەی شانۆ سێ کچ هاورێ دەردەکەون کە دەیانەوێت یاری ساپ ساپێنن، بەڵام کێشەکەیان بۆ دروست دەبێت کە جانتاکان و کەلوپەل و پێڵاوەکانیان لای کێ بەجێبهێڵن تا یاری بکەن.
**کچی یەکەم:** بەوپەڕی دوودڵی پەشۆکانەوە باشە ئێمە چۆن یاری بکەین ئێرە خۆ لە ماڵی خۆمانەوە دوورە.
**کچی دووەم:** خزمێکمان گوتی یاریمان دەکرد کەسێك هات جانتا و پێڵاوەکانی ئێمەی هەموو برد.
**کچی سێیەم:** ئێمەش بەهۆی یاریەوە ئاگامان لێ نەبێت وامان بەسەر دێت.
(لەم کاتەدا کە خەریکی گفتوگۆ دەبن کوڕێك بەناوی ڕاستگۆ دێتە سەر تەختەی شانۆ).
**کچی یەکەم:** بە دڵێکی خۆش و سەرسامییەوە ئۆوو ڕاستگۆی هاوڕێمان هات، با جانتا و پێڵاوەکانمان لای ئەو دابنێین.
**کچی یەکەم:** (بەتامەزرۆیی و دڵخۆشیەوە لە قسەکانی بەردەوام دەبێت) ئەو کەسێکە لە ژیانی درۆی نەکردووە و هەر کات بۆ گاڵتەش بیەوێت درۆیەك بکات ڕێك سەری دەسووڕێت و دەبورێتەوە بۆیە کەسێکی هێندە ڕاستگۆیە.
**کچی دووەم:** جا تۆ چوزانی ئەو کەلوپەلەکانمان دەستکاری ناکات.
**کچی سێیەم:** بەڵێ پێویستمان بە کەسێکە جێگەی متمانە بێت.
(لەوکاتە کوڕێکی دیکە دێتە سەر تەختەی شانۆ بەناوی متمانە).
**کچی سێیەم:** (بە ڕووخسارێکی گەشەوە) بەڵێ ئەوەتە متمانەی هاوپۆلمان ئەو لە هەموو کەس باشترە بۆ ئەوەی جانتا و پێڵاوەکانمان لای جێبهێڵین، چونکە لە پۆلەکەمان هەموو منداڵەکان جانتا و ئەندازە و خواردنەکانیان لای ئەو جێدەهێڵن هێندە جێگەی متمانەیە.
**کچی یەکەم:** باشە ئەمە جێگەی متمانەیە، بەڵام نازانین ئاخۆ ڕاستگۆیە و دەستپاکە.
**کچی سێیەم:** (بە ڕووخسارێکی مات و مەلوولەوە) بەڵێ ڕاستە بەڵام من

ئەزانم جێگەی دەستپاکیشە.
(متمانە و ڕاستگۆ دەگەنە یەکتر و خەریکی گفتوگۆ و پێکنین دەبن و بەڵام ڕوون نییە قسەکان باسی چی دەکەن).
**کچی دووەم:** باشە هاوڕێیان ئەی کێ باشە ئێمە چی بکەین؟.
کچی یەکەم دەیەوێت قسەیەك بکات ڕێك لەم کاتەیە کوڕێك بەناوی دەستپاك دێتە سەر تەختەی شانۆ.
**کچی یەکەم:** (بە ڕووخسارێکی گەش و دەمێکی بە خەندەوە) وای خودایە باسی دەستپاکمان کرد ڕێك خۆی دەرکەوت و هات، دەستپاك دراوسێمان کوڕێکی زۆر دەستپاکە و بەوە بەناوبانگە لە کۆڵانەکەمان (بە تامەزرۆییەوە لە وەسفی دەستپاك بەردەوام دەبێت) کچینە ڕۆژێك دراوسێکەمان پارە و زێڕی زۆری لێ دەکەوێت و ئەویش هەر هەموو پارە و زێرەکە بۆ ماڵە دراوسێکەمان دەگەڕێنێتەوە
کچەکان: (بەسەرسامییەوە) ئممم.
(لەوکاتەیە دەستپاك ڕێك دەچێتە لای ڕاستگۆ و متمانە تەوقە و چاك و چۆنی دەکەن و هەر سێکیان بازنەیەك دەبەستن و خەریکی گفتوگۆ دەبن و بەڵام گفتوگۆکەیان دیارنیە لەسەرچیە).
**کچی سێیەم:** باش باشە ئەو زانیمان دەستپاکە بەڵام چۆن بزانین ڕاستگۆیە و جێگەی متمانەیە.
(کچی یەکەم و دووم بەڕووخسارێکی خەمگینەوە پێڵاوەکانیان بە دەستێك گرتووە و لە دەستیان شۆڕبۆتەوە و لە دەستەکەی دیکەش جانتاکەیان بە دەستەوەیە لە پێش هێڵی ساپ ساپانێکە وەستاون و بۆ یاری کردن، بەڵام لە ترسی ئەوەی کەسێك جانتا و پێڵاوەکانیان نەدزێت دەترسن و چاوەڕێن کەسێك کە هەموو مەرجەکانی کەسێکی باشی تیابێت بێت و ئەو جانتا و پێڵاوانەیان لای دابنێن و دەست بە یاری بکەن).
**کچی دووەم:** (بە ڕووخسێکی بێ تاقەتەوە) باشە کەمێکی دیکەش

بوەستن بەڵکو کەسێکی باشمان لێ پەیدا دەبێت کە هەموو مەرجەکانی کەسێکی باشی تێدا بێت و جانتا و پێڵاوەکانمانی لا دابنێین و یارییەکەی خۆمان بکەین.
**کچی یەکەم و کچی سێیەم:** (بە ڕووخسارێکی خەمگینەوە) بە لچ و لێو هەڵێنانەوە چی بکەین چاوەڕێین؟.
(لەوکاتە کە ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك خەریکی گفتوگۆکردن و سێ کچەکەش لە تەنیشت هێڵەکانی کێشراوی سەرزەوی بۆ یاری ساپ ساپێن ڕوو لەو شوێنە وەستاون کە بەڵکو کەسێکی دیکە بێت).
لە پڕ کەسێك دێت هەر سێ منداڵەکە هەنگاوێك بەرەو دواوە دەکشێنەوە و لە ڕووخسارییان سەرسامی و ترس دەبینرێت.
کوڕێك دێتە سەرتەختی شانۆ کە ڕووخساری تەواو ڕەش هەڵگەڕاوە و ڕاستەوخۆ بۆ لای سێ کچەکە دەچێت.
**کچی یەکەم:** وای خودایە ئەمە بۆ لای ئێمە دێت.
**کچی دووەم:** کچینە با ڕابکەین زۆر زۆر ترسناکە من دەترسم.
**کچی سێیەم:** نا ڕانەکەن ئێمە سێ کەسین و ئەو تەنیا یەك کەسە و ناتوانێت هیچ بکات.
(کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە لە سێ کچەکە نزیك دەبێتەوە و زردەخەنەیەك دەکات و سەیری هەر سێکیان دەکات).
**کچی سێیەم:** بڵێ بزانم چیت دەوێت؟
**کوڕە ڕووخسار ڕەشکە:** زەردەخەنە دەکات و سەیری هەر سێکیان دەکات و هیچ ناڵێت.
**کچی دووەم:** من زۆر دەترسم ڕووخساری زۆر ناشیرینە.
**کچی سێیەم:** ڕوو لە کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە بە توڕەییەوە واز لە زەردەخنەکەت بێنە، زەردەخەنەت لە تۆ نایە بەم ڕووخسارە ڕەشەتەوە.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** (بە دڵێکی تەنگ و ڕووخسارێکی خەمگینەوە) دایکم گوتی زەردەخەنە بکە تا وردە وردە ڕووخسارت سپی دەبێتەوە و جوان دەبیتەوە.

**کچی دووەم:** قسەکەی دایکت تەواوە و زۆر ڕاستە بەڵام پێمان بڵێ بۆ وات لێ هاتووە.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** من وەك ئێوە جوان بووم و دەچووم بۆ قوتابخانە و یاریم دەکرد بەڵام ڕۆژێکیان درۆیەکم کرد و کەس نەیزانی درۆیە و ئیدی بەردەوام بووم لە درۆکردن، تا وای لێهات هەرگیز نەمدەتوانی ڕاستی بڵێم.
**سێ کچەکە:** ئێ ئێ.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** ئێ جا هەر ڕۆژ جۆرە درۆیەکم دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانم لەگەڵ مامۆستاکانم لەگەڵ دایك و باوکم.
**سێ کچەکە:** ئێ ئێ.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** ئێ جا ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووخسارم دەگۆڕا و هەستم پێکرد.
**سێ کچەکە:** ئێ ئێ.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** ئێ جا ئێوارەیەك لەگەڵ هاورێکانم دانیشتبووم هێندە درۆم کرد ئەوانیش هەر پێدەکەنین.
**سێ کچەکە:** ئێ ئێ.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** ئێ جا بەیانی کە لە خەو هەڵسام سەیری ئاوێنەم کرد ڕووخسارم ڕش ڕەش هەڵگەڕاوە و ئاوام لێهاتووە.
**سێ کچەکە:** ئوووووو خودایە.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** ئەو ڕۆژە دایکم زۆر خەمگین بوو و گوتی کوڕم ئێمە درۆمان نەکردووە تۆ لە کوێ فێربووی درۆکردن بوویت، منیش گوتم دایە هاوڕێ خراپەکانم.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** تۆزێك وەستاو و بە دڵێکی خەمگین و قوڵپی گریانەوە دایکم هەموو ڕۆژ بۆم دەگریا، تا ڕۆژێك گوتی ڕۆڵە درۆ واز لێبێنە و زەردەخەنە زۆر بکە و بڕۆ لای منداڵە ڕستگۆ و خاوەن متمانە و دەستپاکەکان تا ڕووخسارت جوان دەبێتەوە.

(لەوکاتە ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك ئاوڕ دەدەنەوە بەرەو سێ کچەکە و کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە دێن).
**ڕاستگۆ:** بە دەنگێکی بەرز ئەوە کێ بوو ناوی ئێمەی هێنا.
**کچی یەکەم:** ڕاستگۆ ئەم کوڕە وەك ئێمە ڕوخساری پاك و جوان بوو بەڵام بەهۆی درۆی زۆر و هاوڕێی خراپەو وای بەسەرهاتووە.
**ڕاستگۆ:** جا کەسێکی ڕاستگۆیە؟
**متمانە:** جا جێگەی متمانەیە؟
**دەستپاك:** جا کەسێکی دەستپاکە؟
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** پشتر ڕاستگۆ نەبووم و دەستپاك نەبووم و جێگەی متمانە نەبووم بەڵام ئێستا وازم لە درۆ و دزی و فێڵ هێناوە و دەمەوێت وەك ئێوەبم.
**کچی دووەم:** ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك: دایکی زۆر خەمبارە بۆی و داوای لێکردووە واز لە درۆ بێنێت و زەردەخەنە زۆر بکات و هاورێیەتی متمانە و ڕاستگۆ و دەستپاك بکات.
**ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك:** بە ڕووخسارێی خەمگینانەوە ئممم تێگەیشتین.
ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك هەر سێکیان بەیەکەوە باوەشیان بۆی دەکەنەوە و لە باوەشی دەگرن.
**ڕاستگۆ:** دایکی تۆش دایکی ئێمەیە و ئێمەش لەگەڵت دەبین تا وەك خۆت لێ دێتەوە.
**متمانە:** تۆش دەبێت جێگەی متمانەی ئێمە بیت و نەگەڕێیتەوو سەر درۆکردن.
**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** بەڵێن بێت بۆ هەمیشە جێگەی متمانەی ئێوەبم و ڕاستگۆبم و دەستپاك بم.
**سێ کچەکە:** بە دڵێکی خۆشەوە دەست بە چەپڵەیەکی بەهێز دەکەن و دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕن.
**کچی یەکەم:** ئێ هاورێیان ئێستا ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك و کورە

خاوەن زەردەخەنەش لێرەیە با ئێمەش یاری بکەین و خەمی دزینی جانتا و پێڵاوەکانمان نییە.

**ڕاستگۆ:** ئێمە دەبینە بینەر و جانتا و پێڵاوەکانتان لای ئێمە دابنێن و دەست بە یاریکردن بکەن.

**کوڕە ڕووخسار ڕەشەکە:** بەڵام کچینە کاتی یاریکردن زەردەخەنەتان بیر نەچێت تا منیش بەردەوام خەندەم لەسەر لێو بێت.

**سێ کچەکە:** بە زەردەخەنەوە بەسەرچاو بێ خەم بە.

(سێ کچەکە دەست بە یاری دەکەن بە دڵێکی خۆش و ڕووخسارێکی پڕ زەردەخەنەوە).

**ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك و کوڕە خاوەن زەردەخەنەکە:** بەیەکەوە بە یەك دەنگ پاڵەوان، پاڵەوان، پاڵەوان.

بەمجۆرە شانۆ بە دەنگی ڕاستگۆ و متمانە و دەستپاك و کوڕە خاوەن کۆتایی دێت.

## شانۆگەری چل و سێیەم

# پشیلەی میوان

بابەت
(ڕەوشتی پاکوخاوێنی)

# کەسایەتییەکان:

دڵپاک"
دەریا"
کانی"

لەسەر تەختەی شانۆ کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆیە و منداڵەکان بۆ گەشتی ناو مەکتەب هاتوونەتە حەوشەی مەکتەب لەبەر هەتاو نان بخۆن، هەر منداڵێك خواردنی خۆی هێناوە.
(دڵپاك کچێکی نزیك دوانزدە ساڵانە دەیەوێت لە شوێنێك دابنیشێت و ژێر داریك بە باش دەزانێت و جانتاکەی دەکاتەوە، هەرکە جانتاکەی دەکاتەوە لەم کاتە دەریای هاوپۆلی دێتە سەر تەختەی شانۆ بەخۆی جانتاکەی ڕایەخێکی بچوك بۆ دانیشتن).
**دڵپاك**: هۆی دەریا گیان وەرە ئێرە شوێنێکی زۆر تایبەتە و هەتاوێکی خۆشە.
(دەریا بەدڵێکی خۆش و ڕووخسارێکی گەشەوە، بەڵام بە ڕۆیشتنی ماندوویەتی و شەکەتی پێوە دیارە کە زۆر بە خێرایی هاتۆتە قوتابخانە تا زوو پێڕا بگات، هەرکە دەگاتە لای دڵپاك باوەش بە یەکتر دادەن).
**دەریا**: (هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت) دڵپاك دەزانی چەند ماندووبووم تا گەیشتم.
**دڵپاك**: (بەسەرسامییەوە) بۆچی جا بە پەلە هاتی؟
**دەریا**: (ئاخێك لە دەمی دەردەچێت) هەر لێیگەڕە چیرۆکێکی دوور و درێژە.
**دڵپاك**: (بەپێکەنینەوە) بەخودا مادەم گوتت چیرۆکێکی درێژە تازە دەبێت بۆمی بگێڕیتەوە بەڵکو منیش لەبەر ئەم هەتاوە خۆشە خەو بمباتەوە و تۆزێك پشوو بدەم.
**دەریا**: جا دڵپاك گیان تۆ بڵێ منیش ماندووبوومە تا گەیشتوومەتە ئێرە.
**دڵپاك**: نا دەریا گیان من بە ئیسراحەتی خۆم هاتووم بەڵام ئەمشەو هەڵەیەکم کرد هەر بیرم لە جلەکانم دەکردەوە بۆ بەیانی چی لەبەر بکەم ئیدی درەنگ خەوتم بەمەش تێرخەو نەبوومە.

**دەریا:** (هەناسەك هەڵدەکێشێت) جا من کە شەوەکەی زوو نەخەوم ڕۆژەکەم ڕێك مێشك هیچ وانەیەك وەرناگرێت.
**دڵپاك:** (بەدەم خەندەوە) جا سوپاس بۆ خودا ئەمڕۆ پشووە و وانەمان نییە، مێشکیشم وەرنەگرێت کێشە نییە.
**دەریا:** (بە دەم پێکەنینەوە) ئەوەش چانسی باشی تۆیە.
**دڵپاك:** دەی چیرۆکەکەم بۆ بگێرەوە بۆ درەنگ کەوتی.
**دەریا:** چی باس بکەم، دایکم بڕووش و کەلوپەلی کوفتەی بۆ ئامادەکردبووم تا بە کوفتەی کوردی بەشداربم.
**دڵپاك:** (بە ڕووخسارێکی گەشەوە) وای خودایە جا من چەند حەزم بە کوفتەیە.
**دەریا:** (بە ڕووخسارێکی خەمگینەوە) کچێ بوەستە کوفتەی چی حاڵێ چی.
**دڵپاك:** (دەموچاوی دا بەیەك) بۆچی چی ڕوویدا.
**دەریا:** (بە دەنگێکی نزم و ڕووخسارێکی خەمگینەوە) دایکم گۆشتەکەی وردکرد و لەگەڵ کەرەوز و پیاز سووری کردەوە بۆ ناو کوفتەکە، زۆر سوور ببووەو گەرم بوو لە دەرەوە لەسەر مێزی حەوشەکە داینا تا تۆزێك سارد بێتەوە و بتوانێت بە دەست بیگرێت و بیخاتە ناو کوفتەکە.
**دڵپاك:** (بە ڕووخسارێکی واق وڕمانەوە) مەڵێ لە دەستی کەوت و ڕژا؟.
**دەریا:** دڵپاك گیان ئەگەر بکەوتایە سەر زەوی بەخۆڵەکەوە خۆم دەمخوارد.
**دەریا:** (سەری تۆزێك دەباتە دواوە، بە هەناسەیەکی قوڵەوە) پشیلەیەکی کێوی ئێستاش نازانم لە کوێوە هات و دەمی خستە ناو گۆشتەکە.
**دڵپاك:** ئووو کە ناخۆشە.
**دەریا:** جا پیشلەکە بەهەر چوار قاچییەوە لەناو مەنجەلەکە دەسووڕایەوە و گۆشتەکەی دەخوارد تا مەنجەلەکەی قەڵپ کردەوە.
**دڵپاك:** ئەی چۆنت زانی؟.

**دەریا:** دایکم کە بینیی قیژەی لێ هەڵسا و گوتی پشیلە قیمەکە دەخوات و منیش بەڕاکردن بۆی چووم، بەڵام سوودی نەبوو نیوەی خواردبوو ئەوەی تریشی ڕشت بوو.
**دڵپاك:** (بە ڕووخسارێکی میهرەبانەوە ڕوو لە دەریا) کێشە نییە دەریا گیان، بەیەکەوە خواردنەکەی من دەخۆین.
دەریا: زۆر سوپاس شتێکم هێناوە بەڵام خۆش نییە تۆزێك کوبەی بازاڕە بەس سوورم کردۆتەوە ئامادەبوو، بەڵام خواردنی دایکم زۆر زۆر خۆشە.
**دڵپاك:** هیچ خواردنێك لە دونیا ناگات بەخواردنی دایك و هیچ چێشتلێنەرێك لە دنیا وەك دایکەکان ناتوانن چێشتی خۆش درووست بکەن.
**دەریا:** (بە پێکەنینەوە) جا کوفتە خۆشەکەی دایکم، پشەگیان نەیهێشت ئێمە بخۆین.
(دڵپاك و دەریا بەیکەوە ئەیدەنە قاقای پێکەنین).
**دڵپاك:** (بە پێکەینەوە) کچێ ئەمجارە مەڵێ پشە خواردی، بڵێ دایکم میوانداری پشیلەی کردبوو.
دیسان دڵپاك و دەریا بەیکەوە دەدەنەوە قاقای پێکەنین.
لەنێو گەرمەی قاقای پێکەنین و خۆشی دەربڕینی دڵپاك و دەریا، کانی هاوپۆلیان دێتە سەر تەختەی شانۆ.
**دڵپاك:** (بەدەنگێکی بەرزەوە) ها کانی وەرە بزانم تۆ بۆ دواکەوتی، ئێوەش پشیلەتان میوان بوو.
**کانی:** (بەدەم خەندەوە و لە شێوەی پرسار) چی پشیلە، جا من تا ئێستا ئێوە دەعوەت کردووە تا پشیلە دەعوەت بکەم.
(دڵپاك و دەریا بەیەکەوە دەدەنە قاقای پێکەنین).
**دڵپاك:** دەنا دەریا دوێنێ پشیلەی دەعوەت کردبوو.
**دەریا:** کانی دڵپاك گاڵتە دەکات شتی وا چۆن دەبێت.
**دڵپاك:** لێیگەرە با گاڵتە بکات، بزانم تۆ چیت هێناوە.

**کانی:** بەخوا ببوورن من کەسمان لە ماڵەوە نەبوو بەس من برا گەورەکەم بووین، بۆیە من بەس هێلکەم کوڵاندووە و سەلاتەشم بەخۆم درووست کردووە.
**دڵپاك:** باشی کانی خواردنەکانی خۆت بێنە سەر سفرەکەی ئێمە بەیەکەوە نان دەخۆین.
(دەریا لە دەستی کانی دەڕوانێت کە تۆزێك ڕەش هەڵگەڕاوە).
**دەریا:** (بەوپەڕی سەرسامییەوە) ئەوە بۆ دەستت وا چڵکنە.
**کانی:** (بەوپەڕی شەرم و خەجاڵەتییەوە) ئەوە هیچ نییە بە کلیلی دەرگەی حەوشەکەمان کەوتە ناو جۆگەلەی بەردەرگە و بە کلێنس پاکم کردەوە.
**دڵپاك:** (بەوپەڕی سەرسامییەوە) چی چی بە کلێنس، واتە بە سابوون و ئاو پاکت نەکردەوە؟.
**کانی:** نا چونکە دوا دەکەوتم بۆ قوتابخانە، بەڵام بە کلێنس پاکم کردەوە.
**دەریا:** (بە سەرسامییەوە) کلێنس ناتوانێت پیسی و چڵك لە دەستی مرۆڤ بکاتەوە، بۆیە ئێستا دەبێت بچیت لە دەستشۆری قوتابخانە جوان جوان دەستت بشۆیت جا بێیت لەگەڵ ئێمە نان بخۆیت.
**کانی:** واتە ئێوە دەستی خۆتان شۆریوە؟.
**دڵپاك:** ئەی چۆن مامۆستا فێری کردووین پێش نان خوارد دەستمان جوان بشۆین.
**دەریا:** نەك هەر پێش نان خواردن، دوای نانخواردنیش دەستمان بشۆین.
**کانی:** من بەس ئەوەم بیستووە کە دوای ئەوەی لە تەواولیت دێیتە دەرەوە دەبێت دەستەکانمان بە جوانی بە سابوون بشۆین.
**دڵپاك:** بەڵێ زۆر ڕاستە، هەر ئەوەندە نا هەر کات دەستمان بە شتێك کەوت وەك پارە و کەلوپەلی کۆن و نینۆك کردن و زۆر شتی تریش دەبێت دەستمان بە سابوون بشۆین.

**کانی:** باشە ئەو هەموو دەستشۆردنە بۆچییە، کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستین بۆ نان خواردن دەست و دەم و چاومان دەشۆین بەس نییە.
**دەریا:** نەخێر بەس نییە چونکە تۆ هەر کات دوای دەستت دەکەوێت بە شتێکی پیس و دەستت ناشۆین بەکتریا لەسەر دەستت گەشە دەکات و لەسەر دەستیشت دەچیتە ناو دەمت و لەوێش بۆ ناو خوێن و ئینجا نەخۆش دەکەویت.
**کانی:** (بەسەرسامییەوە) ئۆوو دکتۆر دەریا من ئەم شتانەم نەدەزانی.
**دەریا:** (بەدەم پێکەنینەوە) بێگومان لە داهاتوو دەبمە دکتۆر شتی باشتریشت پێ دەڵێم.
**دڵپاك:** جا هاوڕێیان خۆ هەر پاك و خاوێنی بریتی نییە لە دەستشۆردن و سەرشۆردن و پاك و خاوێنی جلوبەرگ.
**کانی:** (بەسەرسامییەوە) بۆ مەگەر شتی دیکەش هەیە؟
دڵپاك: بەڵێ بێگومان هەیە شتێك هەیە بەناوی دڵپاکی.
**کانی:** (بە پێکەنینەوە) دڵپاك بەڵێ بۆ نموونە تۆ دڵپاکی.
**دڵپاك:** نا نا ناو ناڵێم ڕەوشتی دڵپاکی.
**دەریا:** بەڵێ زۆرم گوێ لێ بووە ڕەوشتی دڵپاکی.
**دڵپاك:** بێگومان جا ئێوە دەزانن بۆ ناوم دڵپاکە من.؟
**کانی:** بێگمان نەخێر نازانین.
**دڵپاك:** دەزانی دایکم بۆ ناوی لێ ناوم دڵپاك.
**دەریا:** ناوێکی زۆر خۆش و جوانە.
**دڵپاك:** زۆر سوپاس.
**دڵپاك:** ڕۆژێك لە دایکم پرسی کێ ناوی منی ناوە دڵپاك و دڵپاك بەمانای چی دێت، دایکیشم بۆی گێڕامەوە گوتی من کە گەنج بووم یەکەمجار باوکتم بینی خۆشمویست، بە دڵێکی پاکەوە باوکتم خۆشدەویست و بەڵێنمان بەیەکتردا کە ئەگەر هاوسەرگیری بکەین کە یەکەم منداڵمان لەدایك بوو و کچ بوو ناوی دەنێین دڵپاك.

**دڵپاك:** ئیدی هاوسەرگیریان کردووە یەکەم منداڵیان لەدایك بوو کچ بوو، منداڵێکی زۆر جوان بوو (بە پێکەنینەوە) ئەویش من بوو و دایکم ناوی نام دڵپاك.

**دەیا:** باشە بۆ من لە وشەی دڵپاك باش تێ ناگەم.

**دڵپاك:** گیانەکەم دڵپاك واتە من بەرامبەر تۆ هیچ نیازێکی خراپم نەبێت وەك درۆ، فێڵ، خیانەت.

**کانی:** مامۆستاکەمان ڕۆژێك گوتی دڵپاك بن بەرامبەر یەکتر واتە بەهۆی بەرژەوەندی هاوڕێیەتی یەکتر مەکەن چونکە لەکۆتایی دەبن بە دوژمنی یەکتر.

**دڵپاك:** (بە دەم پێکەنینەوە) دەباشە مادەم ئاوا زیرەکی بڕۆ فێڵ لە پاکوخاوێنی خۆت مەکە و خێرا دەستت بە سابوون جوان بشۆ جا نانەکەمان دەخۆین.

**کانی:** (بەدەم پێکەنینەوە) باشە باش چەند لە دەستی من دەترسی دەڵێی ژهەری پێوەیە.

**دڵپاك:** بەکتریای پێوەیە لە ژهەر پیسترە.

**کانی:** باشە باش ئەوە ڕۆیشتم.

**دڵپاك و دەریا:** ئێمەش وا دەچین بانگی مامۆستا کوردیمان دەکەین بۆ ئەوەی تۆزێك لە خواردنی ئێمەش بخوات.

دڵپاك و دەریا هەڵدەستن و لەسەر تەختی شانۆ دەچنە دەرەوە و شانۆ کۆتایی دێت.

## شانۆگەری چل و چوارەم

# ڕۆژی ئاڵا

بابەت
(نیشتمانپەروەری)

# کەسایەتییەکان:

کوردستان"
ئاڵا"
مامۆستا خانی"

لەنێو پۆلێك حەوت قوتابی هەن، هەندێکیان کچ و هەندێکیان کوڕن، لەنێوخۆیان خەریکی گفتوگۆ و قسەکردنن، لەناو گەرمەی قسەکردنەکانیان جاروبار دەدەنە قاقای پێکەنین و جاروباریش یەکێکیان هەڵدەستێتیەوە و بە دەست قسە بۆ ئەوانی دیکە دەکات، تەنیا دەنگی پستە پستیان دێت و بەهیچ جۆرێك دیار نییە گفتوگۆ لەسەر چ بابەتێك دەکەن، بەڵام دڵخۆشی و هاوڕێیەتی بە ئاشکرا بە ڕووخسارییانەوە دیارە.
(هەموو منداڵەکانی پۆلەکە بە جلوبەرگی کوردییەوە دانیشتوون)
لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆکانیان جار و بار یەکێك لە منداڵەکان کە ناوی کوردستانە وەك خۆی بە چاودێری پۆل بزانێت دێتە لای دەرگەکە وەك ئەوەی چاوڕوانی مامۆستا یان کەسێك بن سەریان لێ بدات، هەموو قوتابییەکان جلوبەرکی رەسەنی کوردییان لەبەرە وەك ئەوەی بۆنەیەکی خۆش و ڕۆژێکی تایبەت بێت بە ڕووخساریان و جلوبەرگیانەوە دیارە.
لەگەرمی گفتوگۆ و قسەکانیان لەپڕ مامۆستا خانی کە مامۆستایی کوردییە دێتە ژوورەوە بەخۆی و کارتۆنێك کە دیار نییە ناو کارتۆنەکە چ شتێکی تیایە.
کە مامۆستا خانی دێتە ژوورەوە بەرلەوەی بەیانی باش بکات، کوردستانی چاودێری پۆل ڕوو لە قوتابییەکان دەکات و بە دەست هەڵبڕین ئاماژەیان پێدەکات کە هەڵسن لەگەڵ ئاماژەی دەست بە دەمیش پێیان دەڵێت.
**کوردستان:** هەڵسن.
**مامۆستا خانی:** ڕۆژ باش.
**قوتابییەکان:** ڕۆژ باش مامۆستای بەڕێز و باش.
**مامۆستا خانی:** فەرموون دانیشن.
**قوتابییەکان:** بژی کوردستان.
**کوردستان:** (زەردەخەنەیەك دەکات) مامۆستا منیش دانیشم.
**مامۆستا خانی:**: نەخێر وەرە ئەم کارتۆنە بکەوە هەر قوتابییەك و دیارییەکیان پێبدە لەم کارتۆنە.
**کوردستان:** زۆر باشە مامۆستا.

**مامۆستا خانی**: قوتابییەکانم دەزانن ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە وایە.
**قوتابییەکان**: (هەموو بە یەك دەنگی گەورە) بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵایە.
**مامۆستا خانی**: ئاڵای کوێ.
**قوتابییەکان**: (هەموو بە یەك دەنگی گەورە) ئاڵای کوردستان.
(کوردستان ئاڵاکان کە ئاڵای بچوکی دەستین لەناو کارتۆنەکە دەردێنێت و دانە دانە دابەشی سەر قوتابییەکانی دەکات و بەشی هەمووان تەواو دەبێت).
کە کارتۆنەکە دەهێنێتەوە سەر مێزی مامۆستا خانی بە سەرسامییەوە سەیری ناو کارتۆنەکە دەکات و دوو ئاڵا دەردێنێت یەکێکی بچوکی دەستی و یەکێکی گەورە.
**کوردستان**: مامۆستا تەنیا دانەیەکی گەورە و یەکێکی بچوك ماوە.
**مامۆستا خانی**: ڕاستە کوردستان لەناو کارتۆنەکە دوو ئاڵا دەمێنێتەوە یەکێکی بچوکی دەستی هی خۆتە و یەکێکی گەورە بۆ ئەوەی بە ستوونی قوتابخانەوە هەڵواسرێت.
**کوردستان**: (بە ڕوخسارێکی گەش و دڵێکی خۆشەوە) ئۆوو مامۆستا واتە ئێمە ئەمڕۆ سروودی نیشتمانیش دەڵێین.
**مامۆستا خانی**: بەڵێ بێگومان، ئەگەر ئێوەش سرووديكتان لەبەرە و دەتوانن لەسەر ئاڵا بیڵێن ئەویش دەتوانن بڵێن.
**ئاڵا**: (دەست هەڵدەبڕێت و هەڵدەستێتەوە) مامۆستا دایکم لە خۆشەویستی بۆ ئاڵای کوردستان ناوی لە من نا ئاڵا، باوکیشم شوانە شیعرێکی لەسەر ئاڵا بۆم نووسی گوتی کچم لە ڕۆژی ئاڵا ئەم شیعرە بە گۆرانی بڵێرەوە.
**مامۆستا خانی**: (بە ڕووخسارێکی شادەوە) ئۆوو ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە و ڕۆژهەکەمان خۆشتر و کاتەکانمان جوانتر دەکات.

**مامۆستا خانی:** (خەریکی چاککردنی ئاڵا گەورەکەیە و ڕووو لە ئاڵای قوتابی دەکات) ئاڵا تۆ خۆت ئامادە بکە لە کاتی هەڵدان و بەرزکردنەوەی ئەم ئاڵا گەورەیە تۆش شیعرەکەی باوکت بخوێنەوە.
**ئاڵا:** (بە دڵێکی خۆشەوە) ئوو مامۆستا زۆر سوپاس باوکم بیبستێتەوە زۆر دڵی پێ خۆش دەبێت.
**کوردستان:** (بەدەم سەرساميیەوە) ئەی مامۆستا ئەم ئاڵا گەورەیە کێ بە پەتەکە بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاسمان.
**مامۆستا خانی:** (بەدەم خەندە و پێکەنینەوە) ئاڵای کوردستان کچێك بەرزی دەکاتەوە لە پۆلەکەمان بەناوی کوردستان.
منداڵەکان هەموو دەکەنە چەپڵە و پێکەنین و دڵخۆشی دەربڕین و هەلهەلە لێدان و کوردستانیش بە جولەی کچانەوە نازەوە بەدەست و دەم سوپاسیان دەکات.
مامۆستا سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و بە پەلە ئاڵا گەورەکە لە دەستی خۆ ڕادەگرێت و بانگی کوردستان دەکات.
**مامۆستا خانی:** کوردستان ئا وەرە من ئاڵای کوردستان تەسمیلی تۆ دەکەم.
**کوردستان:** زۆر سوپاس منیش بەو پەڕی جوانی و خۆشەویستییەوە ئاڵاکەی بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە تا بشەکێتەوە.
**مامۆستا خانی:** (دیسان سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی دەکات)
منداڵەکان ئێستا کاتی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانە.
مامۆستا لە پشت مێزەکەی دێتە دەرەوە و قوتابییەکانیش لەسەر کورسییەکانیان هەڵدەستن و دێنە پێشەوە و کوردستانیش ئاڵاکەی لە پەتەکە هەڵدەواسێت و بەرزی دەکاتەوە لەم کاتە تەنیا دەنگی موزیکی سووردی نیشتمانی دێت.
دوای بەرز بوونەوەی ئاڵاکە مامۆستا خانی بە ئاماژەی دەم و چاوی سەیری ئاڵای قوتابی دەکات بۆ گوتنی گۆرانییەکەی لەسەر ئاڵای کوردستان.

(ئاڵای قوتابی یەك دوو هەنگاو دێتە پێشەوە لە ڕێزی قوتابییە هاوپۆلەکانی و دەست بە گۆرانی ئاڵای کوردستان دەکات).

**ئاڵا:**

**ئاڵاکەمان چوار ڕەنگە**
**گەلێ جوان و قەشەنگە**
**ڕەنگی سووری خەباتە**
**سەوزی هیوا و ئاواتە**
**ڕۆژی تازەیە، زەردی**
**تیشکی جوان و بێگەردی**
**سپییەکەی، بەفری کێوە**
**نیشانەی، پاکی پێوە**
**هەمیشە شەکاوەیە**
**بۆ جوانی سەرچاوەیە**
**هەردەم لەسەر سەرمانە**
**ئاڵا تاجی سەرمانە**

کە ئاڵای قوتابیی سروودەکەی لەسەر نیشتمان تەواو دەکات، قوتابییەکان و مامۆستا خانی هەموو بەیەکەوە دەیکەنە چەپڵەڕێزان و وشەی (بژی، بژی، بژی) دەڵێنەوە بۆ چەند جارێك تا دەگاتەوە شوێنەکەی خۆی.

**کوردستان:** (دوو هەنگاو دێتە پێشەوە) داوا لە مامۆستا خانی دەکەین بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵا قسەمان بۆ بکات.

**مامۆستا خانی:** (بەدەم زەردەخەنەوە) قوتابییە ئازیزەکانم نامەوێت زۆر

لەکاتتان بگرم و پێم خۆشە ئەمڕۆژە خۆشە بە شایی و هەڵپەڕکێ و موزیك و شیعر و گۆرانی ببینە سەر نەوەك بە قسە، بۆیە تەنیا پێتان دەڵێم، هەموو منداڵێك لە دنیا دوو دایکی هەیە یەکەم ئەو دایکەی کە بە منداڵی شیری پێداوە و گەورەی کردووە و نازی پێداوە.

دایکی دووەمیش نیشتمانە ئەو خاکەیە کە لەسەری ژیاوە و گەورەبووە دایکی دووەمی ئێمە کوردستانە، ئاڵاکەشمان وەك کوردستان جوان و ڕەنگینە، هیوادارم ڕۆژێکی خۆش بێت و ئەم ڕۆژەشتان پیرۆز بێت.

دوای قسەی مامۆستا خانی دەنگی موزیك و گۆرانی دێت و منداڵەکان دەست یەك دەگرن و سەرچۆپییەکە کە کوردستانی قوتابییە ئاڵاکەی بە دەستەوەیە و سەرچۆپی دەگرێت و دەیکەن بە شایی و هەڵپەڕکێییەکی گەرم و گوڕ و بەم جۆرە تا کۆتایی شانۆ هەر شایی و هەڵپەڕکێ دەڕوات.

# بەرهەمەکانی نووسەر




## ٤٤٤ شەو

تەنیا کتێبێکی ئاسایی شیعر نییە، چونکە ئەوەی لە پشت ووشەکانەوەیە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئازارێکە بە قوڵایی خەیاڵی نووسەر. ژانێکە بە درێژایی بیرکردنەوەی نووسەر لە عەشق و تەنیایی.

ئەم کتێبە لە (هەزار و یەک) چوارینە شیعر پێکدێت، لە توێی (بیست و چوار) شەو، کە نووسەر لە هەر شەوێکدا، ئازارێکی خۆی تیا نووسیوەتەوە.




## عەشق واتە ١+١=١

ڕێگەیەک بۆ خۆشەویستی و هانایەکیشە بۆ لێک دابڕان، لەڕووی داڕشتنەوە زمانێکی قوڵی هەیە، بەڵام لە ڕووی بابەتییەوە سادەیە، وەک خودی عەشق بەرهەمی ئەزموونە، نەک بەرهەمی گفتوگۆ و خەیاڵی نووسەر. کتێبی هەموو تەمەنێکە، هەر کەس بەشی خۆی لەم کتێبە بەرکەوتووە و هەر کەس دەتوانێت لە گۆشەیێکی ئەم کتێبە خۆی بدۆزێتەوە.




## وەزیری تەنیایی

خۆ نووسینەوەییەکی سادەیە لە هەناوی شیعرەوە، وشەکانی هەڵێنجراوی دڵی ئەو عاشقەیە، کە ئەو بەیانییەی ڕۆیشت لەنێو گیرفانی چاکەتەکەی کاغەزێکی جێهێشت لەسەری نووسرابوو، لەهەر شوێنێک ناوی من هات فاتیحایەک بخوێنە.

وەک ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت وەزیری تەنیایی شێوازێکی تازەی نووسینە لە شیعری کوردی.




## زمانی دایک

لە حەفت شانۆگەری منداڵانە پێکدێت، کە سەرجەمیان بە زمانێکی سادەی ورد و واتادار لەسەر زمانی منداڵان نووسراوەتەوە، بۆ بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆستی و ئاژەڵ دۆستی. سەرجەم شانۆگەرییەکان زیاتر لە جارێک پێشکەش کراون لەسەر جەم شار و شارۆچکەکان.

## کیژێک لە ڕەنگی ئاسمان

**لەو کاتەی بەهۆی ئاڵای شـــۆڕشـــگێڕەکانەوە دەوڵەت ڕەنگ لەســـەر دانیشـــتوانی کۆنترین شاری دونیا قەدەغە دەکات شاعیرێک لە دایک دەبێت شـــیعرەکانی جادووگەر دەبن، بەهۆی شـــیعرەکانی ئەم شـــاعیرەوە هەموو شـــتێک لە شارەکە دەگۆڕێت و خۆ شی بەهۆیەوە ئاوارەی شـــار و وڵاتـانـی دونـیـا دەبـێـت و لـە خۆشەویستەکەی و شارەکەی دووردەکەوێتەوە.**




## ڕەنگی هەنار

نووســـینەوەی ئەو وشـــانەیە کە بەهەموو کەس ناگوترێت، گوتنی ئەو قســـانەشـــە کە بەهەموو کەس نانووسرێتەوە، ڕەنگی هەنار نووســـینەوەی ڕەنگی سووری هەناری دڵە، ئەو دڵەی هەمیشە بۆتە گۆڕســـتانی قســـە نەگوتراوەکان، ئەوەی لەم کتێبە دەیخوێنیتەوە ئەو قســـانەن کە چەندین ساڵە لە گۆشەیەکی دڵت هەڵتگرتووە و ترساویت یان شەرمت کردووە بیاندرکێنیت.

